بەهادینی هونەرمەند کە ساڵگارێکی درێژە لە شاری مانهایمی وڵاتی ئەڵمانیا دەژی و خاوەنی گەلەری ئاڤێستایە، یەکێکە لەو هونەرمەندە تایبەت و ناوازانەی کورد کە خاوەن چالاکی و کاراییەکی زۆری کارکردن و بەخششی هونەریانەیە. ئەو لەدوا وەرگرتنی خەڵاتی (ڕەنگ و ووشە) ساڵی (2013) لە زانکۆی شاری ئەلمینیای وڵاتی میسر لەسەر کارە هونەریە ستونیە گەورەکانی، کە یەکێک لەو کارانە ئێستا لەمۆزەی ئەو شارەدا کڕراوە و دانراوە. ساڵی پار(2014) ڕێزەیەک نمایشی تایبەتی بۆ ئەم کارە هونەریانەی، لەسەر خواست و بانگهێشتی کۆمەڵێ گەلەری و دامەزراوەی هونەریی لەچەند وڵاتێکی جیاجیا ئەنجامدا. دوا ڕێزەی ئەم نمایشانە، بە بەشداریکردن لە یەکەمین بیەنالەی مالیزیا کۆتایی هات کە بەڕێکخستنی کۆمەڵەی هونەری مالیزیی و لەژێر دروشمی (ڕاگواستن ـ Migration) ، لە ڕێکەوتی (12 بۆ 2014/10/21) لەشاری کوالالمبور بەڕێوەچوو. بەهادین لەو نمایشەدا چەند کارێکی بۆ کارەساتی کۆبانێ ئەنجامداوە و بەرجەستەکردوە، بە ناونیشانی (بۆ هەناسەی گەرمی دایکان، و شانازی باوکان لە کۆبانی).
لە لفلێتی بیەنالەکەدا دەربارەی هونەرمەند وەها نوسراوە:
"بەهادین کە لەساڵی1995 وە لە شاری مانهایم کاردەکات و دەژی، لە بواری فەلسەفە و مێژوی هونەر لە زانکۆی هایدلبێرگ خوێندویەتی. ئەو لە زۆرێک لە وڵاتانی جیهان نمایشی هونەری کردوە، لە دوا نمایشە هونەریەکانیدا، کە ئاراستەکردنەوەیەکی بەردەوامی کارە هونەریە خاوەن پانتاییە ستونیە گەورەکانیەتی، و زادەدەی سەرو وەختێکی کارای کارکردنی هونەرییانەی ئەون، ئەم کارانە ئاوردانەوەیەکی گوزارشتگەرای وەهان، کە خۆ لە قوڵ ڕۆچونێکی واتایی دەپارێزن، پرۆسێسی ئەم نیگارکێشانە بابەتێکی دیاریکراوە،

که خودی کەسایەتی و میزاجی هونەرمەندن، نائومێدی و گەشبینی لەم کارانەدا بە ڕاستەوخۆییەکی مۆتیف ئاسا و بەبێ هیچ گۆڕانکاری و پەرتبونێک خۆ ئاراستەدەکەن.
کارەکانی بەهادین لەوەدا لەیەکتر نزیکن، کە هەڵگری واڕسکەبونێکی پێکهاتەین بە هاوشانیی چەند فۆرمێک، ئەم فۆرمانە دەرئەنجامی داکەوتەیەکی شێوەکاریانە نین هێندەی دەرهاویشتەی خودی ژیانن، و پێویستیان بە بونیادێکی کۆمەڵایەتیە تا گەشەیەکی کامڵیان پێ ببەخشێت، ئەم کارانە هاوارێکن لەپێناو مرۆڤایەتیدا، بەتایبەت لەم کاتەدا کە هەرچی زیاتر بەرەو نامرۆڤایەتی بونێکی وەها چوە، کە تەنها بە ژیاندنەوەیەکی ئاکاریی و لێبوردەیی، مرۆڤ دەتوانێت شکۆی خۆی تیا بدۆزێتەوە".
دوابەدوای فرەیی ئەم چالاکی و بەخششە هونەرییانەی هونەرمەند، وێڕای ئەوەی خاوەنی گەلەریە تایبەتەکەی خۆیەتی (گەلەری ئاڤێستا)، کە خەڵاتێکی هونەریی بۆ داناوە و هەر سێ ساڵ جارێک بە هونەرمەندێکی کورد دەبەخشرێت لە بواری شێوەکاریدا. هاوکات بەڕێوەبەری لایەنی کلتوریی بانکی(Bank Commerz) یە لەشاری مانهایم، (کە ئەم بانکە خاوەنی پێگە و ناوبانگی تایبەتی خۆیەتی و لقی لەهەموو شارەکانی ئەڵمانیادا هەیە.(
بەرەنجامی کارایی کارکردنی هونەرییانەی هونەرمەند، و فرەیی لە بەخشش و ئاستی کارکردنە هونەریەکانیدا، بە ڕێکەوتی ڕۆژی پێنجی کانونی یەکەمی ساڵی 2014، نامەی بانگێشتی بۆ بەشداریکردن لە خولی دەیەمی بیەنالەی فلۆرەنسادا بۆ هاتوە، بە ناوی خۆی گەلەرییەکەیەوە، (بەهادین ئاڤێستا(Bahaiden Avesta -، کە لەلایەن لیژنەیەکی پسپۆڕی هونەریی نێودەوڵەتییەوە، هەڵبژاردن بۆ کەسایەتی هونەریی هونەرمەندانی بەشداربو لە هەموو لایەکی جیهانەوە کراوە. بەڕێکەوتیش بیەنالەی ئەمساڵی فلۆرەنسا، کە لەنێوان (17 تا 2015/10/25) بەڕێوە دەچێت، هاوکاتی یادی سەدوپەنجا ساڵ لە پایتەختبونی فلۆرەنسایە بۆ وڵاتی ئیتالیا، و هەرچۆن هاوکاتیشە لەتەک پیشانگەی گەورەی نێودەوڵەتی (EXPO) کە پیشانگەیەکە لەسەدەی نۆزدەوە بە بەردەوامی، هەر پێنج ساڵ جارێک لە وڵاتێک دەکرێتەوە و ئەمساڵ لە شاری میلانۆی ئیتالیا دەبێت. لە بیەنالەکەدا خەڵاتی (Lorenzo il Magnifico) دەدرێت کە بەناوی کەسایەتی بەناوبانگی ڕێنیسانسی ئیتالی (لۆرینزۆ میدیتچی)یەوە یە.
دواجار ماوەتەوە بڵێین جێی شانازیە کە هونەرمەند بەهادین وەک هونەرمەندێکی کوردی باشوری کوردستان، هەڵبژێرراوە بۆ بەشداریکردنێکی هونەریی لەسەر ئاستێکی وەها باڵا، بەهیوای بەدیهێنانی بەرەنجامی هونەریی زیاتر، دەستخۆشی و پیرۆزبایی بۆ بەهادینی هونەرمەند.
.
.
سەرچاوە: وەهبی رەسوڵ

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | شێوەکار |
| ڕەگەزی کەس: | ♂پیاوان |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باشوور - سۆرانی |
| شارەکان: | سلێمانی |
| نەتەوە: | کورد |

وڵات:                 باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 33

## بەیاننامەی کۆبوونەوەی ئەنجومەنی ناوەندی یەکێتی - 26-10-2014

http://www.kurdipedia.org/?q=2014102620561377828

دەستخۆشی لە سەرجەم هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە گشت بەرەکانی جەنگو هێزەکانی دژە تێرۆرو تێکڕای شەڕڤانانی کوبانیو گەلی کوردستان دەکات کە لەجیاتی جیهانی ئازاد، جیهانی مافەکانی مرۆڤو پاراستنی کەرامەتی ئینسانییەوە لە دژی چەتە تێرۆریستەکانی داعش وەستاوەنەتەوەو مێژوویێکی پرشنگدار بۆ مرۆڤایەتیو رەوتی رێزگرتنی بەرامبەرو میانڕۆیی تۆمار دەکەن، لەمڕووەشەوە رایدەگەیەنێ کە یەکێتی بە ئەرکی نیشتمانیو نەتەوەیی خۆی دەزانێ وەک چۆن هاوکاری سەربازی گەیاندە کوبانێ، لە هەموو کەناڵەکانو لە هەر دەرفەتێکی فەراهەمکراو هاوکاری مرۆییو پزیشکیو خۆراکیو تەنانەت کەرستەی سەربازیش بگەیەنێتە ئەو بەرانەی کە لە دژی داعشە دەستپڕەشە تێرۆرستەکان وەستاونەتەوە.

–ئەنجومەنی ناوەندی لە رێی سەرچاوەکانی تایبەت بە خۆیەوە ماوەیەکی زۆرە ئاگاداری ئەو دوو هەلیکۆپتەرەیە کە لە لایەن عیراقەوە تەرخانکراون بۆ گواستنەوەی کەلوپەلو کەرەستەو پێداویستییەکانی سەربازی بۆ چیای شەنگال، بەڵام لە گەڵ ناردنو گەیشتنی ئەو هاوکاریو پێداویستیانە راستەوخۆ لە لایەن پارتی دیموکراتی کوردستانەوە دەستیان بەسەردا دەگیرێو بە ناوی حزبیو بەپێی فۆرمێکی دیاریکراوەوە دابەشی لایەنگرانی حزبی دەکرێن، ئەوە لە کاتێکدایە کە ئەو هاوکارییانە لە بنەڕەتەوە بەناوی جەماوەرگەلی ئاوارەو پێشمەرگە گیان لەسەر دەستەکانی ئەوێ بەڕێ دەکرێن بێ ئەوەی رەچاوی لایەنگیربوونی سیاسی یاخود حزبی بکرێ، بۆیە ئەنجومەنی ناوەندی بە نیگەرانییەوە لەو هەڵوێستە مەیدانییە سیاسییە-حزبییە دەڕوانێ.

–ئەنجومەنی ناوەندی داوا دەکات هەموو رێگاکان بکرێنەوەو دەرفەتەکانیش فەراهەم ومەیسەر بکرێن بۆ ئەوەی بتواندرێ ئازوقەو چەک بۆ شەنگالییەکان بنێردرێ.

–ئەنجومەنی ناوەندی رێککەوتنی لایەنە سیاسییەکان لە هەر پارچەیەکی کوردستانو کۆدەنگی نیشتمانیو نەتەوەییو یەکخستنی گوتاری سیاسی بە پێداویستی بە پەلەو هەنوکەیی گرنگ دەزانێو پێیوایە کە رێککەوتنی سیاسی نێوان لایەنەکان پێویستە بە رەچاوکردنی هاوبەشبوونی راستەقینە بێتو دوور بێت لە هەر هەوڵێکی پاوانکاری سیاسی، هەر بەم دیدگایەشەوە دەڕوانێتە رێککەوتننامەی ستراتیژیو ئەگەرەکانی هەموارکردنەوە، هەروەک گەیشتن بە رێککەوتنێکی سیاسی هەمەلایەنە لەژێر بنمێچی پەرلەمانی کوردستان بۆ قۆناغی ئێستای کوردستان بە گرنگو ئەرێنی دەزانێ، هەروەک رایدەگەیەنێ کە هەر رێککەوتنێکی نێوان یەکێتیو هەر لایەنێکی دیکەی سیاسی دەبێ دواجار بەپێی ماددەی (39) برگەی (7)ی پەیرەوی ناوخۆی یەکێتی، لەناو ئەنجومەنی ناوەندییەوە پەسند بکرێ.

–ئەنجومەنی ناوەندی پێیوایە نەبوونی هەماهەنگی سیاسیو کارگێری پێویست لەسەر ئاستی ئەنجومەنی ئاساییشی نەتەوەییو نەبوونی ستراتیژێکی هاوبەشو زاڵکردنی ئەجێندای لایەنێکی سیاسی بەسەر رەوتو کارەکانی ئەنجومەنەکە، زیانێکی گەورە بە یەکڕیزی نیشتمانی دەگەیەنێو کەلێنێکی ئاسان دەداتە دەست دوژمنانی کوردستان، بۆیە پێویستە هەرچی زووە پێداچوونەوەی ورد

به کارەکان بکرێو لەسەر ئاستی نیشتمانیو نەتەوەییەوە ئاراستەی هەڵوێستەکان بکرێت.

–ئەنجومەنی ناوەندی بە مافی خۆی دەزانێ لەمەودوا، بە وردی هەڵسەنگاندن لەسەر هەڵوێستەکانی مەکتەبی سیاسیو ئەنجومەنی سەرکردایەتی (ی.ن.ک) بکاتو لە کاتی پێویستو بەپێی ئەو دەسەڵاتانەی لە پەیڕەو پێی دراوە لێپێچینەوەی خۆی بکات، داواش دەکات هەرچی زووە ئامادەکاری بۆ بەستنی کۆنگرە بکرێو لیژنەکانیش دوایین راپۆرتی خۆیان بدەنە لیژنەی ئامادەکاری کۆنگرە بۆ ئەوەی رێکارو میکانیزمەکانی بەستنی کۆنگرە بگیرێنە بەر.

لە کۆتاییدا ئەنجومەنی ناوەندی (ی.ن.ک) وێڕای سەردانواندن بۆ گیانی پاکی شەهیدانی کوردستان، سڵاوی بەرخودانو خەباتی نیشتمانی بۆ سەرجەم پێشمەرگەو شەڕڤانانو ئازادیخوازان دەنێرێو داوای چاکبوونەوەی بریندارەکانیش دەکات.

ئەنجومەنی ناوەندی
یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان 2014/10/25

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 34

## پاڵە ئامەد

http://www.kurdipedia.org/?q=20141012215434116981

رۆژی 10 ی تشرینی یەکەمی 2014 لە کۆبانێ شەهید بوو.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | یەکینەکانی پاراستنی گەلYPG - |
| رەگەزی کەس: | ♂پیاوان |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باکوور - بادینی |
| نەتەوە: | کورد |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 35

## پژاک: شەهید رەنگین درێژەپێدەری رێگای سەدان ژنە تێکۆشەر بوو

http://www.kurdipedia.org/?q=20141012104856777751

بۆ بنەماڵەی شەهید ڕەنگین.
بۆ فەوجی دووی هێزی ژنان و هەموو هاوسەنگەرانی شەهید ڕەنگین.
بۆ هەموو ژنانی کورد.
سڵاو لە ڕۆحی هەموو ئەو ژنانەی کە لە سەنگەرەکاندا بەرگری لە خاک، وڵات،کەرامەتی ژنان و گەلی کورد دەکەن.
تێکۆشانی ژنانی کورد لە هەموو جیهان سەری کوردی بڵند کردووە و جیهانی پیاوسالاری هەژاندووە.
وێنێ شەهید دەنیز، ئارین، گوڵان باتمان و دەیان و سەدان ژنە تێکۆشەر لە سەنگەرەکاندا لە بەرامبەر چەتەکانی داعش بوونە قەڵغان و گیانی خۆیان کردە کڵپەی ئاگرو بۆ تیرۆری جیهانی کردیان بە دۆزەخ.
ئەمڕۆ شەهید ڕەنگین ڕێگای ئەوانی بەردەوام کرد. ئەو تێکۆشانەی ژنان ئەمڕۆ کە شاری کۆبانێ کردۆتە قەڵای تێکۆشان و بەرخۆدان بوونەتە هیوای هەموو گەلی کورد و لە جیهاندا گەیشتۆتە لوتکە.
بە بۆنەی شەهید بوونی ژنە تێکۆشەر نەقیب ڕەنگین یوسف لە فەوجی دووی هێزی ژنان، پرسە و سەرەخۆشی خۆمان ئاراستەی بنەماڵە و کەسوکار و هەموو ژنانی کوردستان و گەلی کورد دەکەین.
هیوادارین ئەمە دوا خەمی بنەماڵەکەیان بێت و دەڵێین شەهید ڕەنگین تەنیا شەهیدی بنەماڵەکەی و باشووری کوردستان نییە بەڵکو شەهید، شەهیدی هەرچوار پارچەی کوردستانە و کوردستان بە شەهیدانی سەربڵندا لە لە پێناو ئازادی ئەودا گیانی خۆیان بەخت دەکەن.
لە کۆتاییدا دەڵێین بۆ ئەوەی چەکی دەنیز، ئارین، گوڵان، ڕەنگینەکان لە زەوی نەمێنێتەوە، پێویستە ژنان لە باشووری کوردستانیشدا بەرۆحی فیداییانە بەشداری لە ریزەکانی پێشمەرگە و یەکینەکانی پاراستنی ژن بکەن و ببنە خاوەن هێزی خۆیان و لەم پێناوەدا برەو بە تێکۆشان و ڕێکخستن بوونی خۆیان بدەن، بۆ ئەوەی ببینە وەڵام بۆ خوێنی شەهیدان و درێژە پێدەری ڕێگای تێکۆشانیان.
سەربەرزیو نەمری بۆ شەهیدان
ڕووڕەشی بۆ دوژمنانی گەلی کورد و چەتەکانی داعش.
ڕێکخراوی ژنانی ئازادی کوردستان
12ـ 10 ـ 1014

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی ژیانی ئازاد - پژاک

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 36

## پێشمەرگەیەک بە ئاڵای کوردستان و ئاڕمی یەپەگەوە لە کۆبانێ

http://www.kurdipedia.org/?q=2014111709414077970



...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

شارەکان: کۆبانی

وڵات: ڕۆژئاوای کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 37

## پێویستە پارتی دیمۆکراتی کوردستانی عێراق دەست لە هەڵکەندنی خەندەقی دوژمنایەتی بەربدات

http://www.kurdipedia.org/?q=20140409190935690940

لە ماوەی دوایی دا ئاستی هێرش و گوشارەکان بۆ سەر ڕۆژئاوای کوردستان، رووی لە زیاد بوون ناوە و لە لایەن نەیاران و دوژمنانی گەلەکەمان ویستی لەناو بردنی دەسکەوتی ڕۆژئاوا هەیە. هەروەک دەزانرێت، ڕژێمی داگیرکەری تورکیا لە ڕۆژانی دواپی دا بە کۆبوونەوەیەکی نەهێنی کە وتەکان و پیلانەکانیان لە راگەیاندنەکاندا ئاشکرابوو، لە هەوڵی گەلەکۆمە و پیلانگێری لە دژی گەلەکەمان لە ڕۆژئاوای کوردستانە و لەم کۆبوونەوەدا زۆر بە ئاشکرا، چۆنیەتی بەرێوە چوونی ئەم گەلەکۆمەیان باس کردووە. هاوتەریبی ئەم کۆبوونەوەیە، چەتەکانی سەر بە داعیش بە مەبەستی داگیرکاری، دەستیان بە هێرشێکی بەرفراوان بۆ سەر هەرێمی کۆبانی کرد. دوابەدوای ئەم هێرشانە و لە چوارچێوەی هەمان پیلاندا پارتی دیمۆکراتی کوردستانی عێراق بە سەرۆکایەتی بارزانی، فەرمانی هەڵکەندنی خەندەقی دوژمنایەتیان لە سنوورەکانی ڕۆژئاوا داوە و هەنووکە ئەم پیلانە پراکتیزە دەکرێت.

روون و ئاشکرایە کە ئەم هێرش و پیلانگێریانە بۆسەر ڕۆژئاوای کوردستان بە هیچ شێوازێک پەسەند ناکرێت. بەتایبەت کردەوەکانی پارتی دیمۆکراتی کوردستانی عێراق لە بەرامبەر گەلەکەمان لە ڕۆژئاوای کوردستان، مژارێکە کە پێویستی بە هەڵویستی جیدی هەیە. هەڵکەندنی خەندەق کە دوژمنایەتیەکی ئاشکرا لە بەرامبەر گەلی کوردە لە سنوورەکانی نێوان ڕۆژئاوا و باشوور، کردەوەیەکە کە بە هەمان شێواز لە قۆناخی رابردوو لە لایەن دەوڵەتی تورکیا لە سنووری نێوان باکوور و ڕۆژئاوای کوردستان بەرێوە چوو. ئەم رەوشە لە حالێکدایە کە هەر لەسەرتای شۆرشی ڕۆژئاوای کوردستانەوە هەتا ئێستا، پارتی دیمۆکراتی کوردستانی عێراق، هاوتەریب و هاوئاهەنگ لە گەڵ سیاسەتەکانی دەوڵەتی تورکیا و چەتەکانی داعیش و جەبهەتولنەسرە هەڵسووکەوتی کردووە.
لەو باوەرەداین کە ئەو سیاسەتەی کە بە ناوی حکوومەتی هەرێمی کوردستانەوە دەکرێت، تەنیا سیاسەتی پارتی دیمۆکراتە و پێویستە ئەم پارتە بە زووترین کات دەست لەم کردەوانەوانەوە و بەتایبەت هەڵکەندنی خەندەقی دوژمنایەی بەربدات.
وەک پارتی ژیانی ئازادی کوردستان، پەژاک بانگ لەسەرجەم گەلەکەمان لە هەموو بەشەکانی کوردستان، سەرجەم لایەنە کوردستانیەکان و بەتایبەت گەل و لایەنە سیاسییەکان لە باشووری کوردستان دەکەین کە لە بەرامبەر ئەم پیلانگێریە هەستیارانە هەڵسووکەوت بکەن و خاوەن هەڵوێست بن.

کۆردیناسیۆنی پارتی ژیانی ئازادی کوردستانPJAK —
08.04.2014

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان

پارت / لایەن: پارتی ژیانی ئازاد - پژاک

وڵات: باشووری کوردستان

وڵات: ڕۆژئاوای کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 38

## پەرلەمانی کوردستان رایدەگەیەنێت: بە توندی پرسی بەکانتۆن بوونی شەنگال و ئەم جۆرە بیریکردنەوانە رەتدەکەنەوەو بە هەڕەشەی دەزانن بۆ یەکپارچەیی خاکی هەرێمی کوردستان

http://www.kurdipedia.org/?q=2015011800515584637

چەند رۆژێکە لە کەناڵەکانی راگەیاندنەوە باس لەوە دەکرێت کە لایەنێکی سیاسی کوردستانی داوای ئەوە دەکات، شنگال بکرێتە کانتۆنیکی سەربەخۆ، ئێمە لە سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان بە توندی ئەم جۆرە بیریکردنەوەیە رەت دەکەینەوەو بە هەڕەشەی دەزانین بۆ یەکپارچەیی خاکی هەرێمی کوردستان، پێمان وایە ئەم جۆرە هەنگاوانە کوردستان دەگەڕێنێتەوە بۆ سەردەمی شەڕی ناوخۆ، کە بەسەر چەند ئیدارە و کانتۆنێکدا دابەش ببوو، لە هەمانکاتیشدا ئەم هەنگاوە پێچەوانەی دەستوور و یاسا ئیدارییەکانی هەرێمی کوردستانە.
قسە کردن لە سەر بە کانتۆنکردنی شاری برینداری شنگال کە هێشتا بەشێکی گرنگی لە ژێر دەستی تیرۆریستانی داعشدایە، پێچەوانەی ئەو یەکدەنگییەیە کە لە نێوان لایەنە سیاسیەکانی هەرچوارپارچەی کوردستان دروست بوەوە و هەروەها دژی یەک سەنگەری نێوان هێزی پێشمەرگە و شەرڤانانە، کە لە چەند مانگی رابردوودا لە کۆبانیەوە تا جەلەولا دروست بوەوە، هەنگاوێکە بۆ لێکترازان و چاندنی تۆی دووبەرەکی لە نێوان پێکهاتەکانی گەلەکەماندا، بیرکردنەوە لە درووستکردنی کانتۆن لە کاتێکدا بەداخەوە تا ئێستاش سیمای دوو ئیدارەیی لە هەرێمی کوردستان دەبینرێت و بە هەمو لایەکمانەوە کار بۆ ئەوە دەکەین ئاسەوارەکانی دوو ئیدارەیی نەیەڵین و هێزی پێشمەرگەی کوردستان یەک بخەین و بیکەینە هێزێکی نیزامی، نەک بیر لە درووستکردنی کانتۆنێکی تر بکرێتەوە.
پێویستە سەرجەم هێزە سیاسییەکانی کوردستان، بەرپرسانە مامەڵە لەگەڵ ئەم دۆخەدا بکەن و ناکۆکییەکان قوڵتر نەکەنەوەو درێژە بە گیانی پێکەوە جەنگان دژ بە تیرۆرستان بدەن و هەنگاوەکانیش دەستپێبکەنەوە بۆ بەستنی کۆنگرەی نەتەوەیی و یەکخستنی گوتاری هاوبەشی نەتەوەیی.
سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان
17/1/2015

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 39

## پەڵدا ساغلام ناسراو بە (ئاڕینی دێرسیم(

http://www.kurdipedia.org/?q=20141003102318116485



ساڵی 1991 لە ئامەد لە دایک بووە. ساڵی 2010 لە ئامەدەوە بەشداری کردوە. ڕۆژی 28-09-2014 لە کوبانێ شەهید بوو.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: یەکینەکانی پاراستنی گەلYPG -

ڕەگەزی کەس: ♀خانمان

زمان - شێوەزار: کرمانجیی باکوور - بادینی

شارەکان: ئامەد

نەتەوە: کورد

وڵات: باکووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 40

## تانژۆ ئەسین ناسراو بە زیندان سەربەست

http://www.kurdipedia.org/?q=20141020210644117024

لە شاری موشی باکووری کوردستان لەدایکبووە، لە ڕۆژی 15ی تشرینی یەکەم لەکۆبانێ شەهیدبووە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: یەکینەکانی پاراستنی گەلYPG -

زمان - شێوەزار: کرمانجیی باکوور - بادینی

نەتەوە: کورد

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 41

## جەوهەر سلێمان ناسراو بە (فەرهاد کوبانی(

http://www.kurdipedia.org/?q=20140926094119116418


لە شاری کوبانی لە دایک بووە. ساڵی 2011 بەشدار بووە. ڕۆژی 23-09-2014 لە گوندی دێهام شەهید بوو.

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 42

## چانتایەکی گەریلای یەکینەکەنای پاراستنی ژنان لە کوبانی

http://www.kurdipedia.org/?q=20141115112355118132



چانتایەکی گەریلای یەکینەکەنای پاراستنی ژنان لە کوبانی

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | یەکینەکانی پاراستنی گەلYPG - |
| وڵات: | رۆژئاوای کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

بابەتی ژمارە: 43

## چەند منداڵێکی ئاوارەی کۆبانی

http://www.kurdipedia.org/?q=20141007215001777 11



...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| شارەکان: | کۆبانی |
| وڵات: | رۆژئاوای کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

بابەتی ژمارە: 44

## حافیز کەچاک ناسراو بە کەمال ئورمیە

http://www.kurdipedia.org/?q=20141020210650117030

لەشاری ئورمیەیی رۆژهەڵاتی کوردستان لەدایک بووە، لە رۆژی 9ی تشرینی یەکەم لەکۆبانێ شەهیدبوو.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | یەکینەکانی پاراستنی گەلYPG - |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باکوور - بادینی |
| نەتەوە: | کورد |


کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 45

## حەسەن شێخۆ ناسراو بە (ئاواز عەفرین(

http://www.kurdipedia.org/?q=20141004120911116554




لە کوبانێ لە دایک بووە، ساڵی 2013 بەشداری کردوە، رۆژی 22-09-2014 لە دۆنخیز شەهید بوو.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | یەکینەکانی پاراستنی گەلYPG - |
| رەگەزی کەس: | ♂پیاوان |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باکوور - بادینی |
| شارەکان: | کۆبانی |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | رۆژئاوای کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 46

## حەلیم بۆزان موستەفا ناسراو بە باران مەزلوم

http://www.kurdipedia.org/?q=20140929161927116439

لە دایکبووی کۆبانی سالی ٢٠١٢ لە پێشەباب گیانی لەدەست دا.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 47

## خالید بەرکەل

http://www.kurdipedia.org/?q=20141009152750777739

جێگری سەرۆکی دەستەی جێبەجێکاری کانتۆنی کۆبانێ



تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | چالاکی سیاسی |
| ڕەگەزی کەس: | ♂پیاوان |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باکوور - بادینی |
| شارەکان: | کۆبانی |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 48

## خەلیل محەمەد

http://www.kurdipedia.org/?q=20141003171756116512

لە گوندی هلنجێ کوبانێ لە دایک بووە. رۆژی 28-09-2014 لە ئەنجامی تۆپبارانی چەتەکانی داعش شەهید بوو. ئەندامی تەڤگەری جڤاکی دیموکراتی (TEV-DEM)ە.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 49

## داهاتی ساڵانەی رۆژئاوای کوردستان 10 ملیار و 800 ملیۆن دۆلارە

http://www.kurdipedia.org/?q=20140721114050770054

کوردستانی رۆژئاوا، یاخود کوردستانی سوریا دەتوانێت لە رۆژێکدا 250 هەزار بەرمیل نەوت بەرهەمبهێنێت، جگە لەهەبوونی پرێکی ئێجگار زۆر لەگازی سروشتی لەم ناوچەیە کە تائێستا بە ژمارە نەخەمڵێنراوە، بەمەش داهاتی کوردستانی رۆژئاوا لە نیوەی بودجەی داهاتی نەوت و کشتوکاڵی سوریا زیاترە.

پێش دەستپێکردنی شۆرشی سوریا، رۆژانە حکومەتی دیمەشق 380 هەزار بەرمیل نەوتی هەناردەی دەرەوە دەکرد، بەمەش دەردەکەوێت کوردستانی رۆژئاوا زیاتر لە نیوەی داهاتی نەوتی سوریا بەرهەمدێنێت.

لەرووی کشتوکاڵیشەوە کوردستانی سوریا رووبەرێکی زۆر لەناوچەی کشتوکاڵی و زەوی بەپیتی هەیە بەبەراورد بەناوچەکانی دیکەی سوریا، ناوچە کشتوکاڵیەکانی کوردستانی سوریا دەگاتە 18 هەزار کیلۆمەتر چوارگۆشە، کە بەرهەمهێنانی گەنم تێیاندا دەگاتە 1 ملیۆن و 400 هەزار تەن گەنم، ئەم رێژەیەش سەدا 37 بەرهەمی گەنمی سوریا پێکدێنێت.

بەرهەمی پەموو (لۆکە) لە کوردستانی رۆژئاوا دەگاتە 273 هەزار تەن، ئە و رێژەیەش سەدا 39 بەرهەمی پەمووی هەموو سوریا پێکدێنێت، هەروەک ناوچە کوردستانیەکان زیاتر لە 15 ملیۆن داری زەیتونی تێدایە کە سەدا 23 کۆی داری زەیتونی سوریا پێکدێنێت.

کۆی گشتی بەروبوومی کشتوکاڵی کوردستانی رۆژئاوا دەگاتە سەدا 45 سەرجەم بەرهەمی کشتوکاڵی خاکی سوریا .

کشتوکاڵی کوردستانی رۆژئاوا پشت بە سامانێکی یەکجار گەورەی ئاو دەبەستێت لەناوچەکەدا لەڕێی 10 بەنداوەوە کە سەرجەمیان توانای گلدانەوەی 300 ملیۆن مەتر چوارگۆشە ئاویان هەیە و لەڕێی ئە و بەنداوانەوە ناوچە کشتوکاڵیەکان ئاو دەدرێن، جگە لەبوونی هەشت روباری گەورە لە و ناوچەیە، کە سەدا 55 داهاتی ئاوی سەرجەم خاکی سوریا پێکدێنێت.

بەپێی راپۆرتی کەناڵی BBC و کەناڵی عەرەبیە، داهاتی نەوتی هەرێمی کوردستانی رۆژئاوا بەپێی نرخی بازاڕە جیهانییەکان بە 9 ملیار و 500 ملیۆن دۆلار مەزەندە دەکرێت، هەروەک بەرهەمی زەیتونیش بە 750 ملیۆن دۆلار و گەنم بە 372 ملیۆن دۆلار و بەرهەمی لۆکە بە 230 ملیۆن دۆلار مەزەندە دەکرێن.

کۆی سەرجەم داهاتی کوردستانی سوریا بە 10 ملیار و 800 ملیۆن دۆلار مەزەندە دەکرێت کەدەکاتە نیوەی زیاتر لەبودجەی ساڵانەی سەرجەم دەوڵەتی سوریا.

رۆژئاوای کوردستان بە عیراق و تورکیاوە هاوسنوورە و گرنگترین شارەکانی بریتین لە قامیشلۆ، حەسەکە، دێریک، عامودا، سەرێکانی، کوبانی، عەفرین.

روبەری ئەم ناوچە کوردیە دەگاتە 24 هەزار کیلۆمەتر دوجا، کەدەکاتە نزیکەی روبەری هەموو لوبنان، نزیکەی 3 ملیۆن و 500 هەزار کەس تێیدا نیشتەجێن، کە زۆربەیان کوردن و کەمینەکانی دیکەی عەرەب و ئاشوری لە کوردستانی سوریا بوونیان هەیە.

لە 21 مانگی یەکی ئەمساڵ، هەرسێ کانتۆنی عەفرین و کوبانی و جزیرە، بەڕێوەبەرێتی خۆجێییان راگەیاند، لە ئێستاشدا هەندێک شوێن و ناوچەی کوردستانی سوریا شەڕی هێرش و پەلاماری چەکدارەکانی داعش دەکەن، بەتایبەتی ئە و ناوچانەی کە نەوتیان تێدایە و داعش دەیەوێت دەستیان بەسەردا بگرێت، کوردیش بەرگرییان لێ دەکات .

سەرچاوە : رۆژنامەی چاودێر

تایبەتمەندییەکانی بابەت

ولات: رۆژئاوای کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 50

## دڵاڤا عوسمان ناسراو بە (بێریتان تۆڵهڵدان(

http://www.kurdipedia.org/?q=20141003102318116490




لە گوندی تل حاجیب لە دایک بووە. ساڵی 2013 بەشدار بووە. ڕۆژی 22-09-2014 لە گوندی دۆنخزی کوبانی شەهید بوو.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | یەکینەکانی پاراستنی گەلYPG - |
| ڕەگەزی کەس: | ♀خانمان |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باکوور - بادینی |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | ڕۆژئاوای کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

بابەتی ژمارە: 51

## دیلان بنگۆل ناسراو بە بێریتان ژن

http://www.kurdipedia.org/?q=20141020210640117020

لەئەستەنبوڵ لەدایک بووە، لە ڕۆژی 15ی تشرینی یەکەم لەکۆبانێ شەهیدبوو.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | یەکینەکانی پاراستنی گەلYPG - |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باکوور - بادینی |
| نەتەوە: | کورد |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

بابەتی ژمارە: 52

## دەقی بەلاغی کۆتایی یەکەمین کۆنگرەی دامەزراندنی تەڤگەری ئازادی کۆمەڵگای کوردستان

http://www.kurdipedia.org/?q=20141022152221777792

ئێمە وەک کۆمەڵێک کەسێتی سیاسی، ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی، ڕێکخراوی کۆمەڵایەتی و پارتی سیاسی دوای ئەوەی لە ڕێکەوتی 11ی تشرینی یەکەمی 2014دا لە کۆنفرانسێکی ڕۆژنامەوانیدا و بەئامادەبوونی دەیان کەسێتی سیاسی و ڕۆشنبیری دەستپێشخەرییەکمان بەناوی "دەستپێشخەری تەڤگەری ئازادی" ڕاگەیاند، لەڕێکەوتی 17ی هەمان مانگیشدا بەئامادەبوونی 151 ئەندامی جڤاتی گشتی، وەک نوێنەری سەرجەم شار و شارۆچکەکانی باشووری کوردستان، لەژێر دروشمی" لەپێناو تاکێکی ئازاد و کۆمەڵگایەکی دیموکراتدا" یەکەمین کۆنگرەی دامەزراندنمان لە سلێمانی بەڕێوەبرد و لەکۆنگرەدا بەکۆی دەنگ بڕیاری دامەزراندنی "تەڤگەری ئازادی کۆمەڵگای کوردستان"مان دا. لە

کۆنگرەکەدا جڤاتی گشتی بەچڕوپڕی ڕەوشی جیهان و ڕۆژهەڵاتی ناوین بە گشتی و دۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و پەروەردەیی و ڕۆشنبیری و بەرگری و بوارەکانی دیکەی ژیانی کۆمەڵگای باشووری کوردستان و ئێراقی تاوتوێکرد و گەیشتە چەند ئەنجام و بڕیارێکی گرنگ. هەروەها دوای پەسندکردنی پەیماننامەی تەڤگەری ئازادی و پرۆژە بڕیارەکان، لەهەڵبژاردنێکی دیموکراتیانەدا هاوسەرۆکی تەڤگەری ئازادی هەر یەک لە بەڕێزان شیلان شاکر و محەمەد عەبدوڵلا و دەستەیەکی بەڕێوەبەرایەتی گشتی لە 15 ئەندامی کۆنگرە هەڵبژێردران .

لەدایکبوونی تەڤگەرەکەمان لەکاتێکدایە کە لەچوارچێوەی پیلانگێرییەکی دژە کورد و کوردستاندا گروپی چەتەکانی داعش بە پشتیوانی و هاوکارییەکی گەورەی دەوڵەتی داگیرکاری تورکیا و چەندین دەوڵەت و هێزی جیهانی و ناوچەیی دیکە پەلامارێکی داگیرکارانەی کوردستانیان دەستپێکردووە و بەهەموو دڕندەییەکەوە لەهەوڵی قڕکردنی گەلی کوردستان دان. گەلی کوردستانیش لەهەموو ئاستەکاندا، بەتایبەتی لە باشوور و ڕۆژئاوای کوردستاندا؛ پێشمەرگە و شەڕڤان و گەریلا دلێرەکانی کوردستان بەرگری و بەرخۆدانێکی مێژوویی و نەوازەیان نواندووە، بەتایبەتی لە کۆبانێدا گەل و شەڕڤانەکانی یەپەگە و یەپەژە بەرخۆدانێکیان نواندووە کە لەهەموو مێژووی مرۆڤایەتیدا نموونەیەکی نەوازەیە. بۆیە کۆبانێ ئیتر مێژوویێکی پرشنگداری تۆمار کرد و داهاتوویێکی شکۆداریشی بۆ گەلەکەمان مسۆگەر کرد. ئیدی بەرخۆدانی کۆبانێ بۆتە سیمبۆلی بەرخۆدانی گەلی کوردستان و تەواوی مرۆڤایەتی، سیمبۆلی بەرگریکردن لە کەرامەت و ژیانی ئازادانەی گەلی کوردستان. ئەمەش ئەرکی ئێمەی لەبەرامبەر بە ئەرکە نەتەوەیی و نیشتمانییەکانی تەڤگەرەکەمانی ڕوونتر و مەزنتر کردووە .

هەروەها دامەزراندنی تەڤگەرەکەمان "تەڤگەری ئازادی" لەکاتێکدایە کە سیستەمی باڵادەستی جیهانی لەنێو گێژاوێکی قووڵی بونیادی دایە و تەواوی کۆمەڵگاکانی مرۆڤایەتیشی پەلکێشی ئەو گێژاوە هەمەلایەنە کردووە، لەپێناو لەسەرپێ مانەوەی خۆیشیدا کەوتۆتە نێو ململانێ و جەنگێکی خوێناوی جیهانییەوە و ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوینیشی کردۆتە چەقی ئەو ململانێ و جەنگە. کوردستان و هەر چوار دەوڵەتی باڵادەستی سەر کوردستانیش وەک ناوەندی ئەم ناوچەیە بوونەتە گۆڕەپانی سەرەکی یەکلاییکردنەوەی ململانێ و جەنگەکان. بەمەش کاریگەری تەواوی ململانێ و جەنگە جیهانی و ناوچەیی و هەرێمییەکان ڕاستەوخۆ کاریگەری هەمەلایەنەی بەسەر کوردستان و ئەو دەوڵەتە قەوارەپارێزانەدا هەیە .

باشووری کوردستانیش وەک بەشێکی کوردستان و لەسنووری ئێراقدا گۆڕەپانێکی گرنگی ئەم دۆخە گێژاوییەیە و کاریگەری ڕاستەوخۆی جیهان و ناوچەکەی بەسەرەوەیە. تەنانەت هەم بۆتە گۆڕەپانێکی سەرەکی و هەمیش بۆتە بەشێک لە ململانێ و جەنگی نێوان جەمسەر و ڕەوتە ململانێکار و ناکۆکەکان. وێڕای 23 ساڵ ئەزموونی دەسەڵاتدارێتی لە هەرێمدا، کەچی لە ئاستی سیستەمی دەسەڵاتدارێتی و دۆخی کۆمەڵایەتیدا لەنێو گێژاوێکی قووڵ و بەرفراوان دایە و ئیتر سیستەمی دەسەڵاتدارێتی و کۆمەڵگا بۆتە سیستەمی قەیران و بەڕێوەبردنی قەیرانەکان. ئەمەش لەگەڵ خۆیدا زەمینەی گۆڕانکارییەکی بنچینەیی گەورەی لەهەناوی خۆیدا هەڵگرتووە.

ئێمە لە کۆنگرەکەماندا؛ گەیشتینە ئەو ڕاستییەی کە "هەرچەندە ناڕەزاییە جەماوەرییەکان لەبەرامبەر بەم دۆخەدا تادێت زیاتر و چڕتر دەبێتەوە، بەڵام دەسەڵات بەهۆی تایبەتمەندییە قۆرخکارییەکەیەوە هێشتا بێباکە لە وەڵامی ئەرێنیانەی ناڕەزاییە جەماوەرییەکان. بەمەش دەسەڵات لەبری بوون بە هێزی چارەسەرکردنی ئەو دۆخە گێژاوییەی کە خۆی و کۆمەڵگاشی تێخستووە، بۆتە سەرچاوەی کێشە و قەیرانەکان و لەهەوڵەکانی بۆ ڕزگاربوون لەم دۆخەدا بەبنبەستی گەیشتووە. هێز و لایەنە ئۆپۆزسیۆنەکان بەهۆی مەیلی دەسەڵاتخوازێتی و نەبوونی ستراتیژ و بەرنامەیەکی چارەسەرئامێز بۆ کێشە و قەیرانەکان نەیانتوانیوە ببنە هێزی چارەسەری و لەگەڵ یەکەم هەنگاوی بەشداربوونیان لە دەسەڵاتدا بوونە هێزی یەدەگی دەسەڵات و ئەو وزە و پشتیوانییە جەماوەرییەی بەدەستیان هێنابوو، خستیانە خزمەت ئیدارەکردنی کێشە و قەیرانەکان نەک چارەسەرکردنیان. بەمەش ئۆپۆزسیۆنی دەسەڵاتخواز ناڕەزاییەکان و هیوا و داخوازییەکانی کۆمەڵگای وەک پەیژەیەک بۆ گەیشتن بە دەسەڵات بەکارهێنا و دۆخێکی بێ ئۆپۆزسیۆنی لەناو پەرلەماندا هێنایەکایەوە. بەڵام ئەمە نە بەواتای چارەسەرکردنی کێشە و قەیرانەکان دێت و نە ناڕەزایی و هیوا و داخوازییەکانی کۆمەڵگاش کۆتاییان پێدێت. بۆیە کۆمەڵگا، لەسەرووی هەموویانەوە چین و توێژە هەژار و ڕەنجدەرەکان، تا گەیشتن بە ماف و ئازادییەکانی خۆیان دەستبەرداری تێکۆشانی خۆیان نابن و بەردەوام لەنێو لێگەڕینی چارەسەری دان

و لەمیانەی چالاکییە ناڕەزاییەکانییەوە هێزی نوێی گۆڕانکاری و وەرچەرخان و توانستی چارەسەری دەئافرێنن".
لەسەر ئەم بنەمایە؛ تەڤگەری ئازادی کۆمەڵگای کوردستان کە بزووتنەوەیەکی نوێی جڤاکی سیاسی خاوەن جیهانبینی و ڕێبازی وەرچەرخانی دیموکراتیانەیە لەپێناو وەڵامدانەوەیەکی راستی ئەم دۆخە دژوارەی کە ئێستا لە باشووری کوردستاندا دەگوزەرێت لەدایک بووە و بەم ئامانجەشەوە تێکۆشانی خۆی دەستپێدەکات. مسۆگەر تەڤگەرەکەمان خۆی بە جێگرەوە یان دژبەری هیچ پارت و لایەنێکی سیاسی دیاریکراو نابینێت. بەڵام بە رۆح و فیکرێکی ئۆپۆزسیۆنی رادیکاڵ و پۆزەتیف کار و خەباتی خۆی بەڕێوە دەبات، بۆئەوەی ببێتە هێزی چارەسەری کێشە و قەیرانەکان و بەشدارێکی چالاک و کاریگەر لە بونیادنانی سیستەمێکی سیاسی جڤاکی دیموکراتی. سەبارەت بە پرسە زیهنی، سیاسی، جڤاکی، چاندی و ئابوورییەکانی کۆمەڵگاش پرۆژە و خەباتی چارەسەرئامێزی خۆی دەبێت .
لەیەکەمین کۆنگرەی جڤاتی گشتی تەڤگەری ئازادیدا لەمیانەی گفتوگۆیەکی کراوە و ئازادانەدا بەشێوەیەکی روون جیهانبینی و رێبازی کار و خەباتی تەڤگەرەکەمان و ئەرک و ئامانجەکانی دەستنیشان کرد و مۆدیلێکی نوێی رێکخستنی دامەزراند. لە کۆنگرەدا رێبازی کار و خەباتی تەڤگەری ئازادیمان دەستنیشان بوو، کە بە پێشەنگایەتی ژنان و گەنجانی ئازادیخوازە و بەشداری ژنان لەهەموو بوار و ئاستەکانی تێکۆشاندا لەسەر بنەمای بەشداری هاوبەش و یەکسان دەبێت و سیستەمی هاوسەرۆکایەتی بنەمایەکی سەرەکی بەڕێوەبردنی کار و خەباتمانە. هەروەها دیموکراتیزەکردنی تاک و جڤاک بۆ گۆڕان و وەرچەرخانی دیموکراتی شێوازی بنچینەییمان دەبێت. لەئاستی هەرێم و شار و شارۆچکە و گوندەکانیشدا سیستەمی ئەنجوومەنەکان بەبنەما وەردەگرین .
هەروەها سەبارەت بە دۆخی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و کولتووری و بەرگری خۆیی لەئاستی نەتەوەیی و نیشتمانی و دیموکراتی و خزمەتگوزاریدا چەندین بریاری گرنگی وەرگرت، گرنگترینیان ئەمانەن :
یەکەم: لەبواری نەتەوەیی و نیشتمانیدا
1.لەپێناو یەکێتی و یەکگرتنەوەی جڤاک و خاکی کوردستاندا کۆنفیدراڵی دیموکراتی کوردستان بەئامانجی ستراتیژی خۆی دەبینێت.
2.هەموو هەوڵێکمان بۆ بەستنی کۆنفرانسێکی نەتەوەیی تەرخان دەکەین. لەم چوارچێوەیەدا پرۆژەیەکی نەتەوەیی دیموکراتی ئامادە دەکەین و پشتیوانی تەواو لە تێکۆشان و بەرخۆدانی گەلەکەمان و هەوڵە ئاشتیخوازییەکان بۆ چارەسەری دیموکراتیانەی پرسی کورد لەپارچەکانی دیکەی کوردستان دەکەین .
3.پرۆژەیەکی دەستووری بۆ ئێراقێکی کۆنفیدراڵی دیموکراتی ئامادە دەکەین کە ماف و ئازادی گەلی کوردستان و گەلانی دیکەی ئێراق مسۆگەر بکات.
4.پرۆژەیەکی دیموکراتی بۆ چارەسەری پرسی هەموو ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم ئامادە دەکەین.
5.لەچوارچێوەی پرۆژەی نەتەوەیی و نیشتمانیدا خەباتی جددی و هەمەلانە بۆ پاراستنی زمان و شێوەزارەکان و شوێنەوار و کەلەپوور و فۆلکلۆری کوردەواری و گەلانی دیکەی کوردستان دەکەین.
6.بەهەموو شێوەیەک پشتیوانی لە بەرگری و بەرخۆدانی شکۆمەندانەی پێشمەرگە و شەڕڤان و گەریلا گیانبازییەکانی کوردستان دەکەین کە دژ بە هێرشە دڕندەییەکانی چەتەکانی داعش و ئەوانەش کە پشتیوانی و هاوکاری ئەو گروپە سەرلێشێواوانە دەکەن لەسەنگەری کەرامەت و بەرگریکردن دان. بەتایبەتی بەرخۆدانی گەلەکەمان و شەڕڤانە بوێرەکانی یەپەگە و یەپەژە لە کۆبانێ و تەواوی رۆژئاوای کوردستان کە ئیدی بۆتە ناسنامەی بەرخۆدانئازێتی گەلی کوردستان لەجیهاندا.
7.لەپێناو تێگەیشتنێکی راست و دیموکراتیانە بۆ رۆڵی ئایین و ئایینزا و تەریقەتەکان لەسەر تاک و کۆمەڵگادا بێتەدی و مەترسییەکانی هەموو جۆرە توندڕەوی و دەمارگیرییەکی ئایینی و ئایینزایی رێگیریی لێبکرێت پرۆژە و هەوڵ و تێکۆشانی دیموکراتیانەمان پەرەپێدەدەین .
دووەم: لەبواری سیاسەتی دیموکراتیدا
1.خەباتی ئۆپۆزسیۆنبوونی رادیکاڵانەی دیموکراتی تەڤگەرەکەمان لەسەر بنەمای ئۆپۆزسیۆنێتی پۆزەتیف دەستپێدەکەین و لە بەرەی گەل و ئازادیخوازان و دیموکراتیخوازاندا تێکۆشانمان بەرەوپێشەوە دەبەین .

.2کار بۆ پێشخستنی بەرەیەکی نەتەوەیی دیموکراتی لە کەسێتی ئازادیخواز، لایەنە سیاسییە دیموکراتیخوازەکان و ڕێکخراوە جڤاکییەکان دەکەین.
.3لەپێناو داڕشتنی دەستوورێکی دیموکراتیدا پرۆژەیەکی دەستووری پێشکەش بە رای گشتی کوردستان و پەرلەمانی هەرێم دەکەین.
.4کار بۆ وەدەرنانی هەموو هێزە سەربازی و دەزگا هەواڵگرییەکانی دەوڵەتان و ئەو دەزگایانەی بەناوی دیکەوە دامەزراون دەکەین کە زیان بە ئاسایشی نەتەوەیی و نیشتمانیمان دەگەیەنن.
.5لەچوارچێوەی پرۆژەیەکی نەتەوەیی و نیشتمانیدا هەوڵدەدەین گەل لەهەموو هەرێم و شار و لادێکانیدا خاوەن هێزی خۆیی بەرگریکردن بێت.
.6بۆئەوەی هێزی پێشمەرگە، ئاسایش، دەزگای هەواڵگری، پۆلیس و سەرجەم دەزگاکانی تر ببنە دەزگای هەموو وڵات خەبات دەکەین تاکو ئەو دەزگایانە سەرلەنوێ دروستبکرێنەوە .
سێیەم: لەبواری ئابووری و کارگێڕیدا
.1بۆ بنبڕکردنی گەندەڵی لەهەموو کایەکانی سیستەمی سیاسی و کارگێڕیدا پرۆژە و خەباتی کرداری و جەماوەری پەرەپێدەدەین .
.2کار بۆ سەرلەنوێ ڕێکخستنەوەی سیستەمی کارگێری لە باشووری کوردستان و ئێراق دەکەین کە سیستەمی کۆنفیدراڵی دیموکراتی و خۆبەڕێوەبەرێتی دیموکراتی بەبنەما وەربگیرێت و ناوەندێتی کەم بکاتەوە، سنوورە کارگێرییەکان بەگوێرەی هاوسەنگی و ڕاستینەی دیموگرافی دانیشتوان ڕێکبخرێنەوە.
.3لەبەرامبەر بە هەموو پرۆژە ئابوورییە پاوانخوازییە چەوسێنەرەکان تێکۆشان دەکەین.
.4کار بۆ خۆماڵیکردن و بە نیشتمانیکردنی سامانی نەوت و گاز و سەرجەم وزە و کانە سروشتییەکان و هەموو بوارەکانی بەرهەمهێنان و وەبەرهێنان، تەندروستی، خوێندن و گەیاندن دەکەین .
.5بۆ چارەسەرکردنی کێشەی زەویە کشتوکاڵی و موڵکدارییەکان و گەڕاندنەوەی مافی موڵکێتی بۆ جوتیاران پرۆژەیەکی چاکسازی کشتوکاڵی ئامادە دەکەین.
.6کاری جددی بۆ ئاوەدانکردنەوەی گوندەکان و گەڕانەوە بۆ گوندەکان دەکەین و لەبواری کشتوکاڵی و ئاژەڵداریدا دەبینە خاوەن پرۆژەی هەروەزکاری .
چوارەم: لەبواری کۆمەڵایەتیدا
.1بۆئەوەی یێکاری نەمێنێت و ژیان و مافەکانی کرێکار و ڕەنجدەران بپارێزرێن تێکۆشان دەکەین و بە پێویستییەکی گرنگی دەبینین کە یاسای مسۆگەری کۆمەڵایەتی و تەندروستی (الچمان الاجتماعی و الصحی) بۆ هەموو کەسێک لەهەر تەمەنێکدا بێت داپڕێژرێت و جێبەجێ ببێت .
.2کار بۆ دیموکراتیزەکردنی سیستەمی پەروەردە و فێرکردن لەهەموو ئاستەکاندا دەکەین و پرۆژەی پەروەردەی جڤاکی دیموکراتی لەئاستی هەرێم و شار و گەڕەک و لادێکاندا پێشدەخەین.
.4کار بۆ پاراستنی ژیان و تەندروستی منداڵان و جێگیرکردنی سیستەمێکی پەروەردەیی پێشکەوتوو لە دایەنگە و باخچەی منداڵان و خوێندگای سەرەتایی و نەشونمای سروستیانەی منداڵان دەکەین و ڕێگیری لەهەموو جۆرە کارپێکردنێکی منداڵان دەکەین.
.5لەپێناو دابینکردنی ژیانێکی ئاسوودە و ئارام بۆ پیر و پەککەوتە، کەمئەندام و خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان تێدەکۆشین .
.6کار بۆ گۆڕینی سیستەمی تەندروستی و دابینکردنی بیمەی تەندروستی بەگوێرەی پێوەرە جیهانییەکان دەکەین.
.7بۆ نەهێشتنی کرێچێتی و کێشەی نیشتەجێبوون پەرە بە پرۆژە هەرەوەزییەکان دەدەین.
پێنجەم: لەبواری ماف و ئازادییەکانی ژناندا
.1لەپێناوی ئەوەی ژن ناسنامە و ئیرادەی خۆی بەدەست بێنێتەوە و پێشەنگایەتی بونیادنانی جڤاکێکی ئازاد و یەکسان و دادپەروەر بکات تێکۆشانی هەمەلایەنەی خۆمان پێشدەخەین .
.2چەند پرۆژەیەکی تایبەت سەبارەت بە دۆخی ژنان ئامادە دەکەین لەوانە: پرۆژە یاسای هەموارکردنەوەی ئەو یاسانەی کەوا جیاکاری نەرێنی ڕەگەزیان بە بنچینە وەرگرتووە، وەک: یاسای باری کەسێتی، یاسای سزادان، یاسای کار و یاسای دژ بە لەشفرۆشی. پرۆژە یاسایەک سەبارەت بە ژنکوژی و پرینەوەی سزای هەتاهەتایی بۆ هەر ژنکوژێک، بەمەرجێک هیچ لێبوردنێکی گشتی و تایبەت نەیگرێتەوە. پرۆژە یاسایەک بۆ چەسپاندنی ڕێژەیەک کە کەمتر نەبێت لە 40% بۆ ژنان لەسەرجەم کاروباری دەزگاکانی هەرێمدا. پرۆژە یاسایەک بۆئەوەی لەهەموو دامەزراوەکاندا سەرۆک یان

جێگرەکەی ژن بێت، یاخود سیستەمی هاوسەرۆکی پەیڕەو بکرێت.
شەشەم: لەبواری ماف و ئازادییەکانی گەنجاندا
.1لەپێناو نەهێشتنی هەژاری، بێکاری، مشەخۆری و تەشەنەسەندنی مادده هۆشبەرەکان لەنێو ریزەکانی گەنجاندا لەهەموو ئاست و شوێنێکدا کۆمەڵەی هەرەوەزی ئاوادەکەین .
.2لەبەرامبەر بە هەموو جۆرە شاڵاوێکی کولتووری کە بەمەبەستی شێواندنی کەسێتی گەنج و لەدەستدانی وزە و توانست و پێشەنگایەتییە ئازادیخوازییەکەی گەنجان بەئامانج وەربگرێت، تێکۆشانی هەمەلایەنە دەکەین.
.3لەپێناو پێشەنگایەتیکردنی گەنجان لە بەرگریکردن لە گەل و وڵاتدا لەچوارچێوەی بەرگری خۆیی و رەوادا هوشیاری بەرگریکردن و خۆرێکخستەکردنی گەنجان لە ئاستی هەرێم و شار و لادێکاندا بەبنچینە وەردەگرین.
هاوکات لەگەڵ ئەم بڕیارانەدا تەڤگەری ئازادیمان گەلێک بڕیاری دیکەی وەرگرتووە و چەندین پرۆژەشمان بۆ یەکەم قۆناخی خەبات و تێکۆشانمان ئامادە کردووە. مسۆگەر ئێمە لە خەبات و تێکۆشانی خۆماندا پەروەردەی ژیهنی دیموکراتی و رێکخستنی جەماوەری و ئیرادەی ئازاد بە بنەما وەردەگرین، گەل و جەماوەر بە پشتیوانی ماددی و مەعنەوی سەرەکی خۆمان دەزانین. سەرکەوتن و بەئامانج گەیشتنی تەڤگەرەکەشمان هەر تەنیا بە پشتیوانی گەل دێتەدی .
لە کۆتاییدا ئێمە وەک تەڤگەری ئازادی کۆمەڵگای کوردستان دەخوازین لە وڵاتەکەمان و لەنێو گەلەکەماندا ببین بە تەڤگەرێکی جێی باوەڕی و متمانەی گەلەکەمان، ببینە سەرچاوەی هیوا و ئیرادە و هێزی تێکۆشان و بەرگریکردن لە ماف و ئازادییەکانی گەل. لەم پێناوەشدا بە باوەڕی و ئیرادەیەکی تۆکمە و بە جۆشوخرۆشێکی شۆڕشگێرانەوە و بە ئەشقێکی مەزن بۆ ئازادی لەتێکۆشاندا دەبین. ئێمە داوای دۆستایەتی و هاوپەیمانێتی نەتەوەیی و دیموکراتی لەهەموو لایەنە سیاسییە ئازادیخواز و دیموکراتیخوازەکان و رێکخراوە کۆمەڵایەتییەکان و کەسێتییە وڵاتپارێزەکان دەکەین کە بەهەماهەنگی و تەبایی لەپێناو بەرژەوەندی باڵای نەتەوەیی و نیشتمانی و لەسەر بنەمایەکی دیموکراتیانە بەیەکەوە کار و خەبات بکەین و ببینە خاوەن پرۆژە و ستراتیژ و بەرەی نەتەوەیی و دیموکراتی هاوبەش. لەسەر ئەم بنەمایە؛ بۆئەوەی هەموومان رۆڵمان لە بونیادنانی تاکێکی ئازاد و کۆمەڵگایەکی دیموکرات و سیستەمێکی سیاسی جڤاکی دیموکراتدا هەبێت بانگەوازی لە گەلەکەمان بەگشتی و ژنان و گەنجان، چین و توێژە چەوساوە و رەنجدەرەکان، کەسێتییە سیاسی و کۆمەڵایەتی و رۆشنبیرییەکان بەتایبەتی دەکەین کە؛ لەدەوری تەڤگەرەکەماندا کۆببنەوە، تاکو ئیرادەیەکی ئازاد و یەکگرتوو نیشان بدەین و ژیانێکی ئازاد و دادپەروەر و ئاشتی و دیموکرات بونیاد بنێین .
سڵاو لە تەواوی گەلی کوردستان و بنەماڵەی سەربەزری شەهیدانی رێگای ئازادی. سڵاو لەو پێشمەرگە و شەڕڤان و گەریلایانە دەکەین کە لە جەلەولاوە تا کەرکوک، لە مەخمورەوە تا شەنگال، لە رەبیعەوە تا سەرێکانی و کۆبانێ لە سەنگەرەکانی رووبەڕوونەوەدا بەرگری لە گەل و نیشتمان و کەرامەتی نەتەوەییمان و تەواوی مرۆڤایەتی دەکەن.
دەستەی بەڕێوەبەرایەتی تەڤگەری ئازادی کۆمەڵگای کوردستان
21.10.2014

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 53

**راگەیاندنی دەستپێشخەری تەڤگەری ئازادی**

http://www.kurdipedia.org/?q=20141011120240077747




لە ڕۆژگاری ئەمڕۆماندا تەواوی کۆمەڵگاکانی مرۆڤایەتی لەناو گێژاوێکی قووڵ و قەیرانی هەمەلایەنو مەترسیداردا دەژین. هۆکاری بنچینەیی ئەو دۆخەش خودی سیستەمی هەژموونگەرایی جیهانە کە نەک تەنیا توانستی چارەسەرکردنی قەیرانو گرفتەکانی خۆیو کۆمەڵگای نەماوەو لە هەموو ڕووێکەوە بە بنبەستبوون گەیشتووە، بەڵکو خۆی بووە بە سیستەمی گێژاوو قەیرانەکان. لە پێناو لەسەرپێ مانەوەی خۆشیدا وەک سروشتو کارەکتەری سەرەکی خۆی پەنای بردۆتە بەر توندوتیژیو شەڕو پێکدادانەکانەوە. لە دەرەنجامدا ئەوەش قەڵاچۆکردنو کۆمەڵکوژی، کۆچبەری، وێرانکاری سروشت، هەژاریو بێکاری، نادادی کۆمەڵایەتیو ناسۆری دیکەی لێکەوتۆتەوە. ئەوەش دۆخێکی دروست کردووە کە ئیتر بەرگەگرتنی ئەستەمە. بۆیە ئێستا مرۆڤایەتی ئازادیخواز لەناو تێکۆشانو لێگەڕین دایە بۆ ڕزگاربوون لەو گێژاوو قەیرانانەی لە ئارادان.
ئەو دۆخەی کە خۆرهەڵاتی ناوینیش تێیدایە دەرەنجامو ڕەنگدانەوەیەکی ڕوونی ئەو گێژاوەیە کە سیستەمی باڵادەستی جیهانی تێی کەوتووە و هەوڵدەدات بەسەر تەواوی مرۆڤایەتیدا بیسەپێنێت. چونکە سیستەمە تیۆکراتی، ئۆتۆکراتیو ئۆلیگارشییە ستاتۆپارێزەکانی ناوچەکە بەرهەمو پارچەیەکی دانەبڕاو و ئۆرگانی سیستەمی هەژموونگەرایی جیهانین کە بەسەر گەلانی ناوچەکەدا سەپێنراون.
بەهۆی ڕاستینە مێژوویی ـ کلتوویەکەی، هەروەها پێگە ژیۆپۆلیتیکو ژیۆستراتیژیەکەیو دەوڵەمەندی سەرچاوە سروشتیەکانی وزەوە خۆرهەڵاتی ناوین بۆتە مەیدانی سەرەکی ناکۆکی، ململانێ و شەڕو پێکدادانەکانی جیهان. بۆیە ڕێکەوت نییە کە لە ڕۆژی ئەمڕۆماندا زۆرترین ئاڵوگۆڕو سەراوبن بوون بەخۆیەوە دەبینێت. لە ڕاستینەی ڕەوشی ئێستای ناوچەکەدا سیستەمی باڵادەستی جیهانی ڕووبەڕووی هەڵوەشانەوە دەبێتەوە. لەو چوارچێوەیەشدا ئەمڕۆ ناکۆکی، ململانێو شەڕو پێکدادانەکانی نێوان زلهێزەکانی جیهان، ڕژێمو هێزە ستاتۆگەراکانو تەڤگەرە ئازادیخوازەکانی ناوچەکە بە بەرزترین ئاستی خۆی گەیشتووە. سەرجەم گەلان، باوەڕی، ئایینو مەزهەبەکان لەسەر بنەمای سیاسەتی پەرتکە ـ زاڵبە بەگژ یەکترەوە نراونو بە دەستی یەکتر لەناو دەبرێن. بەرادەیەک دەمارگیریو شۆڤێنیزمی میللیگەرایی ـ ئایینگەرایی هاوشێوەی داعش فووی تێکراوە، ڕاستینەی بەیەکەوە ژیانی هەزاران ساڵەی نێوانیان کەوتۆتە ژێر هەڕەشەوە و چەندین کلتوور ڕووبەڕووی لەناوچوون بوونەتەوە. ئەمەش ئەو دۆخەیە کە گوزارشت لە قووڵاییو کوشندەیی ئەو گێژاوو قەیرانانە دەکات کە لەپێناو نەهێشتنیو ڕزگاربوون لێی، تێکۆشان ئەرکێکی ژیانیو دەست لێبەرنەدراوە.
عێراقو باشوری کوردستان بەهەمان شێوەی خۆرهەڵاتی ناوین لەناو ئاڵوگۆڕێکی ریشەییدایە. لە پێناو مانەوەو خۆسەپاندنو قۆرخکردندا هێزو ڕژێمە ستاتۆ پارێزەکان و زلهێزە پاوانخوازەکان عێراقو باشوری کوردستانیان کردۆتە مەیدانی شەڕو پێکدادانی خوێناویو تاقیگەی پرۆژە ستراتیژیەکانیان. لەم پێناوەدا بە هەموو شێوەیەک لە هەوڵی سەرکوتکردنو تێکشکاندنی ئیرادەی ئازادی گەلان دان.
کوردستانیش بەهۆی پاشخانە مێژووییەکەی، پێگە جیۆستراتیژیەکەیو دەوڵەمەندی کلتورە مەعنەویەکەی و سەرچاوە سروشتیەکانیەوە ئەمڕۆ بۆتە چەقی ئەو ململانێیانەو چارەنووسی سیستەمی دەسەڵاتگەراییو ئایندەی گەلان لەسەر ئەم خاکە یەکلایی دەبێتەوە. لەم سۆنگەوە ڕێکەوت نییە کە بە ناوی تەواوی مرۆڤایەتییەوە، ئەمڕۆ کوردانو کوردستان لە جەنگی بەرەنگاربوونەوەی کۆنەپەرستیو فاشیزمی میللیگەرایی ـ ئاینگەرایی داعش

ی ئامرازی دەستی داگیرکەران لە سەنگەری هەرە پێشەوەدایەو بەرگری لە کەرامەتی تەواوی مرۆڤایەتی دەکات.
هەڵبەتە ئەم دۆخەش لە کاتێکدایە کە ئێراقو باشوری کوردستان بە دەست گێژاوێکی قووڵو قەیرانی هەمەلایەنەوە دەناڵێنێت. دەستوەردانێکی هەمەچەشنەی هێزە جیهانییو هەرێمیەکان لە ئارادایە. ئەمەش لەپاڵ خۆرهەڵاتی ناوین ئێراقیشی بۆ دوو بەرەی شیعەو سونە دابەشکردووە. رژێمی ناوەندی ـ مەزهەبگەرایی بەغدادیش دۆخەکەی قووڵترو ئاڵۆزتر کردووە. بۆیە شانبەشانی کێشەی دەستوری ـ یاسایی، ئەمڕۆ ئێراق تووشی قەیرانی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی، کلتوریو ئەخلاقی قووڵ بۆتەوە. سەرەکیترینی ئەو قەیرانو کێشانەش لەگەڵ هەرێمی باشوری کوردستان لە ئارادایە کە ئەوانیش کێشەکانی دەستوور، خاک (مادەی 140)، نەوت، بودجەو پێشمەرگەن.
لە باشوری کوردستانیش سەرباری ئەوەی 22 ساڵ زیاترە پەرلەمانو حکومەتی هەرێم لەسەر کارن، بەڵام تا ئێستا دۆخی بێ سیستەمی زاڵە. هەرێم بێ دەستوورە و تا ئێستا زۆربەی یاساکانی سەردەمی رژێمی بەعس کاریان پێدەکرێت. کە بێگومان زۆربەیان لە خزمەتی بەرژەوەندی چینێکی دیاریکراودانو لەگەڵ دیموکراسیو ئازادیەکاندا ناکۆکنو سەرچاوەی ناعەدالەتی کۆمەڵایەتین.
بە درێژایی ئەو 22 ساڵەی حوکمڕانی سیستەمێکی سیاسی ئاوانەکراوە لە خزمەتی کۆمەڵگای باشوری کوردستاندا بێت. بەهۆی زاڵبوونی ئەقڵیەتی تەسکی حزبایەتی پەرلەمان بێ رۆڵو ئیفلیجکراوەو ئەسیری ئەجنداو سیاسەتی حزبایەتییەو نەبووە بە مەرجەعو ئۆرگانی یاسادانانو چاودێری، دەسەڵاتی دادوەریش لەلایەن هێزەکانی دەسەڵاتەوە قۆرخکراونو زیاتر لەبەرژەوەندی دەوروبەرێکی دیاریکراودا کار دەکەن. حکومەتە یەک لەدوای یەکەکانیش لە جیاتی پێشخستنی سیاسەتو بەرنامەیەکی نیشتمانی ـ نەتەوەیی و دامەزراوەیی، ئەقڵیەتو بەرژەوەندیو ئەجندای حزبایەتی تەسکیان بە بنەما گرتووە.
لەم چوارچێوەیەشدا سیستەمی پەروەردەو فێرکردن خاوەن بەرنامەیەکی ستراتیژی درێژخایەنو بە گوێرەی واقیعی کۆمەڵگا نییە. بۆیە ناتوانێ رۆڵ لە دروستکردنی تاکو کۆمەڵگایەکی هۆشیار، ئازادو خاوەن ئیرادەدا ببینێ. سیستەمی تەندروستیش بە هەمان شێوە لەجیاتی بینینی رۆڵی بنەڕەتی خۆی، زیاتر وەک کەرتێکی بازرگانیو بەدەستهێنانی قازانج مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت. لەم سۆنگەیەوە رەنگدانەوەی خراپی لەسەر دۆخی تەندرستی تاکو کۆمەڵگا هەبووە. لەژێر ناوی گەیشتن بە ئابووری سەربەخۆ پرۆسەیەکی ناشەفافی دۆزینەوە، دەرهێنان، پاڵاوتنو فرۆشتنی نەوت بەڕێوە دەچێت کە زیاتر لە چوارچێوەی تاڵانکردنی سەرچاوەو سامانی گەلو نیشتمان دەخولێتەوە، قازانجو خێرەکەی بۆ دەوڵەتو کۆمپانیا دەرەکیەکانو ناوەندێکی دەسەڵاتدارو دەستڕۆیشتوی باشوری کوردستانەو زیانو بەڵاکەشی بۆ گەلە کە لە ناهەموارترین دۆخی ئابوریدا دەژیت. لەژێر ناوی ئابووریو بازاڕی ئازادەوە سیستەمێکی تاڵانو سەرمایەی قۆرخکاری لە بەرژەوەندی چەند بنەماڵەو دەورو بەرێکی بەرتەسک زاڵکراوە. شانبەشانی گەورەکردنی سوپای بێکاران کۆمەڵگاو تاکی کوردستان لە خاکو رەنج داپڕێنراوە، هەوڵی دروستکردنی کۆمەڵگایەکی بەرخۆرو مشەخۆر دراوە، لەمیانی بچووککردنەوەو چۆڵکردنی لادێو گوندەکان ئابوری راستەقینە (کشتوکاڵو ئاژەڵداری) لەناوبراوە، وابەستەکی ئابوری کراوە بە واقیعێکی سەپێنراو. بەمجۆرە نامۆبوونی مرۆڤ بەرامبەر ناوەرۆکی خۆیو بەکۆمەڵگابوون

به بەرنامە کاری لەسەر کراوە. لەمیانی پەیرەوکردنو دەرخستنی یاسای زیاتری پیاوسالاری سیستەمی رەگەزپەرستی کۆمەڵگا قووڵتر کراوەتەوە، ئەوەش کێشەی ئەخلاقی ـ کۆمەڵایەتی زیاترو لێک هەڵوەشانەوەی خێزانو زیادبوونی رێژەی تەڵاقو کۆمەڵکوژیەکی بێدەنگو شاراوەی ژنانی لەگەڵ خۆیدا هێناوە.
باشوری کوردستان چ وەک کۆمەڵگا چ وەک دەسەڵات لە دۆخی ئێستایدا لەناو گێژاوێکی گشتگیری زهنی، سیاسی، ئابوری، کۆمەڵایەتیو کولتوری دایە. رووداوەکانی شەنگالو دواتریش لە لوتکەدا مایەپوچبوونی دۆخی سیاسی، سەربازی، دبلۆماسی، ئابوریو ئەمنی دەسەڵاتو سیستەمی دەسەڵاتگەرێتی ئاشکرا کرد.
لە ئاکامی ئەو مایەپوچبوونە و بەردەوامی گەندەڵی و تاڵانکاریەکان لەلایەن دەسەڵاتەوە، ناڕەزاییەکانی گەل لەجاران زیاتر بووە، هەروەها بەهۆی جێگرتنی هێزەکانی پێشووتری ئۆپۆزسیۆن لە دەسەڵاتدا ئەمڕۆ پێویستی بە هێزێکی ئۆپۆزسیۆنی چالاک و پۆزەتیف هەیە.
بە لەبەرچاوگرتنی ئەو راستیانەو پێویستیەکانی ئەو قۆناخە نوێیەی تێیدا دەژین سەرلەنوێ پێویستی بە پێداچوونەوەی سەرجەم بوارە زهنی، سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی، دبلۆماسی، پەروەردەیی، تەندروستیو کلتوریەکانی باشوری کوردستانو دەستپێکردنی قۆناخێکی نوێی خەباتو تێکۆشان هەیە تا سیستەم، چەمک، ئەقلیەتو شێوازی نوێ بە بنەما بگرێت. لەو چوارچێوەیەدا ئێمە وەک کۆمەڵێک کەسایەتی سیاسی، کولتووری، کۆمەڵایەتی، چالاکوانی خەباتی رێکخراوەییو مەدەنیو ژنان لەمیانی پێشخستنی دەستپێشخەری تەڤگەری ئازادی، تێکۆشانی ئازادیو دیموکراتیخوازانەی خۆمان برەو پێدەدەین.
دەسپێشخەریەکەمان وەک تەڤگەرێکی نوێ کە هەڵقوڵاوی پێویستیەکانی دۆخی بابەتیو خۆیی خودی باشوری کوردستانو ئەو رەوشە چارەنووسسازەیە کە تێیدا گوزەر دەکات، خاوەن جیهانبینیو رێبازی تایبەتی خۆیەتی، کە ئەویش بەرهەمی لێگەڕینە زهنیو کۆمەڵایەتیو سیاسیەکانی خودی کۆمەڵگای کوردستانە. خۆی لە بۆتەی مۆدێلێکی نوێی رێکخستنی تەیار دەکاتو بە پێشەنگایەتی ژنانو گەنجانی ئازادیخوازو بەشداری چالاکانەی سەرجەم چینو توێژەکانی دیکە تێدەکۆشێت. بە تێڕوانینی ئێمە دەسەڵاتەکان کاتینو دەگوزەرێن، بەڵام کۆمەڵگا هەمیشەییو جێگیرە، بۆیە چارەسەرکردنی ریشەیی کێشەو قەیرانەکان لە بنیادنانی سیستەمی کۆمەڵگایەکی ئازادو دیموکراتدا دەبینین کە بە توانستو وزە شاراوەکانی خودی کۆمەڵگا بە دیدێت نەک تەوەرەی دەسەڵاتو دەسەڵاتگەری.
لەو بڕوایەداین هەنگاوی یەکەمی چارەسەرکردنی کێشەو قەیرانەکانی باشوری کوردستان بە جێگیرکردنی سیستەمێکی دیموکراسی گەلدا تێپەڕ دەبێت، دەستورێکی دیموکراتیش دەتوانێ بناخەی ئەو سیستەمە جێگیر بکات، دەستورێک لە چوارچێوەی بەرژەوەندیەکانی کۆمەڵگاو بەرفراونکردنی ئازادیەکان بێت ناوەرۆکی پەیماننامەیەکی کۆمەڵایەتی لەخۆوە دەگرێت، بۆیە پێش هەر شتێک پێویستە گۆڕانکاریەکی ریشەیی لەخۆوە بگرێت، پەرلەمان بکات بە مەرجەعو دەسەڵاتی یاسادانان، بڕیاردانو چاودێریکردن، لەوچوارچێوەیەشدا دەسەڵاتەکانی دادوەرییو جێبەجێکردن بە ناوەرۆکو رۆڵی راستەقینەی خۆیان بگەیەنێت.
لەو چوارچێوەیەشدا هەرێمی کوردستان بێتە خاوەن بەرنامەیەکی سیاسی نیشتمانی ـ نەتەوەیی، کۆتایی بە دەستێوەردانی وڵاتانی دراوسێ بهێنێت، لەجیاتی پەیوەندییەکی وابەستەیی ـ پاشکۆیی، پەیوەندی دراوسێیی

لەسەر بنەمای هاوسەنگیو بەرژەوەندی هاوبەشی هەردوولایەن بێتو دژی بەشەکانی دیکەی کوردستانو هێزە سیاسیەکانی نەبێت. هەر لەم چوارچێوەیەشدا هێزی پێشمەرگە وەک هێزێکی پرۆفشناڵی بەرگری نیشتمانی پۆشتەو پەرداخ رێکبخرێت.
ئێمە لەو پروایەداین کە ئابوری راستەقینەو خودبژێوی پەیوەستی بوژانەوەی لادێکانو پەرەپێدانی کشتوکاڵو ئاژەڵدارییە، بۆیە هەڵمەتێکی گەڕانەوە بۆ خاکو لادێ پێویستییەکی ژیانیو دەست لێبەرنەدراوە. بێگومان کەرتی وەبەرهێنانو سامانی وزە (نەوتو غاز) فاکتەرێکی سەرەکی بوژانەوەی ئابورین، بەڵام بە مەرجێک لە قۆرخکاریو پاوانخوازی دووربن، پرۆسەکەیان بۆ رای گشتیو لایەنە پەیوەندیدارەکان، شەفافو کراوەبێت، رەنگدانەوەی راستەوخۆ و بەرچاوی لەسەر بوژانەوەی ئاستی گوزەرانو رەخساندنی هەلی کاری یەکسان بۆ سەرجەم چینو توێژەکانی کۆمەڵگا هەبێت.
شانبەشانی ئەمانەش پێشخستنی سیستەمێکی پیشەسازی گرنگە کە بەرهەمهێنانی کاڵای بەکارهێنان و پاراستنی ژینگە بەبنەما بگرێت .
لەهەمان چوارچێوەدا سیستەمێکی نەخشە بۆ کێشراو و ستراتیژی بواری پەروەردەو فێرکردن لە خزمەت پێگەیاندنی کۆمەڵگاو تاکێکی هۆشیار، ئازادو خاوەن ئیرادە پێشبخرێت. کەرتی تەندروستی لە کەرتێکی بازرگانیو بەدەستهێنانی قازانجەوە بکرێت بە بوارێکی خزمەتکردن بە تەواوی چینو توێژەکان بەبێ جیاوازی .
ئێمە لەو پروایەداین کە کێشەکانی نێوان هەرێمو بەغداد لە رێی دیالۆگو دانوستانەوە چارەسەر دەبێت، بەمەرجێک جێگیرکردنی پایەکانی سیستەمی فیدڕالیو جێبەجێکردنی دەستور لە خۆوە بگرێتو بەبێ هیچ سازشکارییەک کێشەی ناوچە جێ ناکۆکەکان بە گوێرەی راستینەی مێژوییو دیمۆگرافیی چارەسەر بکرێت. کێشەی نەوتو بودجەو پێشمەرگەش هەمان چوارچێوە لەخۆوە بگرێت .
بەکورتی سەبارەت بە سەرجەم ئەو کێشەو قەیرانانەی لە باشوری کوردستان لە ئارادان پرۆژەی تایبەتو دیاریکراومان هەیەو لە کاتو شوێنی خۆیدا رایدەگەیەنین.
دەستپێشخەریەکەمان خۆی بە جێگرەوەو ئەلتەرناتیڤی هیچ هێزێکی دیکە دانانێت، بەڵکو وەک تەڤگەرێکی سیاسی ـ کۆمەڵایەتی بۆ کاری هاوبەش لەگەڵ سەرجەم هێزو لایەنە سیاسیەکان کراوەین تا بەیەکەوە بتوانین کێشە نەتەوەیی، ئابووری، کۆمەڵایەتی، سیاسیەکانو مەسەلەکانی ئازادیو دیموکراسی چارەسەر بکەین.
ئێمە وەک دەستپێشخەری ئەمڕۆ لە حزووری ئێوەی بەڕێزدا دەستپێکردنی کارو خەباتی خۆمان رادەگەیەنینو لەماوەیەکی کورتیشدا کۆنگرەی دامەزراندنی تەڤگەرەکەمان دەبەستین. لێرەدا رووی بانگەوازیمان ئاراستەی سەرجەم هێزو لایەنە سیاسیەکانی کوردستان، رێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی و دامو دەزگاکانی راگەیاندنو تەواوی گەلەکەمان دەکەین کە هەموومان بەیەکەوە دەتوانین گەلەکەمان لەو دۆخە ئاڵۆزەی ئێستا رزگار بکەینو بەو دۆخ و ئاستەی بگەیەنین کە شایستەیەتی.
لە کۆتاییدا سڵاو لە تەواوی گەلی کوردستانو بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان، سڵاو لەو پێشمەرگەو شەڕڤانو گەریلایانە دەکەین کە لە جەلەولاوە تا کەرکوک، لە مەخمورەوە تا شەنگال، لە رەبیعەوە تا سەرێکانیو کوبانێ لە سەنگەرەکانی رووبەرووبوونەوە بەرگری لە گەلو نیشتمانو کەرامەتی نەتەوایەتیمان دەکەن.
11ـ 10 ـ 2014

دەستپێشخەری تەڤگەری ئازادی

تایبەتمەندییەکانی بابەت
ولآت: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 54

## راگەیاندنی هاوبەشی نوێنەرایەتی حزبە کوردستانییەکان بۆ پشتیوانی رۆژئاوای کوردستان

http://www.kurdipedia.org/?q=20141020220840777785

جەماوەری تێکۆشەری کوردستان...
کەس و کارو بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان...
ئێمە حزب و لایەنە سیاسییەکانی هەر چوار پارچەی کوردستان لەدرێژەی دیدار و کۆبوونەوەکانماندا، لە بارەگای مەڵبەندی 3 ی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە شاری هەولێر کۆبووینەوە، لە کۆبوونەوەکەدا سەبارەت بەکاروچالاکی ماوەی رابردوو گفتوگۆکرا، کارو چالاکییەکان بە ئیجابی هەڵسەنگێنران و کارنامەیەکی نوێیش بۆ کارو خەباتی داهاتوو داڕێژرا.
کۆبوونەوەکە جارێکی دیکە خەبات و بەرخۆدانی شەڕڤانان و پێشمەرگە بەرز دەنرخێنێت و خۆشحاڵە بە پێشەوەچوونەکان گۆڕەپانەکانی شەڕ لە باشووری کوردستان و کۆبانی و رۆژئاوای کوردستان و سوپاسگوزاری خۆیشی بە هێزەکانی هاوپەیمانان رادەگەیەنێت کەوا بنکەو بارەگاکانی گروپە چەتەکانی دەوڵەتی ئیسلامی ئێراق و بیلادی شام(داعش) لە کوبانێ بۆردومان کرد، ئەوەش بووە هۆی گۆرینی هاوکێشەی شەڕ لە کۆبانێ.
دەستخۆشی لە تەواوی گەلی کوردستان لە هەرچوار پارچەی وڵات و رەوەندی کورد لە دەرەوەی وڵات دەکەین کەوا بە چالاکی جۆاوجۆر و خۆپیشاندان چەتە تیرۆریستەکانی داعشیان شەرمەزارکرد و مۆراڵی پێشمەرگەو گەریلا و شەرڤانانیان بەرزکردەوە، ئەم یەکدەنگییەی گەل لە سەرتاسەری کوردستان دەریدەخات ئێمە یەک دڵ و یەک جەستەین و چارەنووسمان یەکە.
بەشدارانی کۆبوونەوە دەستپێشخەری مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ لێکنزیکردنەوەو رێککەوتنی لایەنەکانی رۆژئاوا بەرز دەنرخێنن و داوا لە تەڤدەم و ئەنجومەنی نیشتمانی کورد لە سوریا دەکات کەوا ململانێی حزبییەکانیان بخەنە لاوەو بگەنە رێکەوتنێک لەنێوان خۆیاندا، لەبەرئەوەی یەکڕیزی و یەکدەنگی ئەوان دەبێتە فاکتەری بەهێزی پێشوەچوون و سەرکەوتنی شۆرشی رۆژئاوای کوردستان.
هەروەها کۆبوونەوە دەستخۆشی لە پەرلەمانی هەرێمی باشووری کوردستان دەکات بۆ ئەو بڕیارەی داویانە سەبارەت بەرەسمی مامەڵەکردن لەگەڵ خواستی خوشک و برایانمان لە رۆژئاوای کوردستان کە ئەوە یەکێک بووە لە داخوازییەکانی ئێمەی لایەنە سیاسییەکان کە لە کۆبوونەوەی خۆماندا لە 29-9-2014 داوامان کردبوو هەرسێ سەرۆکایەتی کوردستان مامەڵەی رەسمی لەگەڵ رۆژئاوای کوردستان بکەن، بۆئەمەش داوا لە حکومەتی هەرێمی باشووری کوردستان دەکەین رێکاری پێویست بگرێتەبەر بۆ جێبەجێکردنی ئەم بڕیارە.
وڵات پارێزانی کوردستان...
ئێمە لەپێناو یەکڕیزی و یەکدەنگی گەلی کوردستان لە کار و خەباتی خۆماندا بەردەوام دەبین و داوا لەهەموو لایەک دەکەین هاوکار و پشتیوانمان بن بۆ هێنانەدی یەکێتی و یەکدەنگی، لەو پێناوەشدا داوا دەکەین لیژنەی ئامادەکاری کۆنگرەی نەتەوەیی دەست بەکارەکانیان بکەنەوە بۆ ئەوەی بەزووترین کات کۆنگرەی نەتەوەیی وەکو چەترێکی هاوبەش بۆ هەموو لایەنەکان ببەسترێت .

ئێمە لە کارو چالاکی داهاتووماندا پڕیارمانداوە کەوا سندوقێکی کۆمەک بۆ پشتیوانی رۆژئاوای کوردستان دابنێین، بۆ ئەم مەبەستە داوا لە جەماوەری کوردستان دەکەین لەکاتی دانانی سندوقەکەدا بە هانای خوشک و برایانمانەوە بێن و کۆمەکی سندوقەکەمان بکەن، ئەمەش ئەرکێکی نەتەوەیی و نیشتمانی و مرۆیی هەموو لایەکمانە.

لەگەڵ رێزماندا ...

لایەنە سیاسییەکان:

-1یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان
-2حزبی شیوعی کوردستان
-3یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
-4بزوتنەوەی گۆڕان
-5یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان YNDK
-6بزووتنەوەی دیموکراتی گەلی کوردستان
-7حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان
-8حزبی ئایندەی کوردستان
-9بزوتنەوەی ئیسلامی کوردستان
-10پارتی کرێکاران و رەنجدەرانی کوردستان
-11کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان
-12پارتی ئازادی کوردستان PAK
-13بزووتنەوەی دیموکراتی گەلی تورکمان
-14سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران
-15حزبی شروقی تورکمانی
-16حزبی دیموکراتی بێت نەهرێن
-17حزبی رزگاری کوردستان RPK
-18پارتی یەکێتی دیموکراتی PYD
-19پارتی پارێزگارانی دیموکراتی کوردستان
-20پارتی ئاشتی و دیموکراتی BDP
-21کۆمەڵە (رێکخراوی کوردستانی حزبی کۆمۆنیستی ئێران(
-22پارتی گەلی تورکمانی عێراق
-23پارتی دیموکراتی تورکمانی کوردستان
-24پارتی رزگاری نەتەوەیی تورکمان
-25پارتی چارەسەری دیموکراتی کوردستانPCDK
-26پارتی نەتەوەیی کوردستان
-27حزبی پێشکەوتنخوازی دیموکراتی کوردستان
-28بزووتنەوەی ئاشتیخوازانی کوردستان
-29بزووتنەوەی گۆڕانی دیموکراتی کوردستان _ سوریا
-30پارتی پارێزگارانی کوردستان
-31کۆنگرەی نیشتمانی کوردستان KNC
-32پارتی سەربەستی کوردستان
-33کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان
-34کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان KNK
-35پارتی دیموکراتی کوردستان
-36حزبی دیموکراتی کوردستان
-37کۆما جڤاکێن کوردستان KCK
-38حزبی سۆسیالیست دیموکراتی کوردستان
-39بزووتنەوەی رزگاری دیموکراتی کوردستان
-40پارتی کۆماری کوردستان

-41کۆمەڵەی رۆشنبیری تورکمان لە کوردستان
-42حزبی تورکمان ئیلی
-43بزووتنەوەی تورکمانی بێلایەن

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 55

## راگەیاندنی کۆتاییهاتنی کۆنگرەی چوارەمی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان

http://www.kurdipedia.org/?q=2014122309572468324

ڕۆژانی 19و2014/12/20 کۆنگرەی چوارەمی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان، بەبەشداری نوێنەرانی ڕێکخستنەکانی کوردستان و دەرەوی وولات و بە ئامادەبوونی وەفدی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراقو ژمارەیەک میوان، بەرپاکرا .
سەرەتا ڕاپۆرتی چۆنیەتی بەڕێوەچونی پرۆسەی هەڵبژاردنی نوێنەران لەلایەن لیژنەی ئامادەکاری کۆنگرەوە، پێشکەشکراو فرسەت درا بە پێشکەشکردنی سەرنجو تێبینیەکان لەسەری. دوای وەڵام دانەوەیان، ئەنجامەکانی هەڵبژاردنی نوێنەران پەسەندکراو کۆنگرە ڕەسمیەتی یاسایی وەرگرت.
کۆنگرە بەسرودی ئەنتەرناسیونال و دەقیقەیەک وەستان بۆ ڕێزلێنان لەژیان و خەباتی هاوڕێیانی گیانبەختکردووی ڕێگای ئازادی وسۆسیالیزمو بەتایبەتی هاوڕێ ئازاد ئەحمەد دەستی پێکرد. هاوڕێ عوسمانی حاجی مارف، سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی ووتەی کرانەوەی کۆنگرەی پێشکەشکردو تیایدا ئاماژەی بە گرنگیو جێگاو ڕێگای کۆنگرەی چوارەمی حزب کرد لە پەیوەند بەهەلومەرجی ئیستای ناوچەکەو عێراقو کوردستانو ئەو ئاڵوگۆرانەی کەبەهۆی سەرهەڵدانی داعشەوە سەریان هەڵداوە .
دوابەدوای وتاری کردنەوەی کۆنگرە، دەستەی سەرۆکایەتی کۆنگرە هەڵبژێردراو ڕێساکانو بەرنامەی کاری کۆنگرە پەسەند کرا.پێش دەسپێکردن بە بەرنامەی کاری کۆنگرە، پەیامی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق لەلایەن هاوڕی موئەیەد ئەحمەد، سکرتێری کۆمیتەی ناوەندیەوە پێشکەش کرا. تیایدا سەرنجی ئامادەبوانی بۆ دۆخی سیاسی عێراقو کوردستانو ناوچەکەو پێویستیی بەدەستەوەگرتنی سیاسەتی کۆمۆنیستیو توندکردنەوەی خەباتو تێکۆشانی هاوبەشی هەردووحزب بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو هەلومەرجە لەڕوانگەی چینی کرێکارو کۆمۆنیزمی کرێکارییەوە ڕاکێشا.
بەرنامەی کاری کۆنگرە بریتی بوو لەم بڕگانەی خوارەوە:
/1راپۆرتی کارو چالاکیەکانی حزب لەنێوان دوو کۆنگرەدا.
/2بەڵگەنامەی "مانیفێستی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری بۆ ئاڵوگۆری شۆرشگێرانە و دامەزراندنی کۆمەڵگایەکی ئازادو یەکسان لە کوردستان"
/3دوو بەڵگەنامە لەپەیوەند بەئاڵوگۆرە سیاسیەکانی دوای گرتنی موسڵ لەلایەن تیرۆریستانی دەوڵەتی ئیسلامی(داعش)ەوە .
/4بەرنامەی حزب.
/5بریارو بریارنامەکان.
/6مالیە.
/7هەڵبژاردن.
لە بڕگەی ڕاپۆرتی نێوان دوو کۆنگرەدا، هاوڕێ عوسمانی حاجی مارف لەڕاپۆرتێکی سیاسیدا، ئاوری لە لەگرنگترین ئەو قۆناغ وێستگە سیاسیو عەمەلیانە دایەوە کە بەشو ئۆرگانەکانی حزب تێپەری کردووە. پەنجەی لەسەر کەموکوریو بەربەستەکانی سەر ڕێگای پێشرەویو گەشەی حزب داناو خاڵە پۆزەتیڤەکانی هەڵسورانی ئەو دەورەیەشی خستەڕوو. دواتر لەلایەن نوێنەرانی کۆنگرەوە سەرنج

لەکارو چالاکیەکانی حزب درا. لەئەنجامدا ڕەوتی باسەکان تەئکیدیان لە دروستبوونی سیاسەتی ئەم دەورەیەی حزب، وەک سیاسەتێکی جیاوازو چینایەتیو کۆمۆنیستی بەرامبەر بە ڕووداوەکان کردەوەو هاوکات پێویستیی گۆڕانی ئاراستەی کاری حزب بەرەو ناوەندی خەباتێکی کۆمەڵایەتیو هەمەلایەنەی کرێکارانو زەحمەتکێشانی کوردستانو دەرکەوتی حزب وەک ئاڵتەرناتیڤێکی چینایەتی- سیاسی بەرامبەر بەدەسەڵاتی بۆرژوازی کوردو گشت بارودۆخی ئێستا دیاری کرد.
لەدووەم بڕگەی بەرنامەی کاری کۆنگرەدا، هاوڕێ ڕێبوار ئەحمەد قسەوباسێکی لەسەر بەڵگەنامەی "مانیفێستی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری بۆ ئالوگۆری شۆڕشگێڕانەو دامەزراندنی کۆمەڵگایەکی ئازادو یەکسان لە کوردستان"، پێشکەش کردو تیایدا، ئاماژەی بەگرنگیو جێگاوڕێگای ئەم بەڵگەنامەیەی لەخەباتی حزبو جوڵانەوەی کۆمۆنیزمی کرێکاری بۆ ئاڵوگۆڕپێدانی شۆڕشگێڕانەی کۆمەڵگای کوردستان کردو هاوکات بەربەستەکانی بەردەم خەباتی چینی کرێکار بۆشۆڕشی سۆسیالیستی و ڕێگاکانی بەسەرئەنجام گەیاندنی ستراتیژی حزب وقۆناغەکانی خستەروو. پاش قسەوباسو سەرنجی هاوڕێیان کۆنگرە ئەم بەڵگەنامەیەی پەسەندکردو کۆمیتەی ناوەندی ڕاسپارد لەبەر ڕۆشنایی باسەکانی کۆنگرەو ئەو سەرنجانەی خرانەروو، دەقی کۆتاییەکەی ئامادە بکاتو بیکات بە بنەمای کارو هەڵسورانی حیزب.
لەبڕگەی سێهەمی باسەکاندا، دوو بەڵگەنامەی جیاواز سەبارەت بە ئاڵوگۆڕە، سیاسیەکانی دوای گرتنی موسڵ لەلایەن داعشەوە خرانە بەردەم کۆنگرە. یەکێکیان بەڵگەنامەی "ئاڵوگۆڕە سیاسەکانی ئەم دواییانەی عێراقو کوردستان و پلاتفۆرمی هەردوو حیزب.." بوو. ئەوی دیکەیان " پلاتفۆرمی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری کوردستان لە شەڕی دژی داعش و تیرۆریزمی ئیسلامیدا" کە لەلایەن هاوڕێ ئاسۆکەمالەوە، پێشکەش کرا. هاورێیان عوسمانی حاجی مارف، ئاسۆ کەمال وموئەیەد ئەحمەد لەبارەی بەڵگەنامە ئامادە کراوەکانەوە، قسەوباسیان پێشکەشکرد. پاشان نوێنەرانی کۆنگرە وتووێژی چڕو هەمەلایەنەیان لەبارەی هەردوو بەڵگەنامەکەوە کردو سەرەنجام، بەڵگەنامەی هاوبەشی هەردوو حزب پەسەند کراو کۆمیتەی ناوەندی داهاتوو ڕاسپێردرا کە لەسەر بنەمای سەرنج و باسەکانی ناو کۆنگرە، بەڵگەنامەکە، دارێژێتەوە و ئەو لایەنانەی پلاتفۆرمی هاورێ ئاسۆ کەمال کە لە قسەوباسەکانی کۆنگرەدا پێداگری لەسەرکرا، لەو بەڵگەنامەیەدا بگونجێنێت.
بڕگەی چوارەمی بەرنامەی کاری کۆنگرە تایبەت بوو بە بەرنامەی حیزب "بەرنامەی دونیایەکی باشتر" و ئەو ئاڵوگۆڕ و چاکسازیانەی،کە بەپێی بڕیاری کۆنگرەی سێهەمی حیزب، تێیدا ئەنجامدرابوو. کۆنگرە ڕەزامەندی لەسەر ئاڵۆگۆڕیەکان نیشانداو کۆمیتەی ناوەندی داهاتووی ڕاسپارد، کە گەڵاڵەی کۆتایی بەرنامە لەبەر ڕۆشنایی ئەو سەرنجانەی خرانە ڕوو ئامادە بکاتو بڵاوی بکاتەوە .
لە بڕگەی پێنجەمدا، کۆنگرە وێرای ئەوەی چاوی خشاند بەسەر ڕاپۆرتی دارایی حزبدا، لەسەر دۆخی دارایی حزب ڕاوەستاو گرفتە داراییەکان بەردەم هەلسورانی حزب و ئۆرگانەکانی تاوتوێ کردو ڕێوشوێنی پێویستی بۆ وەڵامدانەوە پێیان دیاری کرد .
لەبەندی بڕیارو بڕیارنامەکاندا، کۆنگرە چەند بڕیارێکی خستە بەرباسەوە کەلەڕاستای "گۆڕانکاری لەشێوەکاری ڕابەری"،" سیاسەتی ڕاگەیاندنی حزب"، "یاسای یەکسانی ژن وپیاو"دا ئامادەکرابوون. لەئەنجامدا بەشێک لەم بڕیارانەی پەسەند کردو ژمارەیەکیشی سپارد بەکۆمیتەی ناوەندی داهاتوو. هەر لەم بەندەدا کۆنگرە بڕیاریدا پەیامی پشتیوانی بۆ مقاوەمەت و ڕاوەستانەوەی دلێرانەی چەندمانگەی خەڵکی کۆبانی لەبەرامبەر پەلامارەکانی داعشدا بۆسەر ئەم شارە بنێرێ .
دوا بەندی کۆنگرە هەڵبژاردنی کۆمیتەی ناوەندی حزب بوو کە لەژێر چاودێریو بە ئامادەبوونی دادوەرو نوێنەری پارێزگا بەڕێوەچوو. دوای کردنەوەی دەرگا، بەڕووی خۆکاندیدکردنی هاوڕیاندا، سەرەنجام هەریەک لە هاورێیان" عوسمانی حاجی مارف،محسن کەریم، ڕیبوار ئەحمەد، خەسرەو سایە، بەهار مونزیر، دەشتی جەمال، عیرفان کەریم، حسێن ساڵەح، وەستا مەهدی، مستەفا باهیر، موئەیەد ئەحمەد"بە ئەندامانی هەمیشەییو هاورێیان"جەبار مستەفاو جەمال محسن"ی وەکو ئەندامانی یەدەکی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردران .
لە دوای تەواوبوونی بەرنامەی کاری کۆنگرە، هاوڕێ عوسمانی حاجی مارف وتاری کۆتایی کۆنگرەی پێشکەش کردو بە سرودی ئەنتەرناسیونال کۆتایی بەکارەکانی کۆنگرە هێنرا.بەم جۆرە کۆنگرە دوای دوو رۆژ لەقسەوباسی گەرم وگور و ڕاشکاوانە، پەنجەی خستنەسەر گرفتەکانو دوای دیاریکردنی ئاراستەو هەنگاوەکانی داهاتووی حیزب، کۆتایی بەکارەکانی خۆی هێنا.

ڕاستەوخۆ دوای تەواوبوونی کۆنگرە، کۆمیتەی ناوەندی پلنیۆمی حەڤدەهەمی خۆی گرێدا، کە تیایدا هەریەک لە هاوڕێیان عوسمانی حاجی مارف، محسن کەریم، عیرفان کەریم، بەهار مونزیر، حسین سالەح" وەکو ئەندامانی مەکتەبی سیاسی هەڵبژێردران‌و هاوڕێیان عوسمانی حاجی مارف و محسن کەریم وەکو سکرتێرو جێگری سکرتێر هەڵبژێردران .

حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان
21/12/2014

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 56

## راگەیەندراوی دەفتەری سیاسی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە پێوەندی لەگەڵ هێرشی داعش بۆ سەر چەند ناوچەیەکی کوردستان

http://www.kurdipedia.org/?q=20140806090832106199

بەداخەوە چەند رۆژێکە سەرەڕای هەوڵی کوردو حکوومەتی هەرێمی کوردستان بۆ تێوەنەگلان لە شەڕێکی نەخوازراو ئاڵۆزییەکانی ئەم دوایانەی عێراق بەدەر لە ئیرادەی هەرێمی کوردستان ئەم شەڕو ئاڵۆزیانە لە چەند ناوچەیەکی کوردستان بەرەورووی خەڵکی ناوچەکانی جەلەولاو سەعدیەو بە تایبەت شەنگال‌و زوومارو هێزی پێشمەرگە لە کوردستانی باشوور بوەتەوە.

چەکدارانی دەوڵەتی ئیسلامی (داعش) بە پێی بیروباوەڕێکی دواکەوتووانەو کردەوەی توندئاژۆیانەیان هێرشی بەربڵاویان کردوەتە سەر ئەو ناوچانە ژمارەیەکی زۆریان لێ شەهید کردوون، ژمارەیەکی بەرچاویان رفاندوەو لە ئاکامدا هەزاران کەس لە ماڵ‌و شوێنی حەوانەوەیان ئاوارەو دەربەدەر کراون.

چەکدارانی دەوڵەتی ئیسلامی (داعش) دەستیان لە تەقاندنەوەو لە ناوبردنی شوێنە پیرۆزەکانی پەیڕەوانی ئایین‌و ئایینزاکان تەنانەت ئیسلامیش نەپاراستووەو بێ‌ڕێزی بە هەموو ئەو باوەڕانە دەکەن کە بۆ خەڵک پیرۆزن.

ئاکامی ئەو هێرش‌و پەلامارانەی داعش دەڕوا بەرو ئەوە کە کارەساتێکی مرۆڤی لەوە زیاتریش لەو ناوچە کوردنشینانە روو بدا. هەرچەند بەرگریکردنی هێزی پێشمەرگەو فیداکارییەکانی توانیویەتی شوێن لەسەر سنووردارکردنی ئەم پەلامارانە دابنێ و تەنانەت ژمارەیەک لەو گیان لەسەر دەستانە فیدای بەرگری لە خاک‌و خەڵکی کوردستان بکا بەوحاڵەش مەترسی داعش لە سەر گیان‌و ماڵی خەڵک لەو ناوچانە نەڕەویوەتەوە. ئەوەی لەو پێوەندییەدا جێگای سرنجە ئەوەیە کە کۆمەڵگای نێونەتەوەیی، وڵاتانی خاوەن نفووز، و رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان‌و... لەپێش گرتن بەم کارەساتە مرۆڤییە، کوردو هەرێمی کوردستان بە تەنیا نەهێڵێنەوەو تەنیا بەدەربڕینی پێ ناخۆش بوون‌و محکووم کردن قەناعەت نەکەن. چوونکە ئەرکی هەموو لایەکە لەو بارەوە خاوەن هەڵویست‌و یارمەتیدەر بن چ بۆ بەهاناوە چوونی ئاوارەکان بە گشتی‌و ئێزیدیەکان بە تایبەتی کە زەختی زیاتریان لەسەرەو چ بۆ بەهێزکردنی هێزی پێشمەرگە .دیارە مەترسی هێرشی چەکدارانی داعش هەر بە کوردستانی باشوور بەرتەسک نەبوەتەوە لە کوردستانی رۆژئاواش بە تایبەتی لە کوبانی ئەم هێرش‌و توندڕەویانەوە بەردەوامە کە زیانی گیانی بەرچاوی لێکەوتووەتەوە.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وێرای ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدانو قوربانیانی ئەو کارەساتەو ڕێزدانان بۆ فیداکارییەکانی هێزی پێشمەرگە لە بنەماڵەی شەهیدانی ئەم ڕووداوانە سەرەخۆشی دەکاو ئاواتە خوازە برینداره‌کان هەرچی زووتر برینەکانیان سارێژ بێتەوە، هەروەها پشتیوانی خۆی لە حکوومەتی هەرێمی کوردستانو هێزی پێشمەرگەی کوردستان بۆ پارێزگاریکردن لە کوردو لە خاکی کوردستان دەردەبڕێ‌و ئامادەیی خۆی بۆ هەرجۆرە یارمەتییەک بە پێی توانا ڕادەگەیەنێت.

لە هەمانکاتدا داوا لە کۆڕوکۆمەڵە نێو نەتەوەییەکانو هەموو لایەک دەکا کە لەو هەلومەرجە هەستیارەدا خاوەن هەڵویستی شیاوو یارمەتیدەری بەکردەوە بن. لەوەش زیاتر ئەرکی هێزە سیاسیو ڕۆڵەکانی نەتەوەی کوردە کە بە یەکڕیزیو یەکدەنگیو هاوهەڵوێستی پاراستنی خاکو خەڵکی کوردستان بە ئەرکی سەرەکی خۆیان بزانن‌و لەوبارەوە بە پێی بەرنامەو پلانی توکمە دژی هەر پەلامارده‌رێکی خاکی کوردستان بوەستنەوە.

سڵاو لە گیانی پاکی شەهیدانی کوردستان

خۆراگریو سەرکەوتن بۆ هێزی پێشمەرگەو خەڵکی کوردستان

نەمان بۆ تیرۆریستانو دژبەرانی کوردو کوردستان

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

دەفتەری سیاسی

14/5/1393ی هەتاوی

5/8/2014ی زایینی

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | حزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران - حدکا |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

بابەتی ژمارە: 57

## ڕاگەیەندراوی مەکتەبی سیاسی (حسدک) لەکۆتایی پرسەی شەهیدی سەرکردە (عەتا محەمەد حاجی مەحمود(

http://www.kurdipedia.org/?q=2014120123481578112

بەناوی خوای گەوەری میهرەبان
بەڕێزان
جەنابی /سەرۆکی هەرێمی کوردستان /جێگری سەرۆکی هەرێمی کوردستان
هاوسەری فەخامەتی سەرۆک مام جەلال
فەخامەتی سەرۆک کۆماری عێراقی فیدراڵ / جێگری سەرۆک کۆماری عێراق
سەرۆکی ئەنجومەن وجێگر و وەزیرە بەڕێزەکانی حکومەتی هەرێم
سەرۆک وجێگر و ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمانی کوردستان
سەرۆک و سکرتێرو سەرکردایەتی حزب و لایەنە سیاسیەکانی هەرچوارپارچەی کوردستان و عێراقی
سەرۆک و جێگرو ئەندامانی پەرلەمانی عێراقی فیدراڵ
جێگری سەرۆک وەزیران و وەزیرە بەڕێزەکانی حکومەتی فیدراڵ
نوێنەرو کونسڵ و دبلۆمتکارانی وڵاتانی دۆست و دراوسێ
پارێزگارو بەرپرسانی یەکە ئیدارییەکانی هەرێمی کوردستان
بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان و پێشمەرگەو کەسایەتی بەڕێزی کۆمەڵایەتی وسەرۆک عەشیەت و کەسایەتی ئاینی و ئەکادیمی وعەشایەر شێخانی تەریقەت و مەرجەعەکانی ئاینی لە کوردستان و عێراق.
جەماوەری تێکۆشەری (سلێمانی و هەولێر ودهۆک وهەڵەبجەو کەرکوک و شارەزوور و و ڕاپەڕین و گەرمیان(
خەڵکی تێکۆشەری باکوورو ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای کوردستان
خەڵکی خەمخۆر و هاوسۆزی سنەو سقزو بانەو مەریوان و کرماشان و جوانڕۆ پاوە نەوسود
تێکۆشەرانی کۆبانی و جەزیرە و عفرین و شارو شارۆچکەکانی ڕۆژ ئاوا
خەڵکی تێکۆشەری ئامەدەو ماردین و شەرناخ و هەکاری و شارەکانی باکور
کوردستانیانیانی دانیشتوی دەرەوە
جەماوەری تێکۆشەری کوردستان
خوشک و برایانی بەڕێز

بەناوی ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و ئەنجومەنی سەرکردایەتی و سەرجەم هەڤاڵانی حزبی سۆسیالیست دیموکراتی کوردستانەوە پڕ بەدڵ سوپاسی ئەمەک و دڵگەرمیتان دەکەین لە هاوخەمیتان بە شەهید بوونی هەڤاڵ کاکە عەتا ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی و کوڕی سەرکردەی گەورەی بزاڤی ڕزگاریخوازی کورد و قارەمانی مەزنی کوردایەتی کاک محمدی حاجی محمود سکرتیری گشتی حزبی سۆسیالیست دیموکراتی کوردستان کە لە داستانێکی قارەمانەنەدا لە ئازادکردنی بەشێکی تری خاکی پیرۆزی کوردستان لە شاری کەرکوک و نزیکبونەوە لە حەمرینی سەربەرز ئێوارەی 27-11-2014 لە شەڕێکدا هاوشانی جەنابی کاک محمدی حاجی محمود بەدەستی ڕەشی تیرۆرستانی داعش شەهید کراو چووە کاروانی هەرگیز نەمران.

ئێمە خۆمان خاوەن شەهید و پرسەین ڕوداوێکی وەک شەهید بوونی کاکە عەتا بۆ هەمووومان چاوەڕوان کراو بوو کاتێک لەدوای هێرشی تیرۆرستانی داعش بۆ سەر کوردستان بەگشتی و کەرکوک و گەرمیان بەتایبەتی شەهید عەتا چەکی شەرەفی کردە شانی و وەک 38 ساڵ لە مەوبەری کاک محمدی حاجی محمودی باوک و مامۆستاو ڕابەر ڕووی لە سەنگەرەکانی بەرگری لەخاک و خەڵکی کوردستان کردو بە شەهید بوونیشی مەدالیایەکی تری مەزنی بەخشیە مێژووی باوک و بنەماڵەو حزبە تێکۆشەرەکەی و ئێمەش شانازی دەکەین کە هەڤاڵ و هاوسەنگەری ئەو مەزنەین و لەم کۆست و کارەساتەدا جارێکی تر تەئکید لە سەر ئەو بەڵێنانە بۆ خواو گەلی خۆمان دەکەینەوە کە دەمێکە داومانەو وا ڕۆژی تەنگانە هات و ئێمە هەرساتێک بە بەخشینی گیانێک بۆ جەماوەر و گەلی کوردستانی دەسەلمێنین.

ئێمە شانازی دەکەین کاکە عەتا کوڕی تێکۆشەری مەزنی گەل و ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی

حزبی سۆسیالیست دیموکراتی کوردستان بەچەکی شەرەفەوە چووە سەنگەرو بەرگری سوری خوێن بەئاڵای پیرۆزی وڵاتەوە لە کەرکوکەوە گەڕایەوە باوەشی ئەو خاکەی کەتەمەنی لە پێناودا بەخشی.

کاکە عەتا جگە لەوەی ڕۆڵەی گۆشکراوی خێزانێکی مەزن و فیداکار بوو، خۆشی لە دایک بووی رۆژانی سەخت و چاوکراوەی ناو زیندان و ئەشکەوت و دۆڵ و چیاو منداڵی دەربەدەری ماڵ بەکۆڵی گوند و دەشتی کوردستان بوو تەمەنی منداڵی لە زیندان و لاوێتی لە چیاو پاشان دەربەدەری و دوورە زێدی بەڕێکرد و دواجاریش بە سەربەرزییەوە سەرەڕای ئەوەی دەیویست تۆڵەی تەمەنی لە دەستچوی لاوێتی چیاو دەربەدەری بە دووبارە خوێندنی زانکۆ و خزمەتی زانست بکاتەوە، بەڵام نەیتوانی بەرامبەر غەدری دەستی ڕەشی تیرۆر و هەڕەشە لە گیان و شەرەف و ماڵ و خاکی جەماوەری کوردستان بێدەنگبێت و سەری بەرزی گەڕانەوە ناو خاکی پاکی نیشتمان.
جارێکی تر سوپاسی هاوخەمیتان دەکەین بە بەشداری لە هێنانەوەی تەرمی پیرۆزی شەهید عەتاو ئەسپەردەکردن و پرسە گێرانی...

سوپاسی ئەو هاوغەمیە بەرزە جەماوەرییەی لاو و پیری کوردستان دەکەین، سوپاسی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن و نوسەران و ئەدیبان وهونەرمەندان و مامۆستایان وخوێندکارانی زانکۆ و پەیمانگاکان وەنجان و سەرجەم چین و توێژەکان و سوپاسی هەستی تاک بە تاکی خەڵکی کوردستان دەکەین بەرامبەر بەئەمەکداریان بۆ تێکۆشەران و دڵسۆزیان بۆ تێکۆشەرەنیان کە هەرگیز بە بەنوسین گوزارشتمان بۆ ناکرێت کە لە گەڵ بە شداریان لە هێنانەوە ئەسپەردەکردن و پرسەی شەهید عەتادا هۆڵەکانی زانکۆ پەیمانگاو ناوەندەکانی خوێندن و تۆرەکانی کۆمەڵایەتیان بەهەڵویستی بەرزی ئەمکداری نەخشاند.

سوپاس بۆ هێزەکانی ئاسایش و ناخۆ پۆلیس و پۆلیسی هاتوچۆو کە لەم کۆستەدا هاوکارو هاو سۆزمان بوون، ئێوە سەلمانتان کە گەلی کورد بە وەفایە بەرامبەر بەوانەی بەگیانی خۆیان و ڕۆڵەکانیان خەبات لە پێناو جاک و خەڵک و شەرفی میلەتدا دەکەن
شەهید عەتا شەهیدی هەموو کوردستانە کوری هەموو باوک و دایکێکی جەرگ سوتاوی وڵاتە وەک چۆن ئێوە دەڵین هەمووکان کور کچی تێکۆشەری مەزن کاک محمدی حاجی محمودین.
دوبارە سوپاسی هاو غەمی و ئەمکداریتان دەکەین.
مەکتەبی سیاسی
حزبی سۆسیالیست دیموکراتی کوردستان
1-12-2014

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | حزبی سۆسیال دیموکراتی کوردستان - حسک |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

بابەتی ژمارە: 58

## راگەیەندراوی مەکتەبی سیاسی یەکێتی لەسەر ئۆپەراسیۆنەکەی هێزی پێشمەرگە لە شەنگال

http://www.kurdipedia.org/?q=20141219143903118364

گەلی قارەمانی کوردستان!

پێشمەرگە ئازادیخوازەکان!
کەسوکاری شەهیدە نەمرەکان!

داعش و ئەوانەی لەپشتیانەوە بوون، سەرەنجامی کێشە دروستکردن بۆ پڕۆژەی عیراقی فیدراڵ و قوڵبوونی کێشە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان لەعیراق و ناوچەکەدا، نەخشەیان داڕشت، پرۆسەی سیاسی دیموکراتی فیدراڵی لەعیراق و کوردستاندا تێکبدەن، هەتا بتوانن کۆنترۆڵی ناوچەکە بکەن، بەتایبەتی عیراق و باشووری کوردستان، هەروەها سوریا و رۆژئاوای کوردستان .

کە لەسوریادا بەهێزبوون، گواستیانەوە بۆ عیراق و لەپارێزگاکانی (نەینەوا و ئەنبار و سەلاحەدین) و هەندێک ناوچەی دیکە، سەرکەوتنێکی چاوەڕوان نەکراویان بەدەستهێنا، ئەم سەرکەوتنانە هاوکات کاریگەری لەسەر رووادنی کارەساتی شەنگالیش هەبوو .
داعشە دڕندەکان لەشنگال و ناوچە شیعە و مەسیحی نشینەکاندا، سنووری دڕندایەتیشیان بەزاندو رووی تاوانبارانی مێژووشیان، لەماوەیەکی کەمدا سپی کردەوە و ئەوەی تاوانبارانی رابردوو، لە دەیان ساڵدا ئەنجامیان داون، ئەمان لە سێ مانگدا، لەتاوانەکانی ئەوانیشیان تێپەڕاند.

یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ساڵاهایە لەو هێزانەیە، مەترسی سەلەفیەتی کۆمەڵکوژیی خستۆتە بەرچاو، لەناوچەکانی هەڵەبجەشدا شەڕی سەختیشیی کردن، کە هێزێکی رەشەکوژی وەکو داعشیش سنووری باشووری کوردستانی خستە ژێر هەڕەشەوە، هەر زوو مەترسی ئەم سیاسەتە و ئەم هێرشەمان بۆ باشووری کوردستان خستەئاراوە و جەختمان کردەوە، سیاسەتی بەرگری بگۆڕین بە سیاسەتی هێرشی رزگاری، لەم پێناوەشدا، بێ درێغ تێکۆشاوین و قوربانیمان داوە.

سەرەنجامی سیاسەتی هێرشی عەسکەری و پشتیوانمان لەجیهان و ناوچەکەشدا، خۆشبەختانە لەپارێزگاکانی دیالە و کەرکوک و ناوچەکانی مەخموریش و هەندێک شوێنی گرنگی نەینەواش، سەرکەوتنی گەورە گەورەی چاوەڕوان نەکراو، بەدی هێنراون.

لەهەمان کاتدا، هێزی پێشمەرگە بەسەرپەرشتی سەرۆکی هەرێم، خۆی بۆ هێرشێکی فراوان ئامادەدەکرد، هەتا شەنگال و دەوروبەریشی لەو جانەوەرانە رزگار بکرێ.
بەرپرسیارێتیی نەتەوەیمان بوو شەنگال لەم کاتەدا رزگار بکرێ، چونکە داگیرکردنی شەنگال و ئەو زڵمەی لەخوشک و برا ئێزدییەکانمان کراوە، دوای کارەساتی ئەنفال وهەڵەبجە، ئازاردەری ویژدانی نەتەوەکەمان بوو، تەنها بە رزگارکردنی شەنگال و ئازادکردنی دیلەکانمان، برینی قوڵی ئەو ئازارە سارێژ دەکرێت و تۆڵەی شەهیدان و زوڵم لێکراوانی ناوچەکەش دەسەندرێتەوە.

جەماوەری کۆڵنەدەری کوردستان!
بۆ سێ رۆژ دەچێت، ئۆپراسیۆنی رزگارکردنی چیای شەنگال و دێهات و شارەدێکانی دەوروبەریان، بەو پەڕی قارەمانێتی هێزی پێشمەرگە و هاوکاری هێزی ئاسمانی هاوپەیمانان، دەستی پێکردووە .

مایەی سەربەرزیمانە، هێرشی رزگاری پێشمەرگە سەرکەوتنی گەورەی بەدەستهێناوە و داعشە هاش و هوشکەرەکان، دووچاری شکستی گەورە هاتوون، کە ئەمە سەرەتای سەرکەوتنی ستراتیژی دەبێت بۆ رزگارکردنی تەواوی کوردستان، بەتایبەتی لەناوچەکانی دەرەوەی هەرێمدا، لەپارێزگاکانی کەرکوک، نەینەوا و سەڵاحەدین و دوورخستنەوەی دوا مەترسیشە لە سەر پارێزگای دیالە، بەتایبەتی سەراپای قەزای خانەقین، کاریگەری عەسکەری گەورەشی بۆ لاوازکردنی توانی داعشەکان لەعیراق و رۆژئاوای کوردستانیشدا دەبێت، لەم کاتەشدا جەخت دەکەینەوە ئەم رزگاکردنەی شەنگال و ناوچەکانی تری ماددەی 140ی دەرەوەی هەرێمی کوردستان، تەنها رزگارکردنی خەڵک و خاک نییە لەدەست دوژمنێکی دڕندەی وەک داعش، بەڵکو سەلمێنەری ئەو راستییەشە کە ئەم ناوچە کێشە لەسەرانە، پەیوەندی ئۆرگانیکیان بە سنووری باشووری کوردستانەوە هەیەو چارەنووسیان چارەنووسی شکست و سەرکەوتنی گەلی کوردستانە، بۆیە کاتێک شەنگال و جەلەولا و سەعدیە و

سلێمان بەگ و مەخمور داگیردەکرێن، شۆڤێنییە عەرەبەکان زۆرتر حکومەتی هەرێم و یەکێتی و پارتیان بەکەمتەرخەم دەزانی، ئێستاش کە ئەم ناوچانە رزگار و ئازاد دەکرێن، هێزی پێشمەرگەی کوردستان ئەم شەرەفە تۆمار دەکات.

ئومێدەوارین ئەم راستیانە، زەمینەی مێژوویی جێبەجێ کردنی ماددەی 140 ی لەسەر ئەرز و لەئەقڵەیەت و لەویژدانی هەموو لایەکدا، باشتر رەخساندبێ و جارێکی تر خاک و خەڵکی بەخوێنی پێشمەرگە و شەهیدانی بێ گوناح ئازاد کراو، ناکرێ بخرێتەوە گرەوی پاساوی بێ پێزی نەگێرانەوەی ئەم ناوچانە، بۆ سەر کوردستانی دایکیان.

جەماوەری سەربەرز !
پێشمەرگە هەڵمەت بەرەکان!
مەکتەبی سیاسی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، لەم رۆژە پیرۆزەی سەرکەوتنی هێزی پێشمەرگە بەسەر دوژمنە تاریک پەرستەکاندا، پیرۆزبایی لە بەرێز سەرۆکی هەرێم و حکومەتی هەرێمی کوردستان و هێزی پێشمەرگە دەکات، بەدڵنیاییەوە چاوەڕوانی رزگارکردنی دوا بستۆکەی ئەو ناوچانەین. بەم بۆنە مێژوییەشەوە، سڵاو و نەوازش بۆ تێکرا شەهیدانی کوردستان دەنێرین و بە دڵنیاییەوە، دڵنیایان دەکەین کە (ئەی شەهیدان، نامرێ ناو و نیشانتان) کێڵی بەرزی هەموو یەکێکتان، سەربەرزی کچ و ژنی ئێزدی پاراست و سەروەری پێشمەرگەی کردە بناغەی قۆناغی نوێی کوردایەتی هاوچەرخ.

سڵاوتان لێ بێت.... پێشمەرگە و بریندارەکان..... کە هەر برینێکتان گوڵاڵە سوورەی باخی ئازادی و رەنگی سووری ئاڵای شەکاوەی کوردستانە.

ئەی نەتەوەی کۆڵنەدەری کوردستان :
پیرۆز بێ ئەم سەرکەوتنە لەهەموان، مژدەش بێ بۆ سەرکەوتنی شەڕڤانان و پێشمەرگەکانی کۆبانی و رۆژئاوای کوردستان لەمنزیکانەدا، سڵاو لە یەکە بە یەکەی ئێوەش، ئەی فەرماندەو ئەفسەر و پێشمەرگە گیان لەسەر دەستەکانی کورد و کوردستان و ئازادی.

ئێتر بۆ پێشەوە بەرەو
سەرکەوتنی یەکجارەکی

راگەیاندنی مەکتەبی
سیاسی ی.ن.ک
19/12/2014

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

بابەتی ژمارە: 59

## راگەیەنراوی کۆتایی کۆبوونەوەی پێنج لایەنە سیاسییەکەی هەرێم - 13-10-2014

http://www.kurdipedia.org/?q=20141014154647777761

جەماوەری کۆڵنەدەری کوردستان..
خەڵکی عێراقی دڵسۆز..

لە هەل و مەرجێکی مەترسیداری چارەنوسازی ئێستای ناوچەکە و عێراق و کوردستان، ئەو پێنج لایەنەی کە لە پەرلەمانی عێراقدا نوێنەریان هەیە، رۆژی 13-10-2014 لە پایتەختی هەرێمی کوردستان و لە بارەگای سەرەکی یەکگرتوی ئیسلامی کوردستان، سەبارەت بە دۆخی ئێستای عێراق و کوردستان و دوا بەرنامە و بریار دەربارەی حکومەتی نوێی عێراق و قارەمانیێتی پێشمەرگەو گەمارۆدانی شاری کۆبانی، گفتوگۆیەکی بەرپرسیارانەیان کرد و دوا بریاریان لەسەر ئەم تەوەرانە دا:

یەکەم:
دۆخی عێراق و کوردستان:
ماوەیەکە عێراق و کوردستان، دوچاری هێرشێکی دڕندانەی داعش و داعشیەکان بونەتەوە و سەرەنجام، دۆخی ئاسایش و ژیانی کۆمەڵایەتی و چارەنوسی سیستەمی عێراق و تەواوی دەسکەوتە بەدیهاتوەکانی دوای روخانی سەدام کەوتۆتە بەر مەترسیەوە، بۆیە وێرای بەرەنگاری قارەمانانەی هێزی پێشمەرگە لە کوردستان و ناوچەکانی دەرەوەی هەرێم، هێزە چەکدارەکانی بەرگری کردنی عێراقیش، لە شەڕی مان و نەماندان و هێزەکانی پشتیوانی عێراق لەجیهان و ناوچەکەدا، مایەی سوپاسە کە هەتا رادەیەکی کاریگەر بە هانای وڵاتەکە و کوردستانەوە هاتون.
لەم بارودۆخەدا، کۆبونەوە یەک هەڵوێست بو، وە جەخت دەکاتەوە کە تەواوی توانای هێزە کوردستانیەکان دەخەینە کار، ئەمجارەش عێراق لەم هەرەشە ترسناکانە رزگار بکرێت، بێ درێغی لەم پێناوەدا لە هەمو سەنگەرەکان و ئاراستەکاندا تێدەکۆشین.

دوەم:
حکومەتی نوێی عێراق
سەرەڕای ئەوەی سێ مانگ بوار دراوەتە حکومەتی بەرێز عەبادی، هەنگاوی دڵخۆشکەربنێت بۆ چارەسەرکردنی کێشە هەڵپەسێردراوەکانی نێوان بەغداو هەرێم، بەداخیشەوە لە مانگی رابردودا هیچ هەنگاوێکی کاریگەر لەسەر کێشە بنەرەتیەکانی تایبەت بە بودجەو موچە نەنراوە، سەرەڕاش کۆبونەوە بریاریدا وەزیرەکانی کوردستان، وەکو نوێنەری شەرعی گەلی کوردستان هەروەکو پێشتر بریاردرابو، بگەنە بەغدا و بەشداری راپەراندنی ئەرکەکانیان بکەن لە حکومەتی دەوڵەتمەداری عەبادی، و هیوادارین ئەم بریارە هەست بە بەرپرسیارێتیی کردنە بەرامبەر عێراق و حکومەتەکەی ببێتە مایەی پەرۆشی راستەقینە بۆ چارەسەرکردنی تێکرای کێشەکانی حکومەتی فیدرالی و حکومەتی کوردستان و بشبێتە مایەی بتەوکردنی خیتابی سیاسی و هەڵوێستی سیاسی یەکگرتو دژی دوژمنانی هاوبەش.

سێ یەم
باشوری کوردستان
لەدوای روداوی چاوەروان نەکراوی موسڵ و روداوی دڵتەزێنی شنگالەوە، هێزی پێشمەرگەی کوردستان کە زیاتر لە هەزار (کلم) لەخانەقینەوە بۆ شنگال، لە شەرێکی بەرەیی کوردستان یان نەماندان سەربەرزانەش سەرەرای سەدان شەهیدی نەمرو برینداری کوردستان، پێشمەرگە بەراستی شەرەفی بەرزی پێشمەرگایەتی پاراست و گەیاندیە ئاستی بەرزی خۆبەختکردن لەم رێرەوەدا، رۆژی 2014/10/12 تیرۆرستەکان دوای ئەوەی لە شەڕی روبەروبونەوەدا توانایان بەرامبەر پێشمەرگە نەما دەستیان کردۆتە سەپاندنی نەخشەی کۆمەڵکوژی و تەقاندنەوەی ئۆتۆمبێل لەقەرەتەپەدا سێ ئۆتۆمبێلیان لەبارەگای کۆمیتەی یەکێتی و بەرێوبەرایەتی ئاسایش و پۆلیس

تەقاندەوەو لە ئاکامدا (43) شەهیدو دەیان بریندار کرانە سور خەڵاتی خەباتی خوێناوی ئەم جارەی کوردستان.
کۆبونەوە لەکاتێکدا ئەوپەری سەری نەوازش بۆ شەهیدانی قەرەتەپە دادەنەوێنێت و هیوای چاکبونەوە بۆ بریندارەکان دەخوازێت، لەهەمانکاتدا دیسان دەستخۆشی لە پێشمەرگە دەکات کە نەیانهێشتوە کوردستان وەکو ناوچە کارەساتبارەکانی وڵاتەکەی لێ بێت داواش دەکەین پشتیوانی گەلەکەمان و ئەزمونە دیموکراسیەکەی باشتر و زیاتر پشتیوانی هێزی پێشمەرگە بکەن بۆ سەرکەوتن بەسەر داعشەکاندا کە دوژمنی ئازادی و هەمو لایەکمانن.

چوارەم
دۆخی کۆبانێ:
کۆبانێ ئێستا بۆتە سومبولی نەتەوەی کورد و سەنگەرێکی کاریگەری بەرپەرچدانەوەی داعشەکان، کۆبونەوە، دوپاتی دەکاتەوە کە بێ درێغ پشتیوانی شەڕەڤانانی کۆبانێ دژی دوژمنانی ئازادی دەکات و ئومێدەواریشین تەواوی وڵاتانی جیهان و ناوچەکە باشتر لە جاران بیر لە کۆبانی بکەنەوە و زیاتر بە هانایانەوە بچن، لە هەمانکاتدا حکومەتی کوردستان توانای زیاتر دەخاتە کار بۆ رزگاری کردنی کۆبانێ.

پارتی دیموکراتی کوردستان
یەکێتی نیشتیمانی کوردستان
بزوتنەوەی گۆران
یەکگرتوی ئیسلامی کوردستان
کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان

13/10/2014

تایبەتمەندییەکانی بابەت

ولات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 60

## رزگار جودی

http://www.kurdipedia.org/?q=20140712193117769 81




لە 05-05-2014 لە بەرگریکردن لە کوبانێ گیانی لەدەستدا.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

رەگەزی کەس: ♂پیاوان

نەتەوە: کورد

وڵات: رۆژئاوای کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 61

## رووکەن خانم ناسراو بە شیلان رووکەن

http://www.kurdipedia.org/?q=20141020210639117018

لە قامیشلۆ لەدایک بوە و لە رۆژی 15ی تشرینی یەکەم لەکۆبانێ شەهیدبوو.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | یەکینەکانی پاراستنی گەلYPG - |
| رەگەزی کەس: | ♀خانمان |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باکوور - بادینی |
| شارەکان: | قامیشلۆ |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | رۆژئاوای کوردستان |

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 62

## رەحیمە والی ناسراو بە (بەرچەم جودی(

http://www.kurdipedia.org/?q=20140923143733116368

لە گوندی جیجۆی کوبانی لە دایک بووە. رۆژی 25-03-2014 بەشدار بووە. رۆژی 16-09-2014 لە گوندت سەرزۆر شەهیدبوو.

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 63

## زانیاریو ئامار لەبارەی ئاسایشی کوردستانی رۆژاڤاوە

http://www.kurdipedia.org/?q=2014010621381486792

بەئامادەبوونی ژمارەیەک لەمیدیاکان، هێزەکانی ئاسایش لەرۆژاڤای کوردستان بەبۆنەی ساڵی نوێوە، کۆنگرەیەکی رۆژنامەنووسییان سازکردو ئامارێکیان خستەڕوو سەبارەت بەرووداوەکانی تایبەت بەئاسایشی رۆژاڤا لەساڵی 2013داو ئەو پرۆسە خۆکوژییانەی کەهێزەکانی ئاسایشیان کردبووە ئامانج و شەهیدان و بریندارانی ئەو پرۆسانەو ژمارەی دەستگیرکراوەکان لەگرتووخانەکانی ئاسایشی رۆژاڤای کوردستاندا.

سەرەتای کۆنگرەکە، جوان ئیبراهیم فەرماندەی گشتیی هێزەکانی ئاسایشی رۆژاڤای کوردستان ئاماژەیکرد بەو وێرانکارییەی کەسورییەکان دووچاری بوونەتەوە لەساڵی 2013دا لەلایەن هێزەکانی رژێمی بەعس و هەندێک لەلایەنەکانی ئۆپۆزسیۆن و تەکفیرییەکانەوە کەقێزەونترین تاوانیان ئەنجامداوە وەکو سەربڕین و تاوانە ناشیرینەکانی دیکە بەتایبەت لەرۆژاڤای کوردستان لەژێر ئاڵای ئۆپۆزسیۆندا،

ئەوەش هۆکارێک بووە بۆ هەڵوێست و جموجۆڵی هێزەکانی ئاسایش بەمەبەستی دانانی سنوورێک بۆ ئەو تاوانە ڤێزەونانە.

رزگارکردنی شارو گوندەکان

فەرماندەی هێزەکانی ئاسایش روونیکردەوە کە ساڵی نوێ گۆڕانکاریی گەورە بەخۆیەوە دەبینێت و زۆرێک لەشارو شارۆچکەکانی رۆژاڤای کوردستان لەلایەن هێزەکانی ئاسایشەوە لەسەرەتای ساڵی نوێدا رزگاردەکرێن لەدەست رژێم و کەتیبە تەکفیرییەکان.

هیچ زیندانییەکی سیاسی نییە

جوان ئیبراهیم جەختیکردەوە کەهیچ زیندانییەکی سیاسی لەگرتووخانەکانی هێزەکانی ئاسایشدا نییەو ئەوانەش کەدەستگیرکراون لەسەر بنەمای تاوانی جیاجیا گیراون لەوانە: بەقاچاخبردنی ئاسەوارو بازرگانیکردن بەمادە هۆشبەرەکانەوە، ئاماژەشیدا کەدەرگای زیندانەکانیان کراوەن بۆ هەر میدیایەک بۆ دڵنیابوون لەوبارەوە.

ئاماری ساڵی 2013

لەکۆنگرەکەدا هێزەکانی ئاسایش ئامارێکی تایبەت بەساڵی 2013یان خستەڕوو و کۆپییەکیشی درایە دەست رۆژنامەنووسانی ئامادەبوو، ئامارەکە بەمجۆرە بوو :

18کردەوەی خۆکوژی لەدژی هێزەکانی ئاسایش، 38 بۆمبی چێنراو، پووچەڵکردنەوەی 55 بۆمبی چێنراو لەلایەن هێزەکانی ئاسایشەوە، 49 شەهیدو 57 بریندار لەهێزەکانی ئاسایش، دەستگیرکردنی 1533 تیرۆریست، 3582 کەس بەتاوانی جیاجیا دەستگیرکراون، 26425 کیلۆگرام مادەی هۆشبەرو رێژەیەکی زۆر لەحەشیشە دەستیان بەسەردا گیراوە.

لێبووردن لەسەرەتای ساڵی نوێدا

لەکۆتاییدا فەرماندەی گشتیی هێزەکانی ئاسایشی رۆژاڤای کوردستان رایگەیاند کەئێستا ئامادەکاری لەئارادایە بۆ دەرکردنی لێبووردن بۆ ئەو کەسانەی کەکێشەکانیان لەدادگا میللییەکاندا یەکلاییکراونەتەوە، ئاشکراشیکرد کەئەو هێزانە بەنیازن زیندانەکانیان لەڕۆژاڤای کوردستان بکەن بەسەنتەری چاکسازی و سازکردنەوەی زیندانیان.

رزگارکردنی شارۆچکەیەک

لەلایەکی دیکەوە، سەرچاوەیەک لەدەوروبەری شارۆچکەی تەل براک لەڕۆژئاوای قامیشلۆ رایگەیاند: یەکەکانی پاراستنی گەل لەئەنجامی هێرشێکدا بۆ سەر گروپە ئیسلامییە توندڕەوەکانی ناوچەکە، ئەو گروپانەیان تێکشکاندو شارۆچکەکەیان رزگار کرد.

جێی ئاماژەیە، شارۆچکەی تەل براک دەکەوێتە سەر رێگای قامیشلۆو حەسەکەو ژمارەی دانیشتووانی نزیکەی 10 هەزار کەسن لەکوردو عەرەب.

رۆژاڤا؛ ئاماری 2013ی توندوتیژیی دژ بەژنان

هەروەها لەقامیشلۆی رۆژاڤای کوردستان، رێکخراوی سارە-ی تایبەت بەنەهێشتنی توندوتیژیی دژی ژنان بەئامادەبوونی ژمارەیەک لەمیدیاکانو نوێنەرانی رێکخراوە سیاسیو کۆمەڵایەتییەکانی ژنان، کۆڕبەندێکی راگەیاندنی رێکخست.

لەکۆڕبەندەکەدا، هەندێک بابەت خرانەڕوو لەوانە: مێژووی درێژخایەنی پیادەکردنی توندوتیژی لەدژی ژنان لەکۆمەڵگە خۆرهەڵاتییەکانداو زەوتکردنی مافەکانیانو ئەشکەنجەی جۆراوجۆر کەژنان دووچاری بوونەتەوە، پاش ئەوە ئامارێک ئاشکرا کرا سەبارەت بەو ئەشکەنجەو توندوتیژییەی کەژنانی رۆژاڤای کوردستان دووچاری بوونەتەوە.

بەدرێژایی چەند دەیەیەک مافی زەوتکراوە

لەوکۆڕەبەندەدا، سەعدیە عەبدوڵڵا ئەندامی دەستەی سەرکردایەتیی رێکخراوی سارە وتارێکی پێشکەشکردو مێژووی توندوتیژی لەدژی ژنان خستەڕوو، ئاماژەشیدا بەڕۆڵی گرنگیی ژنان لەمێژووی گەلانو پەروەردەکردنی نەوەکانداو پاشان نمایشی ئەو ستەمەی کرد کەژنان لەسایەی پیاوسالاریدا دووچاری بوونەتەوە وەکو توندوتیژیو زەوتکردنی ماف و کوشتنو فرۆشتنیان.

1179حاڵەتی توندوتیژی لەساڵی 2013دا

سەبارەت بەتوندوتیژی لەدژی ژنان لەڕۆژاڤای کوردستان، نورا خەلیل ئەندامی لیژنەی راگەیاندنی رێکخراوی سارە رایگەیاند: جگە لەناوچەی کۆبانی، لەساڵی 2013دا 1179 حاڵەتی توندوتیژی لەدژی ژنان تۆمارکراون، 151 حاڵەتی جیابوونەوە، 36 حاڵەتی کوشتن، 21 حاڵەتی دەڵاڵی کردن بەسەر

ژنانەوە، 14 حاڵەتی دەستدرێژیی سێکسی، 23 حاڵەتی رفاندن، 11 حاڵەتی گێچەڵی سێکسی، 20 حاڵەتی ئالوودەبوون بەمادە هۆشبەرەکانەوە، 88 حاڵەتی هەڵخەڵەتاندن، 13 حاڵەتی بازرگانیکردن بەژنانەوە هەبووە.

پشتگیریکردن لەژنانی ستەملێکراو

لەکۆتایی کۆربەندەکەشدا، مونا عەبدولسەلام ئەندامی سەرکردایەتیی رێکخراوی سارە وتی: کاری لیژنەکان بریتییە لەبەدواداچوونی توندوتیژی لەدژی ژنان، چاکسازی لەهەر حاڵەتێکدا شایستەی چاکسازی بێت، لابردنی ستەم و توندوتیژی لەدژی ژنان، یارمەتیدانیانو هۆشیارکردنەوەیان لەپێناوی سەروەریو یەکسانیاندا لەهەموو بوارێکدا لەگەڵ پیاواندا.

رێکخراوی سارە

رێکخراوی سارە، رۆژی 2013/7/1، دامەزراوەو بارەگاکەی لەقامیشلۆیەو رێکخراوێکی گشتگیریو سەربەخۆیەو ژنانی هەموو پێکهاتەیەکی رەگەزیو نەتەوەیی کوردستان وەک ئەندام وەردەگرێت و کاردەکات بۆ نەهێشتنی توندوتیژیو کوشتن لەدژی ژنانو سازکردنیان لەڕووی کۆمەڵایەتیو دەروونیو ئابوورییەوە، جگە لەوەش یارمەتی راستەوخۆ پێشکەش دەکات بەقوربانیانی بەشوودانی زۆرەملێیو هەڕەشەی کوشتن بەبیانووی شەرەف، هەوڵیشدەدات پرۆژەی بچووکیان بۆ ئامادەبکات بۆئەوەی داهاتێکی گونجاویان هەبێت و نەبن بەئەرک بەسەر کەسانی دیکەوە .

هەڵوێستیکی ناڕەزایی لەپێناوی رۆبۆسکی-دا

لەلایەکی دیکەوە، بۆ یادی کارەساتی رۆبۆسکی، رۆژی 2013/12/28 ژمارەیەک لەڕۆشنبیران و رۆژنامەنووسانی کورد لەقامیشلۆ لەگۆڕەپانی شەهید (ئوصمان سەبری) گردبوونەوە بۆ ئیدانەکرنی ئەو تاوانە، هاوکات وێنەی قوربانیان و دروشمی جۆراوجۆریان بەرزکردبۆوە.

لەبەشێک لەدروشمەکاندا نووسرابوو (دایکان لەڕۆژاڤای کوردستان دەگرین بۆ 34 گەنجی رۆبۆسکی(

رۆژنامەنووس خۆشمان قادۆ وتی: دەمانەوێت بەم هەڵویستەمان دەنگمان بگەیەنین بەجیهان و بڵێین کات گۆڕاوەو دەتوانین دەنگمان بگەیەنین بەهەموو رێکخراوە نێودەوڵەتییەکان و کوشتنی گەنجانی کورد پەسەندناکەین و پێویستە جیهان لێپێچینەوە بکات لەگەڵ تاوانباراندا بەرامبەر بەو تاوانە گەورەیە کە لەدژی گەلی کورد کراوەو تاوانباران رادەستی دادگا نێودەوڵەتییەکان بکرێن و بێدەنگ نابین بەرامبەر بەو تاوانانەی لەدژی نەتەوەکەمان دەکرێن.

رۆشنبیر دارا محەمەد وتی: ئێمەی رۆشنبیرو رۆژنامەنووسی رۆژاڤای کوردستان کۆبووینەوە بۆ ئیدانەکردنی ئەو تاوانەو بەجیهان بڵێین ئەوانەی تاوانی تەلعران و تەل حاسڵیان ئەنجامدا هەر ئەوانەبوون ئەم قەسابخانەشیان پیادەکرد، وتیشی: پێویستە جیهان گوێبیستی گریانی دایکان بێت و لێپێچینەوە بکرێت لەگەڵ ئەنجامدەرانی ئەم تاوانە.

رۆژنامەنووس زانا عومەر وتی: دوو ساڵ لەمەوبەرو لەڕۆژێکی وەکو ئەمڕۆدا فڕۆکەکانی تورکیا تاوانێکی قێزەونیان ئەنجامدا بەرامبەر بەژمارەیەک لەخوێندکارانی کورد کەسەرقاڵی بازرگانی بوون لەسەر سنووری باکوورو باشووری کوردستان، بەڵام تائێستا تاوانبارانی ئەو قەسابخانەیە رادەستی دادگا نەکراون و هیچ گۆڕانکارییەکیش بەسەر ئەو کێشەیەدا نەهاتووە، بۆیە داوا لەجیهان دەکەین بەرپرسانی ئەو تاوانە رادەستی دادگا بکرێن و بەسزای خۆیان بگەن، هەروەها داوادەکەین لەهەموو برا کوردەکانمان لەهەر وڵاتێکدا هەن فشار بخەنە سەر دەوڵەتان بۆئەوەی ئەم کێشەیە بگاتە دەزگا نێودەوڵەتییەکان.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی نوێ - 30-12-2013

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 64

**زێرەڤان ئەکرەم مزوری**

http://www.kurdipedia.org/?q=2015012021134384662



رۆژی 20-01-2015 لە کۆبانێ بە قەناسی داعش شەهید بوو، ئەمە یەکەم شەهیدی پێشمەرگەیە لە کۆبانێ شەهید ببێت.

تایبەتمەندییەکانی بابەت


| | |
|---|---|
| ڕەگەزی کەس: | ♂پیاوان |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 65

## زەعیم کەندەش

http://www.kurdipedia.org/?q=2014060611393376611



لەساڵی 1972 لەشاری کۆبانێ لەدایک بووە و لەساڵی 1984 دەستی بە کاری هونەری کردووە. ناوبراو چەندین کۆنسێرتی مۆزیکی پێشکەش کردوە و هەروەها بەشداری چەندین جەژنی نەورۆزی کۆبانێ و لوبنان بووە.
سەرچاوە: ماڵپەڕی مالمۆ کورد - 06-06-2014

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | گۆرانیبێژ |
| ڕەگەزی کەس: | ♂پیاوان |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باکوور - بادینی |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | ڕۆژئاوای کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 66

## ژمارەی ئاوارەکانی کۆبانێ گەیشتووەتە 173 هەزار کەس

http://www.kurdipedia.org/?q=2014101013185911697 8

ژمارەی ئەو کەسانەی بەهۆی هێرشەکانی گرووپی داعش و شەڕ لە کۆبانێ ئاوارەی تورکیا بوون گەیشتە 173 هەزار کەس، کۆچی خەڵکی کۆبانێ بۆ شارەکانی تورکیا کە مانگێکە دەستیپێکردووە، تا چەند رۆژێک پێش ئێستا بەردەوامبوو و ئاوارەکان لە شارە سنوورییەکان نیشتەجێبوون.
هاوکات بەرپرسانی دەزگای فریاکەوتنی لەناکاو، لە وڵاتی تورکیا رایدەگەیێنن کە هەرچی لەدەستتیان بێت بۆ ئاوارەکان دەیکەن، ئەمەش لە کاتێکدایە کە خەڵکی ئەو شارەی رۆژئاوای کوردستان دۆخیان خراپە و پێویستییان بە هاوکاری زیاتر هەیە، بەهۆی گرژی و ئاڵۆزییەکان بەشێوەیەکی گشتی تاوەکو

ئێستا ملیۆنێک و 600 هەزار کەس لە سووریاوە ئاوارەی تورکیا بوون.
سەرچاوە: ماڵپەڕی رووداو - 10-10-2014

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| شارەکان: | کۆبانی |
| وڵات: | رۆژئاوای کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 67

## سۆزدار محەمەد قاسم ناسراو بە (پەیمان تۆڵهڵدان)

http://www.kurdipedia.org/?q=20140923143733116366

لە گوندی شێرانی کوبانی لە دایک بووە. رۆژی 09-09-2013 بەشدار بووە. رۆژی 16-09-2014 لە گوندت سەرزۆر شەهیدبوو.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 68

## سیامەند شڕناخ

http://www.kurdipedia.org/?q=20141012215436116984

رۆژی 10 ی تشرینی یەکەمی 2014 لە کۆبانێ شەهید بوو.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | یەکینەکانی پاراستنی گەلYPG - |
| رەگەزی کەس: | ♂پیاوان |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باکوور - بادینی |
| نەتەوە: | کورد |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 69

## سەبری ئەحمەد ناسراو بە (سەبری ئەحمەد)

http://www.kurdipedia.org/?q=20140920155713116243

لە گوندی قۆمجی شاری کوبانی لە دایک بووە. ڕۆژی 16-9-2014 لە زلخک گیانی لەدەستداوە.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 70

## سەرحەد کۆبانێ

http://www.kurdipedia.org/?q=20141012215435116983

ڕۆژی 10 ی تشرینی یەکەمی 2014 لە کۆبانێ شەهید بوو.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | یەکینەکانی پاراستنی گەلYPG - |
| ڕەگەزی کەس: | ♂پیاوان |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باکوور - بادینی |
| نەتەوە: | کورد |

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 71

## سەرۆکایەتی هەرێم ڕاگەیەندراوێکی توند دژی داگیرکەری سووری بڵاو دەکاتەوە

http://www.kurdipedia.org/?q=20141109131924778 94

ڕۆژی پێنجشەممە 6ـی تشرینی دووەم ڕۆژنامەی (الاخبار)ـی لوبنانی چاوپێکەوتنێکی وەلید ئەلموعەلیم، وەزیری دەرەوەی ڕژێمی سووریای بڵاو کردوەتەوە کە تێیدا ناوبراو قسەی چەواشەکارانەی لەبارەی سەرۆک بارزانی و کۆبانێ (کە ئەو بە عەینولعەرەب ناوی دەبات) کردووە .

لە وەڵامی ئەم بۆچوونە نابەجێیانەیدا بە پێویستی دەزانین رایبگەیەنین کە خەڵکی ڕۆژئاوا و بە تایبەتی کۆبانێ باشتر لە هەموو کەس دەزانن کێ هاوکاریی کردوون و، وەلید موعەلیم ئەو کەسە نییە کارتی نیشتیمانپەروەری دابەش بکات. ناشزانین لەبیری چووە یان لەبیر خۆی بردوەتەوە کە یەکەم سیاسەتی تەعریبی کوردستان لە سووریا و، لەسەر دەستی شۆڤێنییە هاوشێوەکانی موعەلیم دەستی پێکردووە.

وەلید ئەلموعەلیم لە چاوپێکەوتنەکەیدا ناوی بەڕێز ئۆجەلانیشی هێناوە. نازاندرێت بە چ ڕوویەک باسی ئۆجەلان دەکات؟ چونکە ئۆجەلان لای ئەوان بوو، کەچی دەستیان لێ بەردا و دەریان کرد و بەشدارییان لەو پیلانگێرییەدا کرد کە لە دژی بەڕێوە چوو. ئەگەر موعەلیم ڕاست دەکات و تۆسقاڵێک هەستی بەرانبەر کورد یان لایەنێکی کوردی هەبێت با ڕاشکاوانە و بوێرانە دان بە هەبوونی گەلی کورد لە سووریا بنێت.

د. ئومێد سەباح
گوتەبێژی فەرمیی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان
9ـی 11ـی 2014

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 72

## سەفقان جەجی ناسراو بە (هۆگر هاوار(

http://www.kurdipedia.org/?q=20140920155713116245

لە گوندی بەرخۆ بۆتانی شاری کوبانی لەدایک بووە. ساڵی 2013 بەشداری ریزەکانی YPG ی کردوە و رۆژی 18 ی ئەیلولی 2014 لە گوندی خانی گیانی لەدەستدا.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 73

## سەیران ئەر ناسراو بە زەرگا زوهال

http://www.kurdipedia.org/?q=20141020210642117022

لە مێردین لەدایک بووە، لە رۆژی 15ی تشرینی یەکەم لەکۆبانیێ شەهیدبوو.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | یەکینەکانی پاراستنی گەلYPG - |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باکوور - بادینی |
| نەتەوە: | کورد |

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 74

## ش. رۆکەن

http://www.kurdipedia.org/?q=20140712193250101066




له 2014-05-05 له بەرگریكردن له کوبانێ گیانی لەدەستدا.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| رەگەزی کەس: | ♀خانمان |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | رۆژئاوای کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 75

## شوکران باکان ناسراو بە رۆناهی رۆژهەڵات

http://www.kurdipedia.org/?q=20141020210638117017

لەشاری بەدلیس لەدایک بووە و لە رۆژی 15ی تشرینی یەکەم لەکۆبانێ شەهیدبوو.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | یەکینەکانی پاراستنی گەلYPG - |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باکوور - بادینی |
| نەتەوە: | کورد |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 76

## شیرین حەسەن ناسراو بە (ڤیان رۆستەم)

http://www.kurdipedia.org/?q=20141003171756116504



له کوبانێ له دایک بووە. ساڵی 2013 له کوبانێ بەشدار بووە. رۆژی 30-09-2014 له گوندی سفتک شەهید بوو.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | یەکینەکانی پاراستنی گەلYPG - |
| رەگەزی کەس: | ♀خانمان |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باکوور - بادینی |
| شارەکان: | کۆبانی |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | رۆژئاوای کوردستان |


کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 77

## شەهیدانی کۆبانێ

http://www.kurdipedia.org/?q=20150126225809676663



...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

شارەکان: کۆبانی

وڵات: رۆژئاوای کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 78

## شەڕڤانێکی ئەمریکی لە کۆبانی

http://www.kurdipedia.org/?q=20141023115046777800



دوای ئەوەی دوو ساڵ خزمەتی سەربازی لە ریزی سوپای ئەمریکا دەکات، دوای چەند ساڵێک لە وازهێنانی، دووبارە جلە سەربازییەکانی دەکاتەوە بەری، بەڵام ئەمجارە بۆ ئەوەی لە کۆبانێ ببێتە شەڕڤان و لە ریزی کورد شەڕی داعش بکات.

جۆردەن ماتسۆن، بەهۆکاری کەسیی ناچار بووە واز لە سوپای ئەمریکا بهێنێت، چەند مانگێک بەر لە ئێستا لە شیکاگۆوە هاتووەتە ئیستەنبوڵ، لەوێشەوە هاتووەتە ئامەد، دواتر هاتووەتە عێراق و دواتریش رووی کردووەتە رۆژئاوای کوردستان.

ماوەیەکی کەم دوای ئەوەی دەست بەشەڕ دەکاتەوە، بەهۆی هێرشێکی چەکدارانی داعش لە رێگەی هاوەنەوە بە سووکی بریندار دەبێت، لە نەخۆشخانەی دێریک لە باکووری کوردستان چارەسەر وەردەگرێت و دەیەوێ دووبارە بگەڕێتەوە بەرەکانی شەڕ.

لە چاوپێکەوتنێکدا ماتسۆن وەڵامی هۆکاری هاتن و چەند رەهەندێکی جودای شەڕی رۆژئاوای کوردستان دەداتەوە.

لە وەڵامی پرسیاری کە ئایا چۆن بوو وەک سەربازێکی پێشووی سوپای ئەمریکا بریارتدا بۆ شەڕی دژ بە داعش بێیتە رۆژئاوا؟ ماتسۆن گوتی: "سێ ساڵە داعش هێزی خۆی پەرەپێدەدات، ئەوانەی وەک خۆیشی بیر ناکەنەوە هێرشیان دەکاتە سەر و کۆمەڵکوژیان دەکات، هێزە نێودەوڵەتییەکانیش لە تەماشاکەرێک زیاتر نین، ئەمەش منی زۆر ناڕەحەت کرد، بۆیە ئەگەر هیچ کەسێکیتر ئەمە نەکات، من بریارمدا بێم و ئەم خەڵکە بپارێزم."

جۆردان ماتسۆن دەڵێ، کە ئەو دوو ساڵەی لە سوپای ئەمریکا بووە داوای لێکراوە لە دەرەوەی وڵاتەکەی ئەرکی سەربازی بەجێ بگەیەنێت، ئەو ئەرکەی بەجێنەگەیاندووە و نەچووە، بەڵام ئامادەبووە بێتە رۆژئاوای کوردستان و لەبەرەی شەڕڤانانی یەکینەکانی پاراستنی گەل (یەپەگە) شەڕی داعش بکات.
ماتسۆن هاوکات کریستیانێکی بڕوادارە و دەڵێ: "کریستیانەکان لەم ناوچەیە پێیاندەگوترێ یان ببنە مسوڵمان یان دەتانکوژین، بەڵام لەوەتەی هاتوومەتە نێو کوردەکان لە خۆشەویستی زیاتر بەرەورووی هیچ نەبوومەتەوە، لێرە مسوڵمانێک منی بردە کڵێسا، لەم بەشەی وڵاتی سووریا خەڵک بە یەکسانی مامەڵە لەگەڵ یەکتریدا دەکەن، سەرەتا کە هاتم بە ئامانجی پاراستنی کریستیانەکان هاتم، بەڵام کە گەیشتمە ئێرە دوای ماوەیەک دەستم بەشەڕ کرد بۆ پاراستنی هەموو کۆمەڵگا، لێرە مرۆڤەکان بە رێز و خۆشەویستییەوە لەگەڵ یەکدی دەژین."
ئەو شەڕڤانە ئەمریکی نەژادە رایدەگەیەنێت، کە هاتنی بۆ رۆژئاوا ئاسان نەبووە، "تابلێی بڕیارێکی سەخت بوو، کەسێک کە هیچ لە ئەمریکا نەهاتووەتە دەرەوە لەپڕ دێتە ئەوسەری دونیا، دایک و باوکیشم سەلامەتی منیان دەویست، بەڵام کە پێداگری منیان بینی رێگرییان نەکرد، بەڵکو هاوکارم بوون، ژمارەیەک سەربازی دیکەی ئەمریکیش دەیانەوێ بێن و لێرە شەڕ بکەن، لەگەڵ ئەوان لەپەیوەندیدام، بەسەدانن، زۆربەیان سەربازانی پێشووی ئەمریکان."
ماتسۆن باسی کورد دەکات و دەڵێ: "کورد هەر کەسێک بۆ هاوکاریکردنیان دێت زۆر نزیک نیشانی دەدەن، وەک ئەوەی ناوبانگێکی گەورەم هەبێت ئاوا مامەڵەم دەکەن، لە خۆشەویستی زیاتر لەم مرۆڤانە نابینم."
ئەو شەڕڤانە باسی زمانی ئاخاوتنی خۆی لەگەڵ شەڕڤانانی یەپەگە دەکات و دەڵێ: "لەوەتی هاتووم کەمێک کوردییان فێرکردووم، ئەوانیش هەندێک ئینگلیزی دەزانن، ئەوەی لەو نێوەدا دەمێنێتەوە بە زمانی جەستە لەیەک حاڵی دەبین."
ماتسۆن باسی هۆکاری نەکەوتنی کۆبانێ دەکات و دەڵێ: "زۆربەی ئەوانەی لێرە شەڕ دەکەن راهێنانێکی سەرەتایی سەربازییان وەرگرتووە، بەڵام ئازایەتییەکی لەبن نەهاتوویان هەیە، نیازیان بە شکستهێنان نییە و تا قوڵایی مەترسییەکان دەڕۆن و لەپاڵ سەریانەوە خێزانەکانیان دەپارێزن، داعش موسڵی بە سێ رۆژ گرت، مانگێک زیاترە ناتوانێ کۆبانێ بگرێت، هۆکارەکەی ئەوەیە کە ستراتیژەتێکی جیدی و فەرماندارییەکی بەهێز هەیە لە کۆبانێ."
سەرچاوە: ماڵپەڕی رووداو - 23-10-2014

تایبەتمەندییەکانی بابەت


وڵات: رۆژئاوای کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 79

## عومەر تۆپداس ناسراو بە (رەشۆ ئامەد(

http://www.kurdipedia.org/?q=20141004120911116556




له ناوچەی هەزرۆی شاری ئامەدی باکووری کوردستان لە دایک بووە. ساڵی 2014 بەشداری کردوە. رۆژی 29-099-2014 لە بەرەی باشووری کوبانێ شەهید بوو.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | یەکینەکانی پاراستنی گەلYPG - |
| رەگەزی کەس: | ♂پیاوان |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باکوور - بادینی |
| شارەکان: | ئامەد |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | باکووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 80

## عیسامەدین ئەکنجی ناسراو بە باهۆز هاتران

http://www.kurdipedia.org/?q=20141020210647117027

لەشاری سێرتی باکووری کوردستان لەدایک بووە، لە رۆژی 15ی تشرینی یەکەم لەکۆبانێ شەهیدبوو.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | یەکینەکانی پاراستنی گەلYPG - |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باکوور - بادینی |
| نەتەوە: | کورد |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 81

## عیسمەت شێخ حەسەن

http://www.kurdipedia.org/?q=20141203095444478119



وەزیری بەرگری کانتۆنی کۆبانێ

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | وەزیر |
| رەگەزی کەس: | ♂پیاوان |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باکوور - بادینی |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | رۆژئاوای کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 82

## عەبدوڵلا سینار ناسراو بە شەڕڤان ئەحمەد

http://www.kurdipedia.org/?q=20141020210645117025

لەشاری ئامەدی باکووری کوردستان لەدایک بووە، لە رۆژی 15ی تشرینی یەکەم لەکۆبانێ شەهیدبوو.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | یەکینەکانی پاراستنی گەلYPG - |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باکوور - بادینی |
| نەتەوە: | کورد |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 83

## فرات ئەلتەر ناسراو بە ئومێد وڵات

http://www.kurdipedia.org/?q=20141020210649117029

لەشاری وانی باکووری کوردستان لەدایک بووە، لە رۆژی 15ی تشرینی یەکەم لەکۆبانێ شەهیدبوو.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | یەکینەکانی پاراستنی گەلYPG - |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باکوور - بادینی |
| نەتەوە: | کورد |

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 84

**فەوزیە خەلیل ناسراو بە (مزگین جودی(**

http://www.kurdipedia.org/?q=20140923143733116365

لە گوندی بۆرازی کوبانی لە دایک بووە. رۆژی 09-12-2013 بەشدار بووە. رۆژی 16-09-2014 لە گوندت سەرزۆر شەهیدبوو.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 85

**فەوزیە شاهین ناسراو بە (بەرفین چیا(**

http://www.kurdipedia.org/?q=20140923143733116367

لە گوندی بیلالی کوبانی لە دایک بووە. رۆژی 21-03-2013 بەشدار بووە. رۆژی 16-09-2014 لە گوندت سەرزۆر شەهیدبوو.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 86

**گارزان عەفرین**

http://www.kurdipedia.org/?q=20141012215437116985

رۆژی 10 ی تشرینی یەکەمی 2014 لە کۆبانێ شەهید بوو.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | یەکینەکانی پاراستنی گەلYPG - |
| رەگەزی کەس: | ♂پیاوان |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باکوور - بادینی |
| نەتەوە: | کورد |

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 87

**لێدوانێک لە سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان لەبارەی ڕەوشی کۆبانێ**

http://www.kurdipedia.org/?q=20141007230028777712

سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان هەر لەسەرەتای هەڕەشە و پەلامارەکانی تیرۆریستانی داعش بۆ سەر کۆبانێ، پاڵپشتی کۆبانێ و خەڵکی ڕۆژئاوای کوردستان بووە و سەرۆک بارزانی زۆر بە پەرۆشەوە بەدواداچوونی بۆ بارودۆخی ئاوارەکان و ڕەوشی کۆبانێ کردووە و لە 19ـی ئەیلوولی 2014 لە پەیامێکدا داوای لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی کرد کە کۆبانێ لە هەڕەشەی تیرۆریستان بپارێزن و پەلاماری داعشی بۆسەر کۆبانێ بە نەفیرعام لەدژی گەلی کورد وەسف کرد.

پاش ڕووداوەکانی چەند ڕۆژی ڕابردوو و چڕتربوونی هێرشی تیرۆریستانی داعش بۆ سەر کۆبانێ، سەرۆکی هەرێمی کوردستان جەخت لە هەمان هەڵوێست دەکاتەوە و داوا لە وڵاتانی بەشداربوو لە هاوپەیمانێتیی شەڕی دژی داعش دەکات کە هاوکاری خەڵک و خەباتکارانی کۆبانێ بن بۆ بەرەنگاربوونەوەی هێزەکانی ڕێکخراوی تیرۆریستیی داعش. سەرۆک بارزانی داوا لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەکات بە هانای خەڵکی کۆبانێ و پەنابەران بچن کە لەبەر هەڕەشەی داعش پەنایان بۆ ئەو دیوی سنوور بردووە.

لەم دۆخە نالەبارەی کۆبانێ تێیکەوتووە سەرۆکایەتیی هەرێم و گەلی کوردستان پاڵپشت و هاوپەیمانی خوشک و برایانی خۆیانن لە کۆبانێ و ڕۆژئاوای کوردستان.

د. فواد حوسێن
سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان
7ـی ئۆکتۆبەری 2014

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 88

**لە (24) کاتژمێری رابردوو لە کوبانێ (72) چەتەی داعش کوژران**

http://www.kurdipedia.org/?q=20140918114403775l6

ناوەندی چاپەمەنی YPG ئاماری شەڕ و پێکدادانەکانی (24) کاتژمێری رابردوو لە کوبانێ راگەیاند و دەستنیشانیکرد کە (72) ئەندامی گروپە چەتەکانی داعش کوژراون و دەیانی دیکەش بریندار بوون و (4) ئۆتۆمبیلی چەتەکانیش تێکشکێندرا. ناوەندی چاپەمەنی یەکینەکانی پاراستنی گەل (YPG) سەبارەت بە شەڕ و پێکدادانەکانی 24 کاتژمێری رابردوو لە دژی گروپە چەتەکانی داعش لە هەرێمی کوبانی لێدوانێکی نوسراوەی بلاو کردەوە. بە پێی لێدوانەکەی YPG کە لە ماڵپەری فەرمی خۆیدا بڵاوی کردوتەوەدا هاتووە:" لە دژی گروپە چەتەکانی دەوڵەتی ئیسلامی ئێراق و بیلادی شام(داعش)

لە دوو رۆژ پێش ئێستاوە لە بەرەکانی رۆژهەڵات و رۆژئاوای کوبانی هێرش ئەنجام دەدەن، بەرخۆدانی هێزەکانمان بەردەوامە ."
YPGراشیگەیاند کە لە و چوارچێوەیەدا هێزەکانیان دوێنێ لە کاتژمێر 13:00 لە دژی گروپە چەتەکانی داعش کە لە گوندی بۆراز خۆیان جێگیر کردبوو چالاکییەکیان ئەنجامداوە. لە دوای چالاکییەکە لە گوندەکەدا شەڕ و پێکداادانی دژوار روویداوە و لە ئەنجامدا (8) ئەندامی گروپە چەتەکانی داعش کوژراون و دەیانی دیکەش بریندار بوون. هەروەها یەکینەکانمان لە کاتژمێر 14:00 بەرپەرچێکی توندی چەتەکانی داعش دەدەنەوە کە دەیانەویست هێرش بکەنە سەر گوندی دوغیرمانی رۆژئاوای کوبانێ و لە ئەنجامدا شەڕ و پێکدادان روودەدات و لە ئاکامدا (12) ئەندامی چەتەکانی داعش کوژران و ژمارەیەکیش بریندار بوون. لەم چالاکییەدا رێ هەڤاڵێکمان بە قارەمانێتی شەڕ دەکات و بەشداری کاروانی شەهیدان دەبێت.
لەلایەکی دیکەوە هێزێکی پاڵپشتی گروپە چەتەکانی داعش کە بە هانای هێزەکانیانەوە لە گوندی گۆبرلیکەوە دەچوو، دەکەوێتە بۆسەی شەڕڤانانی YPG ەوە و لە ئەنجامدا (13) ئەندامی گروپە چەتەکانی داعش دەکوژرێن و ئۆتۆمبیلێکی چەتەکانیش تێکشکێندرا. هەروەها لە نێوانگوندەکانی زۆرمێخار و زیارەتی رۆژئاوای کوبانێش لە دژی گروپە چەتەکانی داعش چالاکییەک ئەنجامدراوە و لە ئەکامدا (3) ئۆتۆمبیلی چەتەکان تێکشکێندراوە و (15) ئەندامی چەتەکانی داعشیش کوژران. هاوکات لە نزیک گوندی مەحمودیەش هێزەکانی YPG لە دژی گروپە چەتەکانی داعش بۆسە دەنێنە و و لە بۆسەکەدا (4) ئەندامی چەتەکان کوژراون YPG .راشیگەیاند کە هێزەکانیان لە گوندەکانی قز عەلی، جرن، سەرزۆرێ، پرکەتژ، زرک، سەرێنج، دەنایک، هوریە و ئاشمێ لە دژی گروپە چەتەکانی دەوڵەتی ئیسلامی ئێراق و بیلادی شام(داعش) چالاکیان ئەنجامداوە و شەڕ و پێکدادان دژوار روویداوە و دەیان ئەندامی چەتەکانی داعش کوژران و ژمارەیەکی زۆریش بریندار بوون. شەڕ و پێکدادانەکان بەردەوام دەکات و چالاکی ئەنجامدراوە و بە گوێرەی زانیارییەکان تا ئێستا (72) ئەندامی چەتەکانی داعش کوژراون."
سەرچاوە: ماڵپەڕی فرات نیوز - 2014-09-18

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| شارەکان: | کۆبانی |
| وڵات: | رۆژئاوای کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 89

## لە شەڕی نێوان شەڕڤانانی یەپەگە و داعش کە 112 رۆژی خایاند، بەپێی ئامارەکانی روانگە 1313 چەکدار لە هەردوولادا کوژراون

http://www.kurdipedia.org/?q=20150126155855567629

بەپێی راگەیەندراوێکی روانگەی مافەکانی مرۆڤ لە سوریا، لە 6ی تشرینی یەکەمی 2014، داعش بۆ یەکەمجار ئاڵا رەشەکەیان لە دەوروبەری کۆبانێ هەڵکرد و لە شەڕی نێوان شەڕڤانانی یەپەگە و داعش کە 112 رۆژی خایاند، بەپێی ئامارەکانی روانگە 1313 چەکدار لە هەردوولادا کوژراون، کە 979یان چەکداری داعشن و لەوانەش 38 چەکداریان کردەوەی خۆکوژییان ئەنجامداوە، لەبەرانبەریشدا 324 شەڕەڤانی یەپەگە شەهیدبوون.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2015-01-26

تایبەتمەندییەکانی بابەت
پارت / لایەن: داعش
جۆری ئامار و راپرسی: تاوانی جەنگ
شارەکان: کۆبانی
وڵات: رۆژئاوای کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 90

## له ماوەی چوار مانگدا، 80 کەس دژی گیرانی ئۆجەلان خۆیان سوتاندووە

http://www.kurdipedia.org/?q=2014021312303592908

خەندان شاسوار مامە
لەماوەی چوار مانگدا لە زیندانەکانی تورکیا 80 کەس دژی گیرانی ئۆجەلان ئاگریان لە جەستەی خۆیان بەرداوە.
لە مانگی 10ی 1998 عەبدوڵا ئۆجەلان، رێبەری پەکەکە ناچارکرا سوریا بەرە و ئەوروپا جێبێڵێت و لە پیلانگێرییەکی نێودەوڵەتیدا کە زیاتر لە چوار مانگی خایاند، سەرەنجام لە 15ی شوباتی 1999 لە نەیروبی پایتەختی کینیا دەستگیرکرا و رادەستی تورکیا کرایەوە، بەپێی ئە و زانیارییانەی خەندان لە سەرچاوەکانی نزیک لە پەکەکە دەستیکەوتووە، لە نێوان 9 ی 10ی 1998 بۆ15ی شوباتی 1999 لە دژی دەستگیرکردنی عەبدوڵا ئۆجەلان.
لە چەندین ناوچەی کوردستان بە تایبەت لە زیندانەکانی تورکیا نزیکەی 80 کەس ئاگریان لە جەستەی خۆیان بەرداوە یان کردەی خۆکوژییان بە و هۆیەوە ئەنجامداوە و بە و شێوەیە لە دژی دەستگیرکردنی ئۆجەلان وەستانەوە، خۆسوتاندنی گەنجان لە دژی دەستگیرکردنی ئۆجەلان هەرتەشەنەی دەکرد تا لە زیندانەوە ئۆجەلان پەیامێکی نارد و داوای کرد هیچ کەس ئە و چالاکییە نەکات و لە بری ئەوە دەست بە خەبات بکەن.
وێرای بانگەوازییەکەی رێبەری پەکەکە، بەڵام لە و کاتەشەوە تائێستا چەندین کەسی دیکە بە و هۆیەوە ئاگریان لە جەستەی خۆیان بەرداوە لە هەردوو رەگەز لە هەموو بەشەکانی کوردستان، ئە و کەسانەی خۆیان سوتاندووە، لەدوای خۆیان پەیامێکیان جێهێشتووە و ئە و کارەیان وەک چالاکی ناودێر دەکەن .
دواترین خۆسوتاندنیش لە رۆژئاوای کوردستان بوو، کە لە رۆژانی رابردوو گەنجێکی شاری کۆبانی لە یادی دەستگیرکردنی ئۆجەلاندا ئاگری لە جەستەی خۆی بەردا.
بەشێک لە و کەسانەی خۆیان سوتاندووە:
محەمەد خالد ئۆرال 9 / 10 / 1998 زیندانی مەرەش
موراد کایا 18/ 10 / 1998 زیندانی بارتن
محەمەد گوڵ 19 / 10 / 1998 زیندانی ئەماسیا
عەلی ئایدن 20 / 10 / 1998 زیندانی بارتن
مەرال کاشۆتوراجاک 20/ 10 / 1998 زیندانی چەناک قالە
بولەند بایرام 21/ 10 / 1998 زیندانی ئادیەمان
عیسمەت ئینانج 22/ 10 / 1998 زیندانی یۆزگات
حەسەن عیسا حەسەن 22 / 10 / 1998 قامیشلی
فەتاح قەرە تاش 22/ 10 / 1998 ئامەد
سەلامەت مەنتەش 22/ 10 / 1998 زیندانی میدیات

ئاینور ئارتان 23/ 10 / 1998 زیندانی میدیات
محەمەد باریانک 23/ 10 / 1998 زیندانی ئەلەبستان مەڕەش
جەنەت گونەش 24/ 10 / 1998 زیندانی عەنتاب
سەیری ئیپەک 24/ 10 / 1998 زیندانی ساکاریا
ئایسەل جەیلان 24/ 10 / 1998 زیندانی ساکاریا
سەمەد ئۆکتای 24/ 10 / 1998 زیندانی کۆنیا
میرزا سەڤیملی 26 / 10 / 1998 زیندانی ئەرزرۆم
موسلیم موحەمەد 26 / 10 / 1998 زیندانی عەنتاب
کەنعان قەرە حەسەنۆ- لی 26 / 10 / 1998 زیندانی ئەرزرۆم
بەرزان ئۆزتورک 1 / 11 / 1998 ئەڵمانیا (لە 1999 / 1 / 4دا شەهید بوو(
محەمەد ئایدن 13/ 11 / 1998 زیندانی چەناک قالە
ئەرداڵ چەکەن 13 / 11 / 1998 زیندانی ماردین
عەباس سەرتکایا 14 / 11 / 1998 زیندانی عومرانی
عیسمەت ئاکای 14 / 11 / 1998 زیندانی ئادیەمان
موحەییەدین سەڤیملی 15 / 11 / 1998 زیندانی ئامەد
عومەر شەن 15 / 11 / 1998 زیندانی عومرانی
عەدنان ئۆزجان 15 / 11 / 1998 زیندانی بورسا
قادری ئیلهان 16 / 11 / 1998 زیندانی سێرت
سیراجەدین حەسەن 16 / 11 / 1998 زیندانی بورسا
ڕەمەزان مالکۆچ 16 / 11 / 1998 زیندانی عومرانی
عەزیمە ئینان 16 / 11 / 1998 زیندانی باتمان
ڕەمزیە زەنگین 16 / 11 / 1998 زیندانی باتمان
ئیدریس باشاران 16 / 11 / 1998 زیندانی جەیهان
حانیفی کوزو 16 / 11 / 1998 زیندانی سێرت
حەمدوڵلا داشجی 16 / 11 / 1998 زیندانی ماردین
عەلی ئەربەک 16 / 11 / 1998 زیندانی ماردین
مستەفا شاهین 16 / 11 / 1998 ئەڵمانیا
ئەحمەد یڵدرم 17 / 11 / 1998 مۆسکۆ
محەمەد تورگای 17 / 11 / 1998 زیندانی کۆنیا
زەینەب عەرەب 17 / 11 / 1998 زیندانی عەنتاب
ڕەمەزان ئدیبەللی 17 / 11 / 1998 زیندانی کۆنیا
ڕەمزی ئاککوش 17/ 11 / 1998 مۆسکۆ
فاتمە ئۆزەن ڕۆژبین 17 / 11 / 1998 یوکسەک ئۆڤا چالاکی فیدائی
ئەمروڵلا داملایجی 18 / 11 / 1998 قامیشلی
سولەیمان گولتەکین 18 / 11 / 1998 زیندانی ترابزۆن
سەیت بایرام 18 / 11 / 1998 دێرک باشووری ڕۆژئاوا
زولکیف یڵماز 18 / 11 / 1998 ڕۆما
فەتحیە عەبدوڵلا 18 / 11 / 1998 زیندانی مەلاتیە
عوسمان تینیت 18 / 11 / 1998 زیندانی مەلاتیە
فازل سولوک 19 / 11 / 1998 زیندانی عەنتاب
خەلیل ئاکنجی 19 / 11 / 1998 زیندانی بورسا
جەنگیز کایا 19 / 11 / 1998 زندانی ئاگری
حەمید چاکر 1998/11/19 ئامەد، لە ئەنجامی ئەشکەنجەدا شەهید بوو
مەتین یورتسەڤەر 11/20 / 1998 کۆجائەلی لە ئەنجامی ئەشکەنجەدا شەهید بوو
زەهرا رزگار 27 / 11 / 1998 ڕۆژهەڵاتی کوردستان
نوری ئاجار 27 / 11 / 1998 زیندانی ئۆردو

میرزا چوبوکچو 27/ 11 / 1998 زیندانی باتمان لەئەنجامی مانگرتن شەهیدبوو
جەمیل ئۆزاڵپ 27 / 11 / 1998 ئامەد
حوسنییە ئۆروچ بنەوش 1 / 12 / 1998 لیجە چالاکی فیدائی
حەسەن تاشکن 3 /12 / 1998 ئەڵمانیا
جیهاد شێخۆ 10 /12 / 1998 قوبروس
تاقیبە گولتەکین 12/12 / 1998 زیندانی سیواس
خەدیجە فالای 13 / 12 / 1998 ئەستەمبوڵ
گولستان تاش 12/16 / 1998 باتمان
تایلان ئۆزگور قەهرەمان 12/21 / 1998 ئەڵمانیا
محێدین ئشک 12/24 / 1998 عەنتاب
حەمدییە کاپان بەروار 24 / 12 / 1998 وان چالاکی فیدائی
ئەرداڵ ئاکسو 29 / 10 / 1998 لەچالاکی رفاندنی فرۆکەدا .
سیروان رەئوف 1999-2-17 سلێمانی
فەلات قادر 1999/2/25 یوکسەک ئۆڤا چالاکی فیدائی
نورەدین شاهین فەرهاد بەروار 3/5/ 1999 باشکەلە چالاکی فیدائی
شاهین حوسێن عاکیف 10 / 3 / 1999 دهۆک چالاکی فیدائی
دیلان گەڤەر حوزەیران /1999 ئەرزرۆم چالاکی فیدائی
باقی تاتلی باران شاهین 5 / 4 / 1999 چالاکی گیانبازی لەسەر پارێزگاری بینگۆل
نەزهات باراجی شەهرستان بۆتان 1999
یاڤوز گوزەل 30 / 11 / 1999 زیندانی بارتن خۆی سووتاند و لە 1999/12/6 لە نەخۆشخانە شەهیدبوو .

حوکمیە سەیهان رووکەن بێریتان 12 / 1999 یەکێتی سۆڤیەت.
رێناس 30-6-1999 زیندانی ورمێ
سیپان 1999 زیندانی ئاکرێ - باشووری کوردستان.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 13-02-2014

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 91

## لە ماوەی یەک ساڵ نزیکەی یەک ملیۆن و 650 هەزار کەس لە تورکمان و کورد و عەرەب لە سووریاوە بۆ تورکیا هاتوون

http://www.kurdipedia.org/?q=20141127153237 78077

بەپێی هەواڵێکی ئاژانسی هەواڵی ئانادۆڵ، داودئۆغلو ئاماژەی بەوە دا کە لە ماوەی یەک ساڵ نزیکەی یەک ملیۆن و 650 هەزار کەس لە تورکمان و کورد و عەرەب لە سووریاوە بۆ تورکیا هاتوون بەتایبەتی لە 17-19ی تشرینی یەکەم نزیکەی 134 هەزار کەس لە کۆبانێوە بەرە و تورکیا هەڵاتوون و ئەوانیش بەگەرمییەوە پێشوازیان لێ کردوون.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 27-11-2014

تایبەتمەندییەکانی بابەت
جۆری ئامار و راپرسی: پەناهاندە

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 92

**لە کوبانێ زیاتر لە 65 هەزار ئاوارە تەنها لە 24 کاتژمێردا**

http://www.kurdipedia.org/?q=2014092110513977574

هاوراز ئەحمەد

دوای ئەوە چەکدارانی داعش، هێرشەکانیان لە ناوخاکی سوریادا چڕکردەوە و دەستیان گرت بەسەر چەند گوندێکی دەوروبەری کۆبانی دا، نزیکەی 66 هەزار هاوڵاتی کە بەشێکی زۆریان کوردی سوریان، لەترسی چەکدارانی داعش ئاوارەی تورکیا بوون.

دوای ئەوەی رۆژی هەینی وڵاتی تورکیا سنوورەکانی بەڕووی کوبانی دا کردەوە، بە دەیان هەزار کوردی رۆژئاوا لە ترسی هێرشەکانی چەکدارانی داعش، ماڵ و حاڵی خۆیان جێهێشتوو ئاوارەی تورکیا بوون.

رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکانیش باس لەوە دەکات بەهۆی زیادبوونی ژمارەی ئاوارەکانەوە هەوڵەکانیان چڕکردوەتەوە بۆ گەیاندنی هاوکاری مرۆیی.

لە کاتی سەرهەڵدانی شۆڕشەکانی سوریاوە لە دژی رژێمەکەی بەشار ئەسەد، نزیکەی 847 هەزار هاوڵاتی ئاوارەی تورکیابوون، بەڵام کردنەوەی سنوورەکانی تورکیا بەڕووی ئاوارەکانی سوریا بووە هۆی ئەوەی تەنیا لەماوەی 24 کاتژمێردا، زیاد لە 60 هەزار کوردی سوریا پڕۆنە ناو خاکی تورکیاوە.

رۆژی شەممە، نوعمان کورتوڵمش، جێگری سەرۆک وەزیرانی تورکیا رایگەیاند کە "تەنیا لەماوەی 24 کاتژمێردا زیاد لە 60 هەزار کوردی سوریا هاتوونەتە ناو خاکی تورکیاوە."

سەرچاوەیەکی رەسمی لە حکومەتی تورکیاوە بە کەناڵی BBC راگەیاندووە کە ژمارەکە نزیکبۆتەوە لە 66 هەزار ئاوارە.

سەرچاوە BBC :

سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2014-09-21

تایبەتمەندییەکانی بابەت

شارەکان: کۆبانی

وڵات: رۆژئاوای کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 93

**لەچەقۆی میوەوە بۆ شمشێری ئیمان**

http://www.kurdipedia.org/?q=2014112317480178032

خەسرەو حەمەکەریم

من بۆخۆم خەلکی هەڵەبجەم، منداڵی گەڕەکی پیرمحەمەدم، لەدایکێکی عەبابەیلێیی و باوکێکی گیڵدەرەیی،کەلە شاری هەڵەبجە یەکیاندیووە و زەواجیانکردووە هاتومەتە دونیاوە، لەمنداڵی و بەتایبەت لە کۆتایی قۆناغی سەرەتایی قوتابخانەی سەرکەوتنەوە ئاشنابووم بە گەنجە

سەلەفیە(ئیخوانەکان)دەمارگیرە ئیسلامیەکانەوە و منیش بومە هاوسەلەفیان، هەندێک گەنجی بێ عەقلبووین، گەورەکانمان گەنگە موویان هیشتبوویەوە لەبری ڕیش و گوێیەکمان کردبوویە سەد گوێ بۆ ئەومامۆستا بێ عەقل و حەرامزادانەی قوتابخانەکانمان کە نەویژدانیان هەبوو نەئیمان، لەبری ئەحیا باسی خوابوو، لەبری عەرەبی باسی پێغەمبەر، لەبری فیزیا باسی عومەر و خالد و لەبری ماتماتیک باسی شمشێرەکەی عەلیان بۆدەکردین، دواتریش کەدەر نەدەچوین لە دەرسەکانیاندا بەچاوپۆشین بۆ پلەی بەرزی ئیمانمان دەریاندەچاندین،
ئەم بێ ئەخلاقییانەی هەندێک لە مامۆستاکانمان بویە ڕەنگدانەوەی بێ ئەخلاقی بۆ ئێمەیش، و هەتا پۆلی سێ ی ناوەندی ملهور ملهور چووەسەر بۆیان و بۆمان، فێری ڕق بووین، فێری تف بووین، فێری دەرگا داخستن بوین بەروی هەر کەسێکدا کە ئیمانی بتەو نەبێت، ڕقی لە نوێژنەکەران نەبێت، رقی لەوکچ و خوشک ئامۆزاو خاڵۆزاو هاورێ و هاوسێ و خزمانەیش نەبێت کە قاچیان ڕووتدەکرد و تەنورەیان دەپۆشی، ڕقمان لەهەموو ئەوکەسانەبوون کە بەچاوێکی تر سەیری بتەوی ئیمانی ئێمەی گەنجانیان دەکرد، هەتا رقمان لەوانەیش دەبویەوە نوێژیان دەکرد وەلێ هامۆشۆی مزگەوتیان نەدەکرد.چەقۆی میوەمان لەمقەباوە دەپێچاو بۆخۆپاراستن لەهیچ لبنی باخەڵمان دەنا.
دواتر بومە هاورێی هەندێک کوری گەنج و جوان و بتەوی هەست ناسک، خەونیان تۆپێن و وێنەکیشان و باز بازێن و ڕاکردنبوو بەشێوەپەکی زۆر هونەری و تیژ، هەتا هەندێکیان پلەی بەرزیان تۆمارکرد لە پیشبڕکێی قوتابخانەکانداو خەڵاتکران، تیپێکی تۆپێنی گەڕەکیان دامەزراند و ناویان لێنا تیپی وەرزشی زەردەشت و منیشیان کردە ئەندامی تیپ، هەر چەند مانگێکی برد لەگەڵ ئەوان و ئیتر ئیمانم شیتەڵبووەوە و گلۆڵەی ڕق و توندڕەویم کەوتە لێژی نەزانم ئیتر لەکوێدابوو، ئیمانم لێبەجێما،
زەردەخەنەی ژێر پەردەی بەردەرگای کچە دراوسێیەکمان بویە خەون و خولیام و زۆری نەبرد ئیمانم بەو هێنا، نوقل و چکلێتم بۆی دەپێچایەوە و لە شوێنێکدا بۆیم بەجێ دەهێشت، وای خودایە چەندە خۆشبوو کەدواتر دەگەڕامەوە شوێنەکە بەتاڵ بوو، وامدەزانی نوقلێکی ناو دەمی ئەوبووم. ئەم خەونانەم زۆری توول نەکێشا، پیشمەرگە وەک چاوساغی شەیتان پێش سەربازانی ئێران کەوتن و سەدامی فاشیستیش دەماری سەوزەگوڵی ژەهراوی پیدا پرژاندین، نەخوا و نە مامۆستاکانمان و نەمزگەوت و نەمەسیح و نەمارکس و نە پێشمەرگە و نەشەیتان بەفریامانەوە نەهاتن، خەون و گیان و خوێن و قەڵەم و قورعان و جانتاو و بەرخ و کەڵەشیر و مرۆڤ و بەلوعەی بەردراوە و ئارێلی سەربان و ڕادیۆو تەلەفزیۆن و شتومەکی ناو موجەمیدەو سەلاجە تێکەڵ و پێکەڵ ئاڵان لە دەڕابە دەرهاتووەکانی ناو دوکانەکانی سەر شەقام و کۆڵان وجادەکانەوەو هەموو پێکڕا کەوتینە بەر هاواری هەڕاج و مەزادی دزو جەردە و خۆفرۆش و گابنەی خۆیی و ماڵییەکانی خۆمان،
هەرگیز لەسڵاو زیاتر گوێم لە وەشەیەکیشی نەبوو بوو،دەستم بەردەستی نەکەوتبوو، بەس نقێمە شینە بەپەتهەڵواسراو بەملە باریک و نەشیمیلەکەیەوەم هەرگیز بیر ناچیت، ماکسیەکی بێجی گوول سوری سوخمەکورتی لەبەردابوو، دواهەمین جاربوو، ئیتر نەمدیەوە، تا ئیستایش، نامەوێت بگەرێم و بیدۆزمەوە، ناکرێت خەونێک کەوەک تابلۆیەک لە ناخمدا کیشراوە، هەڵوەشینمەوە، پێش پازدەساڵ هەوالی پرسیبووم، بەس ئەوکات من ئەوەندە گەنجێکی ئیغرابووم حسابم بۆ کەزەنۆڤایش نەدەکرد.
ساڵ هات و ساڵی پار ڕۆیشت و چوو، هاوڕیکانم نیوەیان بونەقوربانی کیمیاوی باران، یەکێک لەهاورێ زۆر خۆشەویستەکانم ئیسماعیلی عەلی بەگ بوو بەردەوام بۆ جۆرێک لە بەردی پان و پڕ ناودەست دەگەڕا، وەی خودایە لەدەستڕاستی ئەو کوڕە، نیشانی لە هەرچی بگرتایەتەوە پێشتر ناوی چاوو نیشاندکرد، دواتر بەردەکەی بە قۆڵێکی تردا دەهاوێشت و ڕەوانە بۆیدەکرد و دواجار بەردە پانەکە وەک کیستییە خەیاکیە ئاسمانییەکان بەخولانەوە و لەدوری سی بۆ چل مەترەوە تەقەی لە نیشانەکە هەڵدەستان، بەداخەوە شەوی شازدەی سێ ی هەشتاو هەشت لەکیمیاوی بارانەکەدا دەربازی بوو بوو، وەڵێ لایتی دەستی داگیرساندبوو، تەیارەکانی بەعس وەک دەستە راستەکانی خۆی ئەوانیش ئیسماعیلیان بە مۆشەکێک پێکابوو. پارچەیەکیشی نەما.
فەلاحی مەلا حامیدی کە یەکێک بوو لەهاوڕێ جوان و خۆشەویستەکانم، لەشەری براکوژیدا چاوێکی نایەبان پارتی بوون و ئیستە هاورێیەتەکەمان گەرمتر و پڕ هەزار چاوە،
براەرێکیان کە لەهەمویان خۆشەویستر بوو، لەهەمویان بەدونپا ئاگاتربوو، هەمومانی فێری خەون و دڵداری و پێشکەوتن و وەرزش دەکرد، فێری جوانی و یەکتر قبوڵکردن و خۆشەویستی دەکرد، لەو رۆژانەدا ڕیشێکی ماشوبرنچی هێشتبویەوە و لە فەیسبوکیخۆمدا تێر ماچی رەسمەکانیمکرد و

کەوتینە قسان، ئەو لە وڵاتێکی زۆر پێشکەو توو و مۆدێرنی ئەوروپاوە سەری دەرهێنا، زۆر زۆرم پێخۆش بوو، بەڵام باسی یادگاری و شتەخۆشەکانی بەینمانمبۆکر، گوتی هاورێم تۆ هەڵەیت، گوتم تۆ فێری هەموو شتی جوان و یەکتر قبوڵکردنت کردین، بەفریامانەوە هاتیت، ڕزگارتکردین لەو سەلەفیەت و شتە بێمانایانەی دژی جوانی و خۆشیو ئینسانن، بێ خودا حافیزی بلۆکیکردم.

ئەمرۆ گەر پێمبلێن هەزار هەڵەبجەیی داعشن و لەدژی ئینسان و ئیزدی و کورد و دونیا دەجەنگێن، بۆمن نەشەرمەو نە شانازی، بەس ئەوەندە دەلێم ئۆباڵی ئەوگەنجانە بەملی پارتی و یەکێتی، بەملی ڕێکخستنەکانی بەتایبەت یەکگرتوو و کۆمەڵ و بزوتنەوە و مامۆستاکانی مەکتەب، کە لەبری ئەدەب و ئەخلاق، باسی محاجەبەو شەڕواڵی کورت و هێشتنەوەی توکی بنباڵ و بەر و ڕیشیان بۆدەکەن، باسی ئەبوجەهل و ئەبوسوفیانیان بۆدەکەن،

ئۆباڵی ئەو گەنجانە بە ئەستۆی ئەو دایک و باوکانەی لەبری ئەوەی کتێبێکی منداڵان بۆ منداڵەکانیان بکڕن، بەشەق و بەزۆر بۆ مزگەوت و حوجرە و مەلبەندەکانی ئەو حیزبە سەلەفیانەیان دەبەن،

من بۆخۆم لەم دوو مانگەدا 4 جار چووم بۆ هەڵەبجە، داعش لەسەر شەقامەکانن، لەچاخانەکاندان، لە ژورە بچوکاکانی ئەودیوو مزگەوتەکاندان، لەماڵەکانماندان لەسلێمانی، لە ناوقوتابخانەکاندان لەهەولێر، لە ناو نەقلیاتی بەینی شارەکاندان لە کەرکوک، ترسی ئەوان لەدڵماندا و تێنوێتی ئەوان لەخوێنماندایە،

کارەساتی گەرەتر لەشەنگال و کوبانی بەدەستی ئەم گەنجە کوردانەی ناو بازاڕو قوتابخانەکان و چاخانەکان و ناو حیزبە سەلەفیەکانی ئۆپۆزسیۆن و ناو حکومەت، بەداخەوە بەرێوەیە، کارەساتی زۆر گەورەتر بەڕێوەیە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری پەڕتووک: ئایین و ئاتەیزم

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 94

## لەماوەی پێنج رۆژدا زیاتر لە 14 ملیۆن دینار بۆ رۆژئاوای کوردستان کۆدەکرێتەوە

http://www.kurdipedia.org/?q=2014041411534975832



گروپی هاوکاری کوردانی رۆژئاوا کۆتایی هێنان بەهەڵمەتی کۆکردنەوەی هاوکاری رادەگەیەنێت و ئاماژەشدەدات، لەماوەی پێنج رۆژدا زیاتر لە 14 ملیۆن دیناریان کۆکردوەتەوە و پارەکەش ئاراستەی مانگی سوری کوردستان لەرۆژئاوا دەکرێت.

سلێمانی، ئاوێنەنیوز: گروپی هاوکاری کوردانی رۆژئاوا لەراگەیەندراوێکدا کە ئەمرۆ دوشەممە، وێنەیەکی بەئاوێنەنیوز گەیشتوە، راوەستانی کۆکردنەوەی هاوکاری راگەیاند پاش ئەوەی گروپەکە لەرۆژانی 3 تا 7/4 بۆ پشتیوانی لەکانتۆنی لەچەندین ناوچەی جیاوازی سلێمانی سندوقی هاوکاری و کۆمەکی دانا.

گروپەکە راشیدەگەیەنێت، لەگەڵ ئەوەی خەڵکی کوردستان بەبارودۆخی قەیرانی ئابوری تێدەپەڕێت و چەند مانگێکە بەشێوەیەکی رێکوپێک موچە نادرێت، بەڵام خەڵک بەپیری بانگەوازەکەوە هاتون و بەپێی توانای خۆیان هاوکاریان پێشکەشکردوە.

لەڕاگەیەندراوەکەدا ئاماژە بەوەشدراوە کە توانراوە 13 ملیۆن و سەد و چل و

سێ هەزار دینارو 1130 دۆلاری ئەمریکی و 20 پاوەن کۆبکرێتەوە.
گروپەکە رونیشیدەکاتەوە، ئە و پارەیە بەزوترین کات دەگەیەندرێتە دەست
رێکخراوی مانگی سوری کوردستان لەرۆژئاوای کوردستان و لەوێشەوە
بەنوێنەرایەتی گروپەکەیان شیرو پێداویستی مرۆیی رەوانەی کانتۆنی کوبانی
دەکرێت.
سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە - 14-04-2014

تایبەتمەندییەکانی بابەت

ولآت: باشووری کوردستان

ولآت: رۆژئاوای کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 95

## ماهیر خەلیل میرۆ ناسراو بە (دۆغان عەفرین(

http://www.kurdipedia.org/?q=20140920155713116231

لە گوندی ئەلاجخی کوبانی لەدایک بووە. ساڵی 2013 بەشداری ریزەکانی YPG بووە .رۆژی 18 ی ئەیلولی 2014 لە گوندی بۆراز گیانی لەدەستدا.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 96

## ماڵی ساڵح موسلیم هاوسەرۆکی PYD لە کۆبانێ

http://www.kurdipedia.org/?q=2014122400253183614



...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

شارەکان: کۆبانی

ولآت: رۆژئاوای کوردستان


کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 97

## محێدین پۆڵاد ناسراو بە (ڕۆژهات ئامەد)

http://www.kurdipedia.org/?q=20141012101314777749




لە شاری ئامەدی باکووری کوردستان لەدایک بووە. ساڵی 2014 بەشداری کردوە. ڕۆژی 7 ی تشرینی یەکەمی 2014 لە کوبانێ شەهید بووە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | یەکینەکانی پاراستنی گەل YPG - |
| ڕەگەزی کەس: | ♂پیاوان |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باکوور - بادینی |
| شارەکان: | ئامەد |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | باکووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

بابەتی ژمارە: 98

## محەمەد شێخ ساڵح ناسراو بە (قەندیل کوبانێ)

http://www.kurdipedia.org/?q=20141003171756116503



لە گوندی دافی لە دایک بووە. ساڵی 2013 بەشدار بووە. ڕۆژی 30-09-2014 لە گوندی سفتکی کوبانێ شەهید بوو.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | یەکینەکانی پاراستنی گەل YPG - |
| ڕەگەزی کەس: | ♂پیاوان |
| نەتەوە: | کورد |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

بابەتی ژمارە: 99

## محەمەد شێخۆ جمۆ

http://www.kurdipedia.org/?q=20140923143733116370

لە گوندی قەل حەیدەی کوبانی لە دایک بووە. ڕۆژی 19-09-2014 لە گوندی جەلبیە شەهیدبوو.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 100

## محەمەد عەلی ناسراو بە (زوهات)

http://www.kurdipedia.org/?q=20141003171756116506




لە کوبانی لە دایک بووە. ساڵی 2013 بەشدار بووە. رۆژی 28-09-2014 لە کوبانێ شەهید بوو.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | یەکینەکانی پاراستنی گەلYPG - |
| رەگەزی کەس: | ♂پیاوان |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باکوور - بادینی |
| شارەکان: | کۆبانی |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | رۆژئاوای کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 101

## محەمەد کنۆ ناسراو بە (کەمال پیر)

http://www.kurdipedia.org/?q=20140923143733116359

لە گوندی تەفشۆی کوبانی لە دایک بووە. رۆژی 09-09-2013 بەشداری ریزەکانی YPG بووە. رۆژی 18 ی ئەیلولی 2014 لە گوندی زەرک گیانی لەدەستدا.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 102

## مستەفا ئیبراهیم ناسراو بە (جوان هەڤاڵ)

http://www.kurdipedia.org/?q=20140923143733116360

لە گوندی خربستانی کوبانی لە دایک بووە. ساڵی 2013 بەشدار بووە. رۆژی 16-09-2014 لە گوندی سەرزۆرێ کوبانی شەهیدبوو.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 103

## مستەفا ناسراو بە مەعسوم ئەرزرۆم

http://www.kurdipedia.org/?q=20141020210646117026

لەشاری ئەرزرۆم لەباکووری کوردستان لەدایک بووە، لە رۆژی 15ی تشرینی یەکەم لەکۆبانێ شەهیدبوو.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | یەکینەکانی پاراستنی گەلYPG - |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باکوور - بادینی |
| نەتەوە: | کورد |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 104

## موحسین کەریمی

http://www.kurdipedia.org/?q=20150129170900066702



لە پێشبڕکێیەکی بلیاردا یەکەم دەبێت و خەڵاتە پەنجا هەزار دۆلارییەکەی بۆ ڕێزگرتن لە خۆراگری و ئازادکردنی شاری کۆبانێ، لەدەستی چەتەکانی داعش، خەڵاتەکەی پێشکەشی هاوڵاتیانی کۆبانێ کرد.

تایبەتمەندییەکانی بابەت


| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | وەرزشەوان |
| رەگەزی کەس: | ♂پیاوان |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باشوور - سۆرانی |
| شارەکان: | دیواندەرە |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | رۆژهەڵاتی کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 105

## مۆڵان سۆک ناسراو بە (گەلی سەرحەد)

http://www.kurdipedia.org/?q=20141012215437116986




لە شاری موشی باکووری کوردستان لە دایک بووە. ساڵی 2012 بەشداری کردوە. رۆژی 11 ی تشرینی یەکەمی 2014 لە کۆبانێ شەهید بوو.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | یەکینەکانی پاراستنی گەلYPG - |
| رەگەزی کەس: | ♂پیاوان |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باکوور - بادینی |
| شارەکان: | موش |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | باکووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 106

## مێهران حەمۆ ناسراو بە (مێهران)

http://www.kurdipedia.org/?q=20141003171756116502




لە گوندی هلنجێ لە دایک بووە. ساڵی 2013 بەشداری کردوە و رۆژی 01-10-2014 لە کوبانێ شەهید بوو.

تایبەتمەندییەکانی بابەت


| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | یەکینەکانی پاراستنی گەلYPG - |
| رەگەزی کەس: | ♂پیاوان |
| نەتەوە: | کورد |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 107

## مەحمود بشار ناسراو بە (سادق کوبانێ)

http://www.kurdipedia.org/?q=20141014154511116991




لە گوندی جبنی کوبانێ لە دایک بووە. ساڵی 2014 بەشداری کردوە.ڕۆژی 12 ی تشرینی یەکەمی 2014 لە کوبانێ شەهید بوو.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: یەکینەکانی پاراستنی گەلYPG -

ڕەگەزی کەس: ♂پیاوان

زمان - شێوەزار: کرمانجیی باکوور - بادینی

شارەکان: کۆبانی

نەتەوە: کورد

وڵات: ڕۆژئاوای کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 108

## مەحموود عەلی عەلی

http://www.kurdipedia.org/?q=20141023114906117051

لەدایکبووی کۆبانێ و 20ی تشرینی یەکەم شەهیدبوو.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: یەکینەکانی پاراستنی گەلYPG -

ڕەگەزی کەس: ♂پیاوان

زمان - شێوەزار: کرمانجیی باکوور - بادینی

نەتەوە: کورد

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 109

## مەرسومی یاسای کانتۆنی جزیرە، هەنگاوێکی گرنگ بە ئاراستەی جێگیرکردنو جێبەجێکردنی مافو ئازادیەکانی ژنان

http://www.kurdipedia.org/?q=2014111710095777974

ڕۆژی یەکی نۆفەمبەر، دەسەڵاتی خۆبەڕێوەبەری کانتۆنی جزیرە لە کوردستانی سوریا، مەرسومێکی یاسایی دەرکرد کە(پرەنسیپە سەرەتاییو حوکمە گشتیەکانی تایبەت بە ژنان) ی لەخۆگرتووە هەنگاوێکی گرنگە بە ئاراستەی جێگیرکردنو جێبەجێکردنی مافو ئازادیەکانی ژنانو دابینکردنی یەکسانی نێوان ژنو پیاو لە کوردستانی سوریاو بوژانەوەی ڕەوتو بزوتنەوەی یەکسانیخوازیی ژنان لەپارچەکانی دیکەی کوردستانو بگرە لەئاستی کۆمەڵگاکانی ناوچەکەدا .

ناوەرۆکی گشتی یاساکە روبەروبونەوەیەکی راشکاوانەیە، بەرووی یاساو نەریتی ئیسلامی و داعشی و ناسیونالیستیدا، یاساکە پێداگری دەکات لەسەر: یەکسانی لە نیوان ژن و پیاو لە هەموو بوارەکانی ژیانی گشتی و تایبەتی، یەکسانی لەنێوان پیاو و ژن لە مافی کار و کرێ، یەکسانی لە نێوان شایەتی ژن و شایەتی پیاو لە ڕووی بەهای یاساییەوە.

بەپێی بەندەکانی یاساکە ژن مافی هەڵبژاردن و خۆپاڵاوتن و وەرگرتنی هەموو پۆستەکانیان هەیە، مارەیی وەکو بابەتێکی بەکۆیلەو کاڵاکردنی ژنان هەڵوەشێنراوەتەوە.، فرە ژنی و شیربایی، ژن بە ژن و ژن لە جیاتی خوێن قەدەغەکراون، ژن و پیاو لە پرسی میراتدا مافی چوون یەکیان هەیە، توندوتیژی و جیاکاری لە دژی ژن قەدەغەیە. کوشتن بە پاساوی شەرەف بەتاوانی ئەنقەست هەژماردەکرێت.

ئەم یاسایە یەکێکە لە دەستکەوتەکانی خۆراگری و راوەستاویی ژنان و پیاوانی کۆبانی بەرووی هیرش و پەلاماری گروپی چنگ بەخوێنی دەوڵەتی تیرۆریستی ئیسلامی داعشو بیروباوەڕی کۆنەپەرستانەی ئیسلامی کە ژن وەکو ئینسانی پلە دوو، زەعیفەو کەم عەقڵ، وەکو ئامرازی مناڵ خستنەوەو خاڵی کردنەوەی هەوەسی پیاو، تەماشا دەکات. ناوەرۆکی ئەم یاسایە، تەواو ناکۆکە بە نەریت و یاساو رێسای کوردایەتی، کە زیاتر لە دوو سەدەیە خاوەنی دەسەڵاتە لە کوردستانی عێراقدا، لە ژێر سایەی یاسا دژە ژن و ئیسلامیەکانیدا، بە هەزاران ژن لە ژێر ناوی شەرەفدا، شەڵاڵی خوێن کراون، توندوتیژیان لەدژ ئەنجام دراوەو جیاکاریی و بێمافی و پلە دووییان بەسەردا سەپێنراوە. ئەم خاسیەتە رادیکاڵو یەکسانیخوازەی یاساکە بێگومان دەیخاتە بەردەم رقو تورەیی هێزو بزوتنەوە کۆنەپەرستەکانی کوردستانو ناوچەکە .

کەنارخستنی یاساو ئەخلاقیاتو کەلتوری کۆنەپەرستو پیاوسالاریو نێرسالاری ئیسلامی-ناسیۆنالیستی زاڵ لەناوچەکەدا لەلایەن دەسەڵاتی کانتۆنی جەزیرەوەو پەسەندکردنی یاسایەک بەناوەرۆکێکی رادیکاڵو ئازادیخوازنە، کە دەرگا بەرووی یەکسانیی ژنو پیاو دەکاتەوەو دەستکەوتێکی بەنرخە بۆ ژنان لە کوردستانی سوریا. بێجگە لەوە لە ئاستی ناوچەکەدا سەنگەرێکی دیکە بە قازانجی بزوتنەوەی یەکسانیخوازی ژنانو پیاوان قایم دەکات، بۆیە شایستەی پشتیوانییو بەرگری لێکردنە. ئەم یاسایە دەسکەوتی رابون و ئیرادە نواندنی ئازادانەی ئینسانە بۆ بەرگری لە ژیان و گوزەران و شکۆی ئینسانی، بەرهەمی هاتنە مەیدانی ژنانە هاوشانی پیاوان لە نەبەردێکی کەم وێنەدا بەدژی رەشترین گروپی تیرۆریست و ئینسان کوژ و دژە ژنی ئیسلامیدا.

بێگومان ئەم دەستکەوت و ئیرادە نواندنە لەبەردەم هەرەشەو پیلاندایە، بۆیە پاریزگاری لەم دەستکەوتە، هەوڵدانە بۆ بەرینکردنەوەیو گواستنەوەی خواستەکانو بەندەکانی ناو ئەم یاسایە بۆ شوێنەکانی دیکەو لەپێش هەموانەوە بۆ هەرێمی کوردستانی عێراق. دەبێ خواستی بەرەسمی ناسینی یاسایەکی لەوجۆرەی کانتۆنی جەزیرە سەبارەت بە مافەکانی ژنان ببێتە خواستی هەر ژنو پیاوێکی یەکسانیخوازو هەر هەڵسوراوو چالاکوانێکی بزوتنەوەی ژنانو لایەنگرانی مافو ئازادیەکانی ژنان لە کوردستان. نابێ چیتر ئەوە لە حکومەتی هەرێم قبوڵ بکرێ کە بە بیانوی پروپووچی جۆراوجۆرەوە مافەکانی ژنان و یەکسانی ژنان لەگەڵ پیاواندا لە رووی یاساییەوە پشت گوێ بخاتو دەستی یاساو نەریتو کەلتوری کۆنەپەرستانەی دژە ژن بەسەر ژنان و کۆمەڵگادا زاڵ بکات. دەبێ حکومەتی هەرێم شەرمەزار بکرێت کە 23 ساڵە بەو هەموو ئیمکاناتەوە بیانووی ناوبەتاڵ بۆ بێمافکردنو زەلیلکردنی ژنان دەهێنێتەوە، بەڵام دەسەڵاتێکی دوو ساڵە کە لە حالەتی شەڕدایەو لەلایەن دڕندەکانی ئیسلامی سیاسیو داعشو هاوپەیمانەکانیەوە گەمارۆ دراوە توانیویەتی یاسایەکی لەوچەشنە پەسەند بکات .

ئەرکی بزوتنەوەی یەکسانیخوازی ژنان و بەرەی ئینساندۆست و هەموو حزب و لایەنێکی سیاسی پیشکەوتنخوازە کە بە تەواوی تواناییانەوە پشتیوانی لەم یاسایە بکەنو بەرامبەر بە هات و هاواری کۆنەپەرستانو دوژمنانی ئازادیو یەکسانیو مافەکانی ژنان بوەستنەوە. ئیمە لە حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان، پشیوانی خۆمان بۆ ئەو یاسایە رادەگەیەنینو لە کەنار بزوتنەوەی

یەکسانیخوازانەی ژنان و پیاوانو بەرەی ئینساندۆستدا بۆ بەشکستکێشانی هەرجۆرە پیلانو هەڕەشەیەک بۆ سەر جێبەجێ بوونی ئەو یاسایە دەوەستینەوە. بانگەوازی ژنانی کوردستان و بزوتنەوەی یەکسانیخوازیی ژنان و پیاوان دەکەین قوڵی خەباتکارانەی لێهەڵبماڵن و بۆ توردانی ئەو یاساو ڕێسا ئیسلامی و ناسیونالیستە دژی ژنانەی کۆمەڵگای کوردستانی کردۆتە سەرزەمینێک بۆ کوشتاری ژنان و بێمافی و توندوتیژی و کۆیلایەتی.

حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان

ناوەراستی نۆفەمبەری 2014

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 110

## مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان راگەیێندراوێکی لەبارەی چوونی هێزی پێشمەرگە بۆ کۆبانێ بڵاوکردەوە

http://www.kurdipedia.org/?q=2014103009514477855

بەناوی خودای مەزن و دلۆڤان

پەلاماری تیرۆریستانی داعش بۆ سەر هەرێمی کوردستان و ڕۆژئاوای کوردستان و ئەو دڕندەیی و بێرەحمییەی تیرۆریستان لەبەرانبەر گەلی کوردیان ئەنجام دا زۆر بەڕوونی نیشان دەدات کە تیرۆریستانی داعش تەنیا لەڕووی ئایینیەوە توندڕۆ نین بەڵکو زۆریان هەڵگری هەردوو توندڕۆیی ئایینی و ڕەگەزپەرستیی نەتەوەیین. هەر بۆیەشە هەرێمی کوردستان و ڕۆژئاوای کوردستانیان کردە ئامانج و پەلاماری گەلی کوردییان دا.

جێگەی شانازییە ئێستا گەلی کوردستان لە ڕۆژئاوا و هەرێمی کوردستان قارەمانانە بەرگری لەخۆی دەکات و تیرۆریستانیان تووشی شکست و داڕمان کردووە. لەو کاتەی کۆبانێ لە لایەن تیرۆریستانەوە کەوتە بەر هێرش، یارمەتیدان و گەیاندنی هاوکاری بۆ خوشک و براکانمان ئەرکێکی نەتەوەیی بوو. بەڵام بەهۆی دووریی جیۆگرافی و ئابلۆقەدانی کۆبانێ لە لایەن تیرۆریستانەوە گەیاندنی هاوکاری بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ زۆر ئەستەم بوو. بۆیە هەموو هەوڵێکمان دا لەگەڵ دۆستانی گەلەکەمان کە هەوڵ بدەن کۆبانێ نەکەوێتە دەست تیرۆریستان .

بەدەنگەوە هاتنی هاوپەیمانان و وەشاندنی گورزی ئاسمانی و هەروەها گەیاندنی هاوکارییە سەربازییەکانی هەرێم لە لایەن فڕۆکە ئەمەریکییەکانەوە، هەنگاوێکی کاریگەر بوو و جێگەی سوپاس و پێزانینە و یارمەتیی شەڕڤانانی کۆبانێی دا کە هێرشی داعش بشکێنن.

چوونی هێزی پێشمەرگەیش بۆ کۆبانێ بە بێ ڕەزامەندی تورکیا و هاوکاریی ئەوان و ئەمەریکا مومکین نەبوو. بەڕێز جۆن کێری وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا لە پەیوەندییەکی تەلەفۆنیدا پێی ڕاگەیاندم کە لەگەڵ تورکیا خەریکن ڕێک بکەون بۆ ناردنی پێشمەرگە بەناو خاکی تورکیا. دوای چەندین کۆبوونەوەی دووقۆڵی و سێ قۆڵیی نێوان بەرپرسانی ئەمەریکا و تورکیا و هەرێم، بە ڕەسمی ئاگادار کراین کە

تورکیا ڕەزامەندە و ئاسانکاری دەکات بۆ چوونی هێزی پێشمەرگە و ئەمەریکایش پشتیوانیی خۆی بۆ ئەم هەنگاوە دەربڕی. ئەم بابەتە لەگەڵ لایەنە سیاسییەکان باسکرا و داوا لە پارلەمانی کوردستان کرا ڕێگە بدات هێز بنێرین و پارلەمانیش ڕەزامەندی لەسەر دا. چونکە بەپێی یاسا ناردنی هێزی پێشمەرگە بۆ دەرەوەی هەرێم ڕەزامەندیی پارلەمانی کوردستانی پێویستە.

هەروەها پەیوەندیمان بە سەرکردایەتیی پەیەدە کرد کە ئامادەین هێزێکی زۆری پێشمەرگە بۆ کۆبانێ بنێرین. ئەوان لە وەڵامدا گوتیان پێویستیمان بە هێزی شەڕکەری پێشمەرگە نییە بەڵکو پێویستیمان بە هێزێکی پشتیوانییە. بۆیە لەسەر داوای ئەوان بڕیار درا هێزێکی پشتیوانیی پێشمەرگە بۆ کۆبانێ بنێرین.

ئەو هێزەی ئێستا بەرەو کۆبانێ بەڕێ کەوتووە تەنها هێزێکی پاڵپشتی و دابینکردنی ئاگرە. داوای سەرکەوتنیان بۆ دەکەم و هیوادارم بتوانن هاوکارییەکی باشی خوشک و براکانیان بکەن. هەر کاتێکیش بارودۆخی مەیدانی پێویست بکات و داوای هێزی زۆرترمان لێ بکرێت و ڕێگە هەبێت ئەوە هێزی پێشمەرگەی زیاتر بۆ پاراستنی کۆبانێ و تێکشکاندنی تیرۆریستان لە ڕۆژئاوا ڕەوانە دەکەین.

بۆ هەرێمی کوردستان و پێشمەرگە قارەمانەکان شانازییەکی مەزنە بتوانن لە هەر کوێ یارمەتیی شارێک یان گوندێک یان تاکێکی کوردستان بدەن. شانازیشە لە جیاتی مرۆڤایەتی شەڕی دڕندەترین ڕێکخراوی تیرۆریستی بکەن.

مسعود بارزانی

سەرۆکی هەرێمی کوردستان

30ـی 10ـی 2014

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 111

## نارین عەلی ناسراو بە (ڕۆژهەڵات ئامەد(

http://www.kurdipedia.org/?q=20140923143733116363

لە گوندی بریمێری کوبانی لە دایک بووە. ڕۆژی 30-05-2014 بەشدار بووە. ڕۆژی 19-09- 2014 لە گوندی بێخدێکی کوبانی شەهیدبووە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | یەکینەکانی پاراستنی گەلYPG - |
| ڕەگەزی کەس: | ♀خانمان |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باکوور - بادینی |
| شارەکان: | کۆبانی |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | ڕۆژئاوای کوردستان |

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 112

**ناشتنی پۆلێک شەهیدی رۆژاوا لە کۆبانی**

http://www.kurdipedia.org/?q=2014100400091177690



...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| شارەکان: | کۆبانی |
| وڵات: | رۆژئاوای کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 113

**ناشتنی چەند شەڕڤانێک لە کۆبانی**

http://www.kurdipedia.org/?q=2015011709151184632



...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| شارەکان: | کۆبانی |
| وڵات: | رۆژئاوای کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 114

**نالین عەفرین**

http://www.kurdipedia.org/?q=2014101120194177746



فەرماندەی گشتی هێزەکانی یەپەگە و یەپەژە کە لە کوبانێ شەڕ دژی چەکدارانی داعش بەڕێوەدەبات.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | یەکینەکانی پاراستنی گەلYPG - |
| جۆری کەس: | سەربازی |
| ڕەگەزی کەس: | ♀خانمان |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باکوور - بادینی |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | ڕۆژئاوای کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

بابەتی ژمارە: 115

## نامەی بەهمەن قوبادی بۆ سەرۆک وەزیرانی تورکیا

http://www.kurdipedia.org/?q=20141009122546777737

ئەحمەد داوودئۆغڵۆ
سەرۆک وەزیرانی بەڕێزی دەوڵەتی تورکیا
لە چەند شەقاو نزیک سنوورەکانی وڵاتی ئێوەدا، یەکێک لە گرینگترین و مێژووییترین کارەساتەکانی ئەم دەیەی رابردوو خەریکە رووەدات. ڕووداوگەلێک کە هاوکات بووە لەگەڵ دەستپێکردنی چالاکییەکانی ئێوە وەک سەرۆک وەزیرانی دەوڵەتی تورکیا و هەڵە نابێت ئەگەر بڵێین کە داهاتووی سیاسی ئێوەش بێ شک بەم رووداوەوە گرێدراوە .بێ گومان، گرینگی ئەم رووداوە لە چارەنووسی سیاسی وڵاتی تورکیا و کەسایەتیی ئێوەدایە کە بەڕێزتانی هاندا چەند رۆژ پێش ئێستا، بە فەرمی رایبگەیەنن دەوڵەتی تورکیا بە هیچ شێوەیەک رێگە نادات کە شاری کۆبانی بکەوێتە دەستی داعشەوە .بەڵێی، باس لەسەر کۆبانی و کوردە بێتاوانەکانی ئەوێیە و رێک لەم کاتەدا کە من ئەم نامەیە بۆ ئێوە دەنووسم، دەیان کەس لە پیاوان و ژنانی کورد، سەربەرزیی و گیانی خۆیان ناوەتە لەپی دەستیانەوە و خەریکی داکۆکیکردنن لە مەتر مەتری خاکیی کۆبانی .بەڕێز داوودئۆغڵۆ لەو کاتەدا کە داعش بە کردەوەی نامرۆڤانەوە پێی خستۆتە سەر گەرووی کۆبانییەوە و بە دڵڕەقیی تەواوەوە دەیەوێت کە ئەوێی بکاتە کۆگایەک لە خاک و خۆڵ و خەڵکەکەی کوشتوبڕ بکات و ئەم خەڵکە بۆ داکۆکیکردن لە خۆیان و شارەکەیان پێویستیان بە یارمەتیی نیزامی هەیە، هێزە نیزامییەکانی ئێوە لە چەند شەقام نزیک شاری بێتاوانی کۆبانی، بە کەرەستە و پێداویستیی تەواوەوە تەنیا چاو لە ڕووداوەکە دەکەن. لەبیرتان نەچێت پەیهاتەی ڕووخانی کۆبانی بە دەستی داعش، زیاتر لەو شتەیە کە بتوانرێت مەزندە بکرێت و بێگومان کاریگەری بەسەر ناوچەکە و وڵاتی تورکیاش زۆر بەربڵاوتر دەبێت. کەواتە هێزەکانی ئێوە چاوەڕێی چین؟ چاوەڕێی ژینۆسایدی تەواوی پیاوانی کوردی کۆبانی و بە دیل گرتنی ژنانی ئەم شارەن، تا لە کۆتایی هاتنی ئەم شەڕە و تەقاندنیی چەند فیشەکێک بڵًَێین کە تەواوی هەوڵی خۆتاندا؟! داهاتووی سیاسی ئێوە لەم ساتە وەختەی ئێستادا دەخرێتە بەر باس و لێکۆڵینەوەوە. لە بیرتان نەچێت ئەگەر درەنگی ئێوە لە یارمەتیدانی کوردانی کۆبانی دەرئەنجامی تاڵ و قەرەبوونەکراوەی بە شوێنەوە بێت، نە تەنیا لە پێش چاوی خەڵکی دنیادا بەرپرس دەبن، بەڵکوو جگە لە کوردانی تورکیا و سەرتاسەری جیهان، بە خەڵکی مرۆڤدۆستی وڵاتەکەشتان، کە لەگەڵ کوردەکاندا پەیوەندییەکی ئینسانی و برایانەیان بەدەر لە سنووره ساختە و جوگرافییەکاندا هەیە، دەبێت وڵامدەر بن .بێگومان ئەم رۆحییەتە جوامێرانە و داکۆکی لە رەگەزە نەتەوایەتییە هاوبەشەکان،

له ئێوەش و له نەتەوەی تورکیشدا بوونی هەیە. هەر بەم هۆیەوە، لەوباوەڕەدام کە بایەخی ئەم یەکێتیی ئەخلاقی و ئینسانییە بە باشی هەستی پێدەکەن. لەبیرتان نەچێت، کوردەکان مومکینە لە لایەنی جوگرافییەوە نیشتمانێکی یەکپارچە و هاوبەشیان نەبێت و لە یەکتری دوور کەوتبێتنەوە، بەڵام تەنیا یەک ڕۆحن کە هەر بەشێکی لە شوێنێک بەجێیماوە. کوردەکانی کۆبانی مرۆڤن و سەد هەڵبەت دراوسێشتانن. چارەنووسی ئەوان لە ئێوە و ئەوانی دیکە و داهاتوو جوێی نییە. یارمەتیدانی کۆبانی یارمەتیدانی هەموو مرۆڤایەتییە و سەد هەڵبەت یارمەتیدانی خۆشتانە. چونکە لە سبەینێیەکدا کە زۆر دوور نییە و وڵاتی سەربەخۆ و تایبەت بە نەتەوەی کورد لە ژێر ئەم زام و ئێش و ئاور و خۆڵەمێشەدا سەرهەڵدەدات، خەڵکانی زامدار و یارمەتیدەر و یارمەتینەدراو، لە بیریاندەمێنێت کە چ کەسێک زیاتر لە هەمووان ساڕێژی برینەکانیانی دەکرد و داکۆکی لێدەکردن و چ کەسێک لەجیاتی یارمەتی تەنیا ڕیای کردووە. ئێستا بۆ هەمووی ئێمە کاتی کردەوە و نیشاندانی ئەو نییەتانەیە کە سەبارەت بەوان قسەکراوە. کاتژمێرێکی دیکە مومکینە بۆ هەمووان درەنگ بێت. ئەگەر تەنانەت ڕێژەیەک خەم لە دڵتان جێی خۆی کردۆتەوە، لەم هەمووە زامەی کە بەسەر جەستەی دەردەداری خەڵکانی بێتاوانی کورددا هاتووە، لانی کەم سنوورەکانتان بکەنەوە تا کوردانی بێئوقرەی نیشتمانەکەت تەنانەت بە دەستی بەتاڵیشەوە کە بکرێت خۆیان بگەیێنە کۆبانی تا دیسانەوە بۆ چەند هەزارەمین جار بە درێژایی مێژوو، شەڕەف و سەربەرزیی کورد لە داکۆکیکردنی بست بە بستی ئەو خاکەی کە تێدا ژیانی بەسەر دەبەن، بە خەڵکانی جیهان نیشان بدەن .بەڕێز ئەحمەد داوودئۆغڵۆ سبەی مومکینە زۆر درەنگ بێت. هەم بۆ کۆبانی و هەمیش بۆ ئێوە و هەمیش بۆ جیهان.
بەهمەن قوبادی

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 116

## نامەی فتح الله گولەن

http://www.kurdipedia.org/?q=20141023172140117052

نامەی فتح الله گولەن سەروکی ڕێکخراوی خزمەت بو پێشمەرگە شەهیدەکان و لەشکەرەکانی سوپای ئێراق
ئیدانەی ئەو ستەمە وەحشیگەرانە دەکەم، کە لە لایەن ڕێکخراوی تیرۆریستی داعشەوە، بە خۆحەشاردان لە ژێر ناوی ئایندا ئەنجام دەدرێن. هاوکات دەنگی خۆم دەخەمە پاڵ ئەو بانگەوازانەی لە هەر چوار لای جیهانەوە دەکرێن بۆ کۆتاییهێنان بە کردە دژە مرۆڤایەتییەکانی ئەم ڕێکخراوە و ڕاپێچکردنی بکەرەکان، لەزووترین کاتدا بۆ بەردەم دادگا.
هەموو جۆرە فشار، ستەم و هێرشێک بۆسەر کەسانی سیڤیلی بێتاوان بەتەواوی دژیەکە لەگەڵ بنەما
ئەڵماسییەکانی قورئان و سوننەتەکانی سەروەرمان)د.خ.(. شێونکەوتوانی)داعش(ئەگەر دەسکەلای دەستی کۆمەڵێک هێزیش نەبن، ئەوا کۆمەڵە جاهیلێکن کە بە هیچ شێوەیەک کرۆکی ئاینی ئیسلام و پێغەمبەرەکەیان نەناسیوە. بەدڵنیاییەوە ئەوەی دەیکەن تیرۆرە و پێویستە هەر بەو ناوەش ناوزەد بکرێت.
ئامانجی ئاین بەدیهێنانی ئاشتییە لە سەرتاپای جیهاندا لەسەر بنەماکانی مافە گەردوونییەکانی مرۆڤ،
سەروەری یاسا و بەها بەرزە مرۆییەکان. هەموو لێکدانەوەکان بە پێچەوانەوەی ئەمەوە، بەتایبەت خراپ بەکارهێنانی ئاین بە مەبەستی هەڵگیرساندنی ئاگری شەڕ و پێکدادان دژیەکە لەگەڵ کرۆکی ئاین و بگرە

نیفاقە.
لە روانگەی بنەما سەرەکییەکانی فیکری ئیسلامەوە، ئەو رێگایانەی هەڵدەبژێردرێن بۆ گەیشتن بە ئامانج،
دەبێت وەک ئامانجەکە رەوا بن. هەر بزووتنەوەیەک بە پێچەوانەی ئەو بنەمایەوە بجووڵێتەوە، ئەوا (ماکیاڤێلی(یەتە.
بە بۆنەی ئەم رۆژە تاڵ و پڕ ئازارانەوە، پرسە و سەرەخۆشی خۆم ئاراستەی سەرجەم شەهیدانی
هێزەکانی پێشمەرگە و ئاکنجی تورکمان و سەربازانی سوپای عێراق دەکەم، کە لە بەرەکاندا گیانیان بەخت
کردووە. هاوسۆزی خۆشم دەردەبڕم بۆ گەلی کوردستان و عێراق، کە 9 بۆ 01 سەدەیە لەگەڵ گەلی
ئێمەدا وەک گۆشت و ئێسقان ئاویتە و تەواوکەری یەکدی بوون.
هاوکات سەرەخۆشی خۆم ئاراستەی سەرجەم ئەو کەسانە دەکەم، کە لە عێراق و سوریا گیانیان لەدەست
داوە. بە تایبەتیش، کورد و عەرەب و تورکمان و ئێزیدی و نەتەوەکانی دیکە، بە سوننە مەزهەب و شیعە
مەزهەب و پێکهاتە ئاینییەکانی دیکەوە، کە نەهامەتی دەچێژن لەدەست دێوەزمەی)داعش(. داوا دەکەم لە
خودای گەورە ئارامی و هێز ببەخشێت بە خانەوادە و خۆشەویستانیان بۆ کەمکردنەوەی ئازارەکانیان.
نزاش دەکەم ئازاری بەم چەشنە نەچێژنەوە.
سەبارەت بە کۆبانێش، رۆژ بە رۆژ مەترسی لەسەر ئایندەی دانیشتوانە بێتاوانەکەی کە بە ژن و منداڵەوە
رژاونەتە سەڕێ، دڵی مرۆڤ دەتەوسێننەوە. داوا لە زاتی خودای باڵادەست دەکەم کە کەسی ب کەسانە و
پەنای دەردەدارانە، چی زووە رزگاریان بکات لەو گێژاوی نەهامەتییە و هەمووومان لە جیهانێکی پڕ لە
ئاشتی و رێز و بەزەییدا کۆبکاتەوە.
هەموو لایەکیش بانگهێشت دەکەم)ئامین(بکەن بۆ ئەم نزایە.
فەتحوڵڵا گولەن

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 117

## نزیکەی سێ هەزار چەکداری داعش لەکۆبانێ کوژراون

http://www.kurdipedia.org/?q=20141215121839782232

ئاژانسی هەواڵی فورات بۆ هەواڵی کوردی، ئەمڕۆ بڵاویکردۆتەوە، لەماوەی سێ مانگی هێرشی
چەکدارانی داعش 2 هەزارو 951 چەکداری داعش لەشاری کۆبانێ لەخۆرئاوای کوردستان بەدەستی
شەڕەڤانان کوژراون .
مستەفا عەبدی، کۆبانێ: ئاژانسەکە لەراپۆرتێکیدا بڵاویکردۆتەوە کە بەهۆی دلێرو ئازایەتی
شەڕەڤانانی کۆبانێ لەشاری کۆبانێ، ئە و شارە بۆتە گۆڕستانی مەرگی چەکدارانی داعش.
نوسیویەتی "لەسەرەتای هێرشەکانی داعشەوە بۆ سەر کۆبانێ، شەرەڤانان 2 هەزارو 951
چەکداریی ئە و رێکخراوە تیرۆریستیەیان کوشتوە و 14 دەبابە و 88 دۆشکەیان تەقاندۆتەوە ."
لەبەرامبەریشدا 248 شەڕەڤان و 15 چەکداری ژوری عەمەلیاتی بورکان فورات و ئەندامێکی هێزەکانی
ئاسایشی خۆرئاوا کوژراون .

نزیکەی سێ مانگە چەکدارانی داعش هێرشەکانیان بۆ گرتنی شاری کۆبانێ لەخۆرئاوای کوردستان دەستپێکردووە و شەڕڤانانیش بۆ پارێزگاری لەداگیرکردنی شارەکە بەتوندترین شێوە روبەڕویان بونەتەوە و لەئێستادا زیاتر لە 70ی شارەکەیان کۆنترۆڵکردۆتەوە و لەپێشرەوی زیاتردان .
سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە - 15-12-2014

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | داعش |
| شارەکان: | کۆبانی |
| وڵات: | رۆژئاوای کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 118

## نزیکەی 1000 شەڕڤانی ژن لەبەرەکانی جەنگدان لەکۆبانێ

http://www.kurdipedia.org/?q=2014110913271177895

سەرکردەیەکی یەکینەکانی پاراستنی گەل (یەپەگە) ئاشکرای کرد کە نزیکەی 1000 شەڕڤانی ژن شانبەشانی چەکدارانی یەپەگە و پێشمەرگە و سوپای سوریای ئازاد لەکۆبانێ دژی داعش دەجەنگن.
مستەفا عەبدی، کۆبانێ، ئاوێنەنیوز: سەرکردە لەیەکینەکانی پاراستنی گەل هبون دێریک لەکۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا لەکۆبانێ ئاشکرای کرد کە نزیکەی 1000 چەکداری ژن لەنێو یەکینەکانی پاراستنی ژنان (یەپەژە) دژی رێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی (داعش) دەجەنگن لەکۆیانێ، کە دەموچاویان رەنگی ئازایەتی و قارەمانێتی و خۆبەخشیی گرتووە، بەنمونە ئاماژە بە شەهید (ئارین میرکان)ی کردووە.
هەر لە و کۆنگرە رۆژنامەوانییەدا سەرکردەیەکی دیکەی یەپەگە دژوار خەبات رایگەیاند کە لەماوەی دوو مانگی رابوردوودا 3000 چەکداری داعشیان کوشتووە، کە هێزە کوردییەکانی کۆبانێن پێکدێن لەیەپەگە و یەپەژە و پێشمەرگە.
بەهەمانشێوە وتەبێژی فەرمی راگەیاندنی یەپەگە شۆرش حەسەن لەچاوپێکەوتنێکی پێشوویدا جەختی کردبووەوە کە هەموو شەهیدەکانی کورد لەکۆبانێ 200 کەس بووە و ئازایەتی و بەرگریکردنیان لەکۆبانێ شایەتی ئە و راستییەیە.
سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە - 09-11-2014

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| شارەکان: | کۆبانی |
| وڵات: | رۆژئاوای کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 119

## نەسرین حاجی حسێن ناسراو بە (دیرۆک ئاگری(

http://www.kurdipedia.org/?q=20141003171756116505



لە گوندی هلنجێ لە دایک بووە. ساڵی 2012 بەشداری کردوە. رۆژی 28-09-2014 لە کوبانی شەهید بوو.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | یەکینەکانی پاراستنی گەلYPG - |
| رەگەزی کەس: | ♀خانمان |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باکوور - بادینی |
| نەتەوە: | کورد |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 120

## نەورۆز حەمکۆ ناسراو بە (سۆزدار کوبانێ(

http://www.kurdipedia.org/?q=20140923143733116362

لە گوندی سەبەتی کوبانی لە دایک بووە. رۆژی 03-03-2014 بەشدار بووە. رۆژی 19-09- 2014 لە گوندی بێخدێکی کوبانی شەهیدبووە.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 121

## هندی دەهام شێخ ناسراو بە تەڤگەر بەرخۆدان

http://www.kurdipedia.org/?q=20141023114905117050

لەدایکبووی کۆبانێ و 20 تشرینی یەکەم شەهیدبووە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | یەکینەکانی پاراستنی گەلYPG - |
| رەگەزی کەس: | ♂پیاوان |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باکوور - بادینی |
| نەتەوە: | کورد |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

بابەتی ژمارە: 122

## هەڵدا محەمەد ناسراو بە (بەرفین کوبانێ)

http://www.kurdipedia.org/?q=20140920155713116230

لە گوندی مۆمانی شاری کوبانی لە دایک بووە. ساڵی 2014 بەشداری ریزەکانی YPJ بووە. رۆژی 18 ی ئەیلولی 2014 لە گوندی مۆمان گیانی لەدەست دا.

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 123

## وەزارەتی پێشمەرگە لەسەر خۆرئاوای کوردستان راگەیێندراوێک بڵاو دەکاتەوە

http://www.kurdipedia.org/?q=20140919211718775470


پەلاماردانی دڕندانەی داعش بۆ سەر کوردانی رۆژئاوا هێرشی داعشی تیرۆرستی جیهانی بۆسەر کوردانی برامان لە کوبانێی رۆژئاوای کوردستان مەترسیەکی ترە بۆ سەر گەلی کوردستان بە گشتی، بۆیە ئەرکی سەرشانی هەموو لایەکمانە، پشتیوانی و هاوکاریان بکەین بەهەر شیوەیەک پێویست بکات و لە تواناماندا بێت، ئێمە وەکو وەزارەتی پێشمەرگەی حکومەتی هەرێمی کوردستان سەرەرای ئەو رووبەرووبونەوە فراوانەی لە ئەستۆمانە لە باشوری کوردستان ئامادەین هەرچی لە تواناماندایە لەو پێناوەدا بیکەین و داواش لە ولاتانی هاوپەیمانمان دەکەین هاوکاری پێشکەش بە کوردانی رۆژئاوا بکەن چونکە هەمان دوژمن پەلاماریان دەدات. وەزارەتی پێشمەرگەی حکومەتی هەرێمی کوردستان.
19 \9\2014

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 124

## وەلی یاشار ناسراو بە (جەمیل کەنداڵ)

http://www.kurdipedia.org/?q=20141012101509116979




لە شاری عەنتابی باکووری کوردستان لە دایک بووە، ساڵی 2012 بەشداری کردوە. رۆژی 7 ی تشرینی یەکەمی 2014 لە کوبانێ شەهید بووە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | یەکینەکانی پاراستنی گەلYPG - |
| رەگەزی کەس: | ♂پیاوان |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باکوور - بادینی |
| شارەکان: | ئەنتاب |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | باکووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

بابەتی ژمارە: 125

## ڕزگارکردنی کۆبانی، سەرکەوتنێکی گەورەی مقاوەمەتی جەماوەری وبەرەی ئازادیخوازی!

http://www.kurdipedia.org/?q=2015012813230668665

بەدوای چەندین مانگ لەبەرگری جەماوەری، پاککردنەوەی کۆبانی لە هێزەکانی داعش راگەیەندرا. ئەمە مژدەی سەرکەوتنێکی گەورەی نەک هەر خەڵکی کرێکارو زەحمەتکێش و ژنان و پیاوانی ئازادیخوازی کوردستانی سوریاو ناوچەکەیە، بەڵکو هەنگاوێکی گەورەیە لەراستای خەبات بۆ دەستکۆتاکردنی یەکجاری تەواوی کۆمەڵگای بەشەریە لەچنگی ئیسنان کوژی رەوتی ئیسلامی سیاسی، کەپریاریداوە لەڕیگای تیرۆرو جەنگ و کاولکاری و بازار فرۆشی ژنان و یەخسیرکردنی منالان و ئاوارەکردنی ملیۆنەها ئینسان و داسەپاندنی شەریعەتەوە، باڵێکی هاری بۆرژوازی لەنێو سیستەمی سەرمایەداری و قەیرانێکدا کەدەرگیریەتی، بەدەسەڵات بگەیەنێ.
ئەوەی لەم سەرکەوتن و هەنگاوەدا بەپلەی یەکەم بەرجەستەیە، بەتاڵکردنەوەی ئەفسانەی ئەمریکاو ماشینە میلیتاریستەکەیەتی کەلەلایەن ژورنالیزمی نوکەری سەر بەدەوڵەتانی سەرمایەداریەوە، وەک "فریشتەی نەجات"، بانگەشەی بۆدەکرا، گوایە دونیا بەبێ ئەمریکاو ئیمکاناتە سەربازیەکانی ناتوانی لەبەرامبەر داعش و ڕەوتی ئیسلامی سیاسی و تیرورو تاوانەکانیدا خۆی راگرێ. بەڵام کۆبانی سەلماندی کەئەم هەمو پروپاگەندە پروپوچە، شتێکی تر نەبوو جگە لەوەی کەخەڵکی کرێکارو زەحمەتکێش، چاولەبەرو دەستەوئەژن ۆ بەدیار سیاسەتەکانی ئەمریکاو دەوڵەتەنی ڕۆژئاواوە، ڕاوەستن و ژیانی ئاوارەیی و دەربەدەری و سەرپەراندن و کاولکاری و خۆینریژی بۆ جەندین ساڵی تر تەحەمول بکەن، تا ئەمریکاو هاوپەیمانانی لەبەرانبەر ڕوسیاو چین و ئیران و هیزە نەیارە ناوچەییەکانیاندا، سەرکەون و ڕۆژهەلاتی ناوەراست بەپیی قازانج و بەرژەوەندیەکانی بازاری سەرمایەیان سازدەدەنەوە .
لەسەرێکی ترەوە ڕزگارکردنی کوبانی زەربەیەکی بەکردەوەیە لەتەواوی ئەو سیاسەت و هەڵویستانەی کەحزبە بۆرژوا ناسیونالیستەکانی کورد، لەپێشیانەوە بارزانی و حزبەکەی، لەدەورەی سەرهەڵدانی داعشدا، تائەمرۆ بەرامبەر بە خەڵکی کوردستان لەسوریاو عێراق گرتیانەبەر. سیاسەت و هەڵویستێک کەسەرەتا هاتنی داعشی بە"فرسەتێکی زێرین بۆ کورد' لێکدایەوە و هەوڵیدا پەکخستنی مقاوەمەتی کۆبانی وەک دیاریەک پێشکەش بەعەرشی ئۆردوگان بکات، تا تۆری راکێشانی بۆری نەوت و بازرگانی کالا و هاتنی سەرمایە لق وپۆپی زیاتر لەسەر حسابی بەتالانبردنی ڕەنج و ماندوبونی کریکاران و زەحمەتکێشانی کوردستان دەرکات. لەراستیدا بەرزانی و دەسەڵاتەکەی

لەناخەوە ناتوانن دڵخۆشبن بەسەرکەوتنی کۆبانی، چونکە ئەوە هەرئەوان بوون کەلەسەرەتاوە بەسیاسەتی خەندەق لێدان و گەمارۆدانی خەڵکی سوریا و دژایەتی کردنی کانتۆنەکان، بەدوای بەکردەوە دەرهێنانی سیاسەت و ئامانجەکانی تورکایەوە بوون. تەنانەت ئەوە هەر بەرزانی بوو کەبۆ وەدەرنانی مالیکی و وەرگرتنی ئیمتیازات لەحکومەتەکەی عەبادیدا، دەستی خستە نێو دەستی ڕەوتەکانی ناسیونالیزمی عەرەبی و سوننەکانەوە و ژێربەژێر لەراکێشانی هێزەکانی داعشدا بۆسەر موسڵ ڕۆڵی گێرا، دواتریش کەپەلامارەکانی داعش ڕووی لەکوردستان کرد، بەبەهانەی ئەوەی "پێشمەرگە چەکی کارای لەدەستدا نییە"، کەوتە جەنگێکی ناشێلگیرانەوە، رووداوەکانی "گوێر" بەدوای سەرەوژێر بوونەوەی چەک و تەقەمنی و کۆمەکە سەربازیەکانی دەیان دەوڵەتانی دونیا، بەڵگەن بۆئەوەی کەبارزانی لەشەڕی دژ بەداعشدا نەک هەر پەیگیر نەبوە و نییە، بەڵکو ئامادەشە ژێربەژێر لەگەڵیدا بکەوێتە بازرگانیەوە .

ڕزگار کردنی کۆبانی، سەلماندنی ئەو حەقیقەتەیە کەهەرکات هێزی جەماوەری ئازادیخوازی لەژنان و پیاوان، پەی بەبەرژەوەندیە چینایەتیەکانی خۆیان بەرن و یەکگرتوانە لەڕیزێکی سەربەخۆی سیاسی و شۆرشگێرانەدا و بەدوور لە ئاسۆو سیاسەتی باڵەکانی بۆرژوازیدا ڕاوەستن، دەتوانن نەک هەر دڕندەترین و پرچەکترین هێز بەچۆکدا بدەن، بەڵکو داهاتوی ژیانی خۆیان و نەوەکانی داهاتووش بۆ بەدەستهێنانی کۆمەڵگای ئازادو یەکسان لەدەست بگرن. بەڵام هەروەک چۆن کۆبانی لەمیحنەتی جەنگ و پەلامارەکانی داعشدا تەنها نەبوو، وەلەلایەن بەرەی ئازادیخوازی جیهانەوە پشتیوانی و هاوپشتی فراوانی لێکرا، ئاوەهاش ئەم سەرکەوتنە دەستکەوتێکی بەنرخی بەرەی ئازادیخوازی جیهانە .

حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری کوردستان ویرای ئەوەی پیرۆزبایی خۆی لە سەرکەوتنی ژنان و پیاوانی بەرگریکاری کۆبانی و ئازادیخوازان لەسەراسەری جیهاندا رادەگەیێنێ، هاوکات بەهەنگاوێکی گەورە لەخەبات بۆ کۆتایی هینان بەداعش و رەوتی کۆنەپەرستی ئیسلامی سیاسی لەناوچەکەدا دەیناسێنێ.

حزبی کۆمۆنستی کرێکاری کوردستان
27-01-2015

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان
شارەکان: کۆبانی
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:


---

بابەتی ژمارە: 126

**ڤیان کۆبانی**

http://www.kurdipedia.org/?q=20140728115217715

...



تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| ڕەگەزی کەس: | ♀خانمان |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باکوور - بادینی |
| شارەکان: | کۆبانی |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | ڕۆژئاوای کوردستان |
| کویک ڕیسپۆنس کۆد: | |

بابەتی ژمارە: 127

## کاوە قادر

http://www.kurdipedia.org/?q=20141206234033118211



هونەرمەند (کاوە قادر)لەبواری شانۆ/دراما/سینەما ‌‌کاردەکات،لەساڵی 1983 بۆیەکەم جار لە سەرتەختەی شانۆ دەستی بەکاری هونەری کردووە (شانۆگەری وێرانە)لەنووسینی ؛ یوسف العانی و وەرگێرانی ؛ڕەئووف حەسەن ودەرهێنانی ؛زاهیرمەحموود بوو ئەمە یەکەم دەسپێک بوو بۆئەو پاش داپران ودوورکەوتنەوە بەهۆی بارووودۆخی ئەوسەردەمەو گیرانی لەبەندیخانەی ڕژێمی سەدام لەدوای ڕاپەڕینی 1991دەستی کردۆتەوە بەکاری هونەری لەوانە شانۆگەری (مەملەکەتی نامۆبوون) لەدەرهێنانی دلاوەر قەرەداغی، شانۆگەری(نینا) لەدەرهێنانی هونەرمەندی کۆچکردوو نەوزاد ئەحمەد،شانۆگەری (دووژمنان) لەدەرهێنانی سیروان محەمەد،شانۆگەری (بڕیار)لەدەرهێنانی جەبارمحەمەد.. هەرلەو ماوەیەدالەڕێکخراوێکی خێرخوازی بیان کاردەکات وبرەو بەخۆی دەدات لەزمانی ئینگلیزی وپاشان بۆیەکەمین جارلەساڵی 1999 ئەچێتە بەردەم کامێراو بەشداردەبێت لەزنجیرە درامای (خۆرنەوازان1999/2000، ڕەشەی پۆلیس 2003، حەسەن ئەفەندی2004،جومعە2005، گوڵەبێ ڕۆژەکان 2006)کەلەدەرهێنانی هونەرمەندی کۆچکردوو حسێن میسری بوون، هەرلەنێوان ئەوساڵا نەدا بۆیەکەمین جاربەشداری دەکات لە فیلمی درێژی کورد ی(نالی)لەدەرهێنانی هونەرمەند ئازادی حەمە بچکۆل،پاشان بەشداری دەکات لە فیلمی درێژی کوردی(لەچاوەڕوانی هیوا)لەدەرهێنانی سەعید کاکەیی ئەم فیلمە لەنێوان کوردستان و ووڵاتی (کەنەدا)بەرهەم هێنرا،فیلمی درێژی کوردی (ئاگر)لەدەرهێنانی کامەرانی حوسامی دیسانەوەدەست دەکاتەوە بەکاری دراماوبەشداری دەکات لەزنجیرە درامای کۆمێدی (فەتەڵۆس)لەدەرهێنانی هاوڕێ مستەفا،پاشان بەشداردەبێت لە زنجیرە درامای(لەگوڵێک کاڵتر)ودرامای(ڕەیحانە)لەدەرهێنانی لوقمان غەریب، لە نێوان ساڵی 2008 و2009بەشداری دەکات لە شانۆگەری (هاڕون ئەلرەشید)وشانۆگەری(بێم لەوێیت)کە لەدەرهێنانی هونەرمەندی کۆچکردوو حسێن میسری بوون...پاشان دەچێتەوە بەردەم کامێراو بەشدار دەبێت لە فیلمی درێژی کوردی (کوێستانی قەندیل)لەدەرهێنانی هونەرمەندی

کۆچکردوو تەهای کەریمی، لەدواییدا لە ساڵی 2010 بەشداری دەکات لەدرامای کوردی / عەرەبی عیراقی (باڵندەی باشوور)، 2011 درامای (دەربازبوونی ئەستەم)،2013درامای (ڕەباب)...هەرلەو نێوانەدا بەشداری دەکات لەکورتە فیلمی کردی (سپی وڕەش) لەدەرهێنانی دانا کەریم،لەساڵی 2012بەشداری دەکات لە فیلمی درێژی کوردی(هیوا)لەدەرهێنانی سەردارخەلیل ولەم فیلمەدا جگە لە نواندن یاریدەدەری یەکەمی دەرهێنەر بووە... لەساڵی 2013 بەشداری دەکات لە فیلمی درێژی کوردی (گەڕان بەدوای شوناس)لەدەرهێنانی ئاوات عوسمان وئەم فیلمە لەنێوان کوردستان و وواڵتی (بەریتانیا)بەرهەم هێنرا و هەرلەوساڵەدا بەبۆنەی کردنەوەی ئەوفیلمە سەردانی ئەو وواڵتە دەکات و پاشان بەشداردەبێت لە کۆنفرانسی (بیست وپێنج ساڵ لەجینۆسایدوئەنفال)بۆ فیلمی دۆکیمێنتەری لە بەرلینی پایتەختی ئەڵمانیا هەرلە ساڵی 2013بەشداری دەکات لە فیلمی درێژی کوردی /فارسی (ئاشقەکان بەڕێوە ئەمرن)لەدەرهێنانی شەهرامی مەسلەخی ئەم فیلمە بەشداربووە لە فێستیڤاڵی فەجری ئێرانی، پاشان لەساڵی 2014بەکاری هونەری وەک بەڕێوبەری بەرهەم بەشداری دەکات لەکورتە فیلمی (یەکەمین چیرۆک)لەدەرهێنانی دانا کەریم وهەرلەوساڵەدا بەشداری دەکات لەزنجیرە درامای (چپەی ڕابردوو)لە دەرهێنانی محەمەد گومەڕ....

هونەرمەند لەچەندین کاری دۆبلاژدا بەشداری کردووە

لەساڵی 2009 دەچێتە وواڵتی سوریا و لەخولی ۆرک شۆپ بۆ دەرهێنان و سیناریۆ نووسین بەشداری دەکات لە ئینستیوتی ئەکادیمیای سووری

لە 2014 بەشداری دەکات لەدیداری کورتە فیلم لەوواڵتی سوید لەشاری یۆتۆبۆری کە ئەم دیدارە لە نێوان بەڕێوبەرێتی سینەمای سلێمانی /کۆمەڵەی هونەرە جوانەکانی کورد یۆتۆبۆری سازکراو داهاتەکەی کۆکرایەوە بۆ ئاوارەکانی کۆبانی

ئێستا لەشاری سلێمانی دەژی و لە بەڕێوبەرایەتی سینەمای سلێمانی کارمەندە

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری کەس: شانۆکار

ڕەگەزی کەس: ♂پیاوان

زمان - شێوەزار: کرمانجیی باشوور - سۆرانی

شارەکان: سلێمانی

نەتەوە: کورد

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 128

## کچە شەڕڤانێکی رۆژئاوا و پێشمەرگەیەکی باشوور لە کۆبانی

http://www.kurdipedia.org/?q=20141104103158778710



...

تایبەتمەندییەکانی بابەت


| | |
|---|---|
| شارەکان: | کۆبانی |
| وڵات: | رۆژئاوای کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 129

## کوبانێ

http://www.kurdipedia.org/?q=20140712171853769 79



کۆبانی یان کۆبانێ (بە عەرەبی دەوڵەتی: عین العرب (کانی عەرەبان) باژێرێکی کوردنشینە لە رۆژئاوای کوردستان لە دیوی چەپی ئاوی فورات، لە سەر تخووبی نێوان سوریا-تورکیا، هاوسێی شارو دەشتی فرەوانی (سرووج)ـی ئورفایە.
لە رووی ئیداریەوە ناحیەکە سەر بە پارێزگای حەلەبە و سەد وپەنجا کیلۆمەتر لێی دوورە. گوزەرانی زۆرینەی خەلکی کۆبانێ لە سەر چاندن و کشتکاریە. دانیشتووانی کۆبانێ و گوندەکانی سەرجەمیان کوردن. کەمینەیەکی عەرەبیش هەن. پێشتر چەند ماڵە ئەرمەنی لێ بوو کە دواتر بەرەو حەلەب و ئەرمەنستان کۆچان. پێکهاتەی کوردان پێکهاتەیەکی عەشایەری وەرزێریە بریتیە لە دوو هۆزی گەورە: "بەرازی" و "کێتکان" کە بۆ چەندان هۆزو تیرەی بچووکتر دابەش دەبن.
ناوی کۆبانی بە بۆچوونی خەلکەکەی لە ووشەی کۆمپانی یەوە هاتووە چونکە لە سالانی 1910 تا 1920 ئۆفیسی کۆمپانیایەکی ئەڵمانیی لێبوو کە پرۆژەی هێڵی ئاسنینی شەمەندەفەر (بەرلین- بەغدا) ی جێبەجێ دەکرد دەووبەری ئۆفیسەکە بە کرێکاری کۆمپانیاکە و خێزانەکانیان ئاوەدان بوویەوە کە زۆرینەیان کوردی هەرێمەکە بوون، دواتر ناوەکە بە شێوەی کۆبانی مایەوە .

دەوڵەتی عەرەبی سوریا ناوەکەی دواتر گۆری بۆ (عین العرب) بە واتای کانیی عەرەبان وەک زۆربەی ناوی گوندە کوردنشینەکان وەک سیاسەتێکی شۆفینیانەی پەیرەوکراو بۆ داپڵۆسینی بوونی کورد و پێدانی پاشخانێکی عەرەبی بە جوغرافیای سووریا.
رووبەری کۆبانێ (3000،23) کیلۆمەتر دووجایە و دانیشتووانەکەی بە گوێرەی سەرژمێری ساڵی 2000 نزیکەی 204 هەزار کەس بوون .
لە رووی خاکەوە خاکی کۆبانی بەشێکە سەر بە دەشتی سرووجی رەها (ئورفا) 30 کیلۆمەتر لە رۆژئاوای ئاوی فوراتە و 100 کیلۆمەتر لە ئورفاوە و 150 کیلۆمەتر لە ناوەندی پارێزگای حەلەبەوە دوورە. لە باکوور: سنووری تورکیایەو

لە باشوور: سنووری پارێزگای (الرقە) یە لە رۆهەڵات: هاوسنوورە لەگەڵ گرێسپی (تەل ئەبیەد) لە رۆئاوا: هاوتخووبە لەگەڵ جەرابلس (کەناری فورات) و مەنبەج. زۆرینەی خاکەکەی دەشتاییەکی راستە. زوورگی کەمە بەرزاییەکانی بریتین لە: چیای مشتەنوور (600مەتر) و چیای قەرەبەکر و خان مەحموود و چیای رەش. خاکەکەی کشتوکاڵیەو بە پیتە بەرووبوومی زۆری هەیەو هەندێکی رەوانەی دەرەوەی سووریا دەکرێت. کۆبانێ لە چوار ناحیە پێکهاتووە: ناوەند (دانیشتووان:81،424کەس)، شێخلەر (شیوخ تەحتانی 43،861 کەس)، سەڕین (69،931کەس) و جەلەبێ.(1) گرنگترین گوندەکانی بریتین لە: هەلینج، تەلعەجیب، تەلخەزال، بۆزیک، خانمەمەد، سخور، قلحەدید، قنێ، قوملیخ، گرک، شەران و شێرانێ.
ئابووری دەڤەرەکە زیاتر کشتوکالیەو گوندەکانی کە نزیکەی 320 گوندن هەر کای چاندن و جوتیاریی دەکەن. گرنگترین بەرهەمەکانیان بریتین لە:
پەمۆ(قوتن)، گەنم، نیسک، نۆک، باینجان، جۆ، گارس (هەرزن)، کونجی، کەمون (بەهارات) و شووتی و گندۆر. هەروەها ل زۆر شوێن فستق و میوەی قەیسی و ترێ و هەنجیر و هەنار بەرهەم دەهێنرێت.
دانیشتووانی کۆبانێ و گوندەکانی زۆربەیان کوردن، بە کورمانجی دەئاخڤن، جلوبەرگی ژنانیان پێکهاتووە لە کراس و قەفتان و بەروانک و سوخمەو عەبا. سەریان بە هەوری و شارو کۆم و کۆفی دەپۆشن. پیاوەکانیش جلوبەرگی عەرەبان دەپۆشن بە حوکمی هاوسێیەتی و دژواری ناوچەکە: کە بریتیە لە کراس و کۆفیەو عەقاڵ. بەلام شاڵ و شەپکی کوردەواریش لەبەر دەکرێت.
کلتووری کۆبانی نزیکە لە کوردانی ئورفا (رەها) بە حوکمی ئەوەی لە یەک پێکهاتەی کلتووری و خێلەکین. نەریتی کوردەواری لە ناو خەڵکەکەدا زاڵە چ موسڵمان بن و چ ئێزیدی. عەشیرەتی گەورەی "بەرازی" و عەشیرەتی "کێتکان" زۆرینەی دانیشتووان پێک دەهێنن. لە دەورانی دوامینی عوسمانی "بۆزانبەگ" سەرناسی ناوداری عەشیرەتی بەرازی بوو. لە هۆزی "کێتکان"یش ئەوسا "بەسراوی ئاغا" دەناسرا.
بۆزانبەگ نوێنەری روها بوو لە "مەجلیسی میللی مەزنی" ئەنقەرە. کورە برایەکەی هرچۆ (شاهین شاهین) لە ساڵانی 1950 نوینەری پەرلەمانی سووریا بوو لە دیمەشق. هرچۆ لە دامەزرێنەرانی کۆمەڵەی خۆیبوون بوو. رێبەری نەقشبەندی لە کۆبانێ ناوی شێخ ساڵح بوو کە لە بنەڕەتدا خەڵکی ئامووداً بوو. هونەرمەند و رۆشنبیرو دەنگبێژ و سازبەندی کۆبانێ زۆرن وەک: مشۆیێ بەکەبوورێ، باقی خدۆ، رەشید سۆفی، مچۆ کەندەش، ئەحمەد چەپ، کاردۆخ بەیرۆ، سیامەند ئۆسکوللی هەروەها پۆلات جان و جاندۆست لە رۆشنبیرانی ئەو دەڤەرەن. لە سیاسەتمەدارانی کۆبانیش ساڵح موسلیم سەرۆکی پارتی (پەیەدە) هەرە ناسراوەکانی کۆبانێیە.
دیارترین هۆز لە کۆبانی و هەرێمی باشووری ئورفا "بەرازی" یە کە لە مێژووی کوردان دا رۆڵی دیاریان هەبووە. لە ناو بەرازی عەشیرەتی تر هەن کە کاتی خۆی سەر بە کۆنفدراسیۆنی خێلەکی بەرازی بوون، شاهین بەگ ناوێک لە بەرەبابی بەگزادەی میران (بەگلەر) سەرۆکایەتی دەکرد. هۆزەکانی تر بریتین لە:
"میران(Mîran) "، "کێتکان(Kêtikan)"، "شێخان(Şêxan) "، "ئۆخیان(Oxî) "، "زروار(Zirwar) "، "ئەلێدینان(İlêdînî) "، "شەدادی"، "مەعاف"، "دنان"، قەرەبەرکیران، "پیژیان" و "بێسکان" و زۆری تر.
ئامادەکردنی: کامەران جەمال
سەرچاوە: ویکیپیدیا

تایبەتمەندییەکانی بابەت
جۆری شوێن / شوێنەوار: شارۆچکە
زمان - شێوەزار: کرمانجیی باکوور - بادینی
وڵات: ڕۆژئاوای کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 130

**کۆبانێ دوای ئازادکردنی**

http://www.kurdipedia.org/?q=20150201105859698 15



...

تایبەتمەندییەکانی بابەت
شارەکان: کۆبانی
وڵات: ڕۆژئاوای کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 131

**کۆبانێ دوای سێ مانگ؛ خەندان، ئامارێکی تایبەت بە بەرخودانی کۆبانێ بڵاودەکاتەوە**

http://www.kurdipedia.org/?q=20141214134028782 13

سۆران کەریم
